تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

نۆرخانی غالب

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نەمریی لە ئەدەبدا

ئاوێنەی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر

سوید 1998

ئۆرخانی غالب

نەمری لە ئەدەبدا

ئاوێنەی ژیانو بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر

سوید ١٩٩٨

تۆخڵتی غالب

نەسری لەئەدەبدا

چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٨

ISBN 91- 973354- 6- 0

چاپی دووەم

سلێمانی

تیراژ: ٦٠٠ دانە

چاپخانەو ئۆفسێتی ئازاد

ناومرۆك

• پێشەكی..
• چەند وشەیەكی پێویست.......................................
• نالی..
• حاجی قادری كۆیی..
• لەیادی سەدەمین ساڵرۆژی كۆچی دوایی
حاجی قادری كۆیی...................... ١٨١٦ -١٨٧٩
• پیرەمێرد........... ١٨٦٧ -١٩٥٠
• مەلای گەورەی كۆیە.................. ١٨٧٢ -١٩٤٣
• زێوەر.. ١٨٧٥ -١٩٤٨
• موفتی پێنجوێنی............................... ١٨٨١ -١٩٥٢
• ئەسیری...١٨٩٠ -١٩٦٣
• مەلا ئەسعەدی مەحوی.................... ١٨٩٨ -١٩٧٦
• قانیع...١٨٩٨ -١٩٦٥
• حەقیقی...................................... ١٩٠٢ -١٩٩٧
• بێكەس.. ١٩٠٥ -١٩٤٨
• بەختیار زێوەر.............................. ١٩٠٨ -١٩٥٢
• شیعری بارزان...
• مەمەند ئاغای فانی........................ ١٩١٠ -١٩٧٣
• شێخ لەتیفی حەفید.......................... ١٩١٧ -١٩٧٢
• هەژار كوردستانی............................ ١٩٢٠ -١٩٩١

- کۆچی دوایی مام هەژار..............................
- شیعرو شاعیر..
- هەڵگێڕانەوەی توێژاڵێك لە واتاكانی شیعرو شاعیر...........
- سەرچاوەكان...
- ژیننامەی ئەو شاعیرو ئەدیبو نووسەرانەی لێرەدا یادیان كراوەتەوە

پێشکەشە بە:

مرۆڤی کورد

ئۆرخانی غالب

یەك دوو وشەی پێویست

خوشك‌و برایانی هاوزمانم، خوێنەرەوەی بەنرخ‌و هێژاو دەلالی کورد:

یەکێك لەو هۆیانەی سەری ئێمە بەرزبکاتەوە ئەوەیە کە خوای پڕ بەخشش کۆمەڵێك پیاوی بەوەفاو خزمەتگوزاری پێ بەخشیوین، ئەگەر رووماں بێ لەناو گەلانی خواپێداو و پێگەیوەکان‌و خواناس بۆ کردووەکانی جیهاندا خۆمان دەرخەین هەر لە سایەو پەنای بەهرەو لێهاتوویی ئەم زاتانەوەیە کە گەنجینەیەکی گران بەهایان بۆ بەجێ هێشتووین.

سورشتیە ئێمە بەسەربەستی خولقاوین‌و رەخساوین‌و هەر دەبێ ئازایی‌و ئازادی‌و گەردن کێلی بژین‌و بدوێین. لەکاری سوود خۆ بوار دەین ناهەقی دەکەین کە ناشێ‌و نابێ راستی لەکەس وەشێرین تا لەچ لاوە لۆمەو سەرزەنشت نەکرێین.

ئەز بە پێی دەستەڵات‌و بەگوێرەی سنووری توانینی خۆم بۆ ئەوەی ویژدانی خۆم ئاسوودە بکەم، وەك کوردێکی هەست کردوو بەدەردو ئازارو ژانی ژێردەستەیی‌و چەوساندنەوەی نەتەوەیی‌و هەمیشە ماف پێشێل کراوو حاشا لێکراوو دڵشکاو لەلایەن گزیکارانی داگیرکەرو زاڵم‌و مونافیق‌و درۆزنی ئیستیعمار "ئەگەر عەرەب یان تورك یاخود فارس" بوون لەکەس شاراوە نیە، زمان‌و گەلچەرو فەرهەنگو دابو نەریتی رەسەنی هەزاران ساڵەی ولاتی کوردەواریمان لەلایەن ئەو داگیرکەرو کورد کوژانەوە قەدەغەیە، تاوانە بخوێنین‌و بنووسین‌و بدوێین‌و بپۆشین‌و ببەخشین..!

سەرباری تا رادەیەك زاڵبوونی ئەو هەوڵ‌و بیری ئیمپریالیزمییە کورد هەرگیز لەهیچ دەورو زەمانێکدا لەژێر سایەی فەرمان‌و قەڵەمڕەوی ئەو نەتەوە زاڵ‌و چەوسێنەرو برا هاودینانە! نەیوێراوە قورئان کە گەورەترین‌و پیرۆزترین بەخششی خودایە، بەزمانە خواپێداوە

کوردیەکـەی تەفسـیر بکـاو بنووسـێتەوە، چ جـای باسـی کـوردو کوردستانو دەردو ژانی ژێردەستەییو چەوسانەوەی نەتەوەیی..
بەمێشکی کولو چاوی لێڵو ترسنۆکی خۆیان، بێئەوەی لەگەڵ نەفسی خۆیاندا هەڵوێستی شەرمو حەیا بکەن پێیان وایە فەرمان تەنیاو تەنیا لـە لوولـەی تفەنگـەوە دەردەچـێو تـیرۆرو توندوتیـژیو هـەرا نانـەوە کۆتایی بە هەموو شتێك دێنێو مەرامی پیسیان دێتە دی.!....
خوا فەرموویەتی: "لەرادەبەدەر ناخەینە سەر کەس".
لەرووپەڕی ئەم چەند پەلکانەدا چەند شاعیرێکی دڵسۆزو هەڵکەوتوو لە گەڵ چەند باسو خواسێکی دیکەتان دەخەمە بەردەست کە هەمیشە رۆژانـی ژیـانی خۆیـان بـۆ پاراسـتنی بـەرژەوەندی کۆمـەڵو ئـازادی نیشتمانو سەربڵندی میللەتەکەمان تەرخان کردبوو.
بیرو هۆشو هەستی پاکی ئەم شاعیرانە لەناخەوە منیان هەژاند کە دوو قسەو نیو بخەمە بەر نیگای چاوی خوێنەرانی ئازیزو ئەدەب دۆستان، بە قەولی کـورد: "دیـاری شـوانکارە شـنگە یـا ئاڵەکۆکـە". ئەگـەر ئـەم وەفادارییە قـەرزێك بـێ بـە ئەسـتۆی هـەموو خـاوەن قەڵـەمو هۆشـیارو رووناکبیرێکی کوردەوە ئەوا وەك خوێنـەوارێکی کورد بـەو شـەپۆلی ئەو قەرزە کەوتوومەو دەخوازم توانیبێتم کەمێك ئەو قەرزەم داشکاندبێتەوەو لەپاڵ ئەم باری سەرنجەو لـەم بۆچوونـەمدا خزمـەتێکی گچکەو بە کەڵکم کردبێو کەمێك پێویستی سەرشـانم بەجێ هێنابێ. لەناخـەوە دەرگـای سـینەم لەسـەر گـازی پشـتە بـۆ وەرگـتنـی رەخنـەو بـیرورِاو بۆچوونـی دۆستانەو برایانە، ئەمە مانای ئەوە نییە بێ فیزی خۆم پیشـان ئەدەم، نـەخێر.. بـەڵکو نووسـراوەکەم لـە هەڵـەو پەڵـەو ناتـەواوی بەدەرنییـەو پێویستم بە ئامۆژگاریو تیشك خستنە سەر لایەنە چاكو ناچاکەکانی هەیە.
لەکاتێکدا ئەمە دەڵێم کەس لەخۆوە دەرگـای مـاڵی خـەڵکی نەلەقێنێ، پێویست وایە، یان ئەدەبیانەتر وایە: بێ لە دەرگادان کەس سەر بەماڵی

کەسێکی دیکەدا نەکات، ئەمە بەگشتیو لەسەر ئاستی رەخنەگرتن لە روانگەی کاری ئەدەبیدا تایبەت. جگە لەوەش ئەو نوسەرو ئەدیبو رۆشنبیرانەی کە بەرهەمیان بڵاو دەکەنەوە بێگومان دەمو دەست چاوەڕوانی سەرهەڵدانی رەخنەی مەوزوعی عیلمی راستەقینەی بێ گرێو گۆڵو هەڵوێستی پێنووسی دەروون بێگەردن. دیارە ئەوانە شت بۆ جەماوەر دەنووسنو هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نین کە شت هەر بۆ خۆیان بنووسنو بڵاوبکەنەوە، بەڵکو دەیانەوێ بەدیوی راستەقینەدا جەماوەر لە رێبازی راستیو رۆشنبیریو هونەری وریایی خۆیان بەئاگابێن.

هەوڵدان لە پێناوی هەرچ نیازو مەبەستێکی پیرۆز با زۆر بچوکیش بێ مرۆڤ خەنیو گەورە دەکات، تۆش تەنیاو تەنیا بە خزمەتکردن دەتوانی جەوهەرو هونەری خۆت دەرخەیو پلەوپایەی خۆت سەرخەیو گەورەییو چەلەنگیو ئەمری بۆ خۆت بستێنی.

دەسا نووسەرانو بەهونەران، خوێنەرانی رووناکبیری ئازاو کارامەو قەڵەم رەوان، تکاتان لێدەکەم کە ئەگەر ئەم وتارانەم لەلاتان بێ خێرو لە زارتان بێتامو تاڵو تفتو کاڵ بوون چەندی بۆتان دەلوێ بەنیازی پاکیو وریایی چەوتو لارییم بۆ راست کەنەوەو ناشیرینیو ناشیاویم بۆ هەڵگرنەوەو بمخەنە سەر راستە شەقام. بە هێمنانەو لەسەرخۆ راستی رادەی هەڵەو پەڵەو پێزی کارەکەمم پێ بڵێنو قۆرتو کەنداڵو خواریم بۆ پڕبکەنەوەو بە پارچەیەکی شۆختر بۆم پینە بکەنو کوڕانە فریاوم کەون. تا ئەم رێگەی بە قەولی مامۆستا هەژار (١٩٢٠- ١٩٩١) بۆ "زیندوو راگرتنی مردووە باشەکانمان" گرتوومەو شانم وەبەر ناوە بیکەمە رێبەری خۆمو لێی لانەدەمو مێشکو ئاوەزو و بیری خۆمیان پێ بسپێرم، یان چیتر باسی خاوەن ناوانو وێژەوانانو هۆزانان لەبەر باشەنو کەو نەکەم.

دەستو باهۆ هەڵێنن، بەڵام رەنجم بێوەرو کارم گەند نەکەن، وەك برینبڕ ئازارم نەدەن. هیواخوازم لەبەر تیشکی رووناکی ئەدەبو فەرهەنگو زمان

که بەشێکی هەرە گرنگو مێژای هەر گەلو نەتەوەیەکە لە رەوتی شارستانەتی مرۆڤایەتی لە جیهاندا بدرێتە بەرباسو رەخنەو توژینەوەو وردبوونەوە. جا هەر خوێنەرێك یان هەر کەسێك بە چاوێکی بێلایەنانەو بەرژەوەندی گشتییەوە ئەم چەند رووپەرانە دەخوێنێتەوەو شتێکی لەدەست دی کە کردی شیاوی رێزو سوپاسە.
بە شادیتان دەسپێرم.

ئۆرخانی غالب
ئاب- ئەیلوول/ ١٩٩٥
لەندەن

شاعیری کورد نالی

١٨٠٠- ١٨٥٦

نالی

سوپاسو قەدرو حورمەت بۆ ئەو کوردە تێکۆشەرو هەڵکەوتوانە کە بە زمانە شیرینو خواپێداوەکەی خۆیان نووسیوە، بەرهەمی باشو نایابیان بۆ بەجێ هێشتووین کە بەلافاو بورکانی غەزەبی رقو تورەیی کوردخۆران هەرەسی نەهێناوەو ئەگەر عەرەب یان تورك وەیا فارس بووە. منو تۆو گشتمان ئێستا لەسای نووسینەکانی پێشینمان خێوی زمانو ئەدەبیاتی کوردینو بە ئەوپەری شانازییەوە دەنووسین.

خوێنەری هێژا:

خۆت لەمن ساختر دەزانی کە بابەیەکی هەژاری وەك من ئاسایی، ئەو شاعیرە گەورەو گرانە بەناوەی (نالی) پێ ئێژن سەرەدەری لێ ناکەم، بەڵام بەهەرحاڵ بە پێی هێزو برستو دەستەڵاتی خۆم لەم یادەدا چەند دێرو وشەیەك دەربارەی ئەو زاناو بلیمەتە دەنووسمو بەداوای بوردنەوە دەیخەمە بەرچاوی دڵو دیدەی خوێنەوانی هاوزمانم.

مەلا خدری نالی، لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی جوتکارو هەژارو لە خێڵێکی جافی دەشتەکی چەکمەخولو لە گەلێکی خاکەسەرو نەخوێندەواری لادێیی لە گوندی "خاکو خۆڵ" چاوی ژانی هەڵهێناوەو فرزەندی بۆرە پیاوێکی شارەزووری‌یە کە ناوی ئەحمەد شاوەیسی ئالی بەگ بووە، بۆ زێدە فراوانی ئاسۆی بیری "حاکو خۆڵ" ی بەجێ هێشتو چووە قەرەداغو سلێمانی، لەوێ هەندێ خوێندنو نووسین فێر بوو. لەجێی خۆیدایە لێرەدا پێویستە ئەو راستییە بخەمە پێش چاو کە یەکەمین سەرچاوەو یەکەم کەسو ئەدیبێك کە باسی نالی بڵاوکردۆتەوە کتێبی (انجمن ادیبان کورد) ی ئەمین فەیزی ئەمر بووە. مامۆستاو ئەفسەرو ئەدیب. ئەمین فەیزی [1] بە رەحمەت بێ سەرەتا دەچێتە سەرباسی (نالی) و ئەوجا کۆمەڵێك نموونەی هەموو بابەتەکانی شیعری کوردی نالی تۆمار کردووەو بەچەند وشەیەك دەربارەی دواوەو نوسیویە : ". نالی بۆ ئیفای حەج چووتە حیجازو لەوێ دەرحەق حەزرەتی

فەخری رەسوڵ قەسیدەیەکی موکەممەلو موتەوەل نەرزم کردووە، .. چووەتە ئەستەمبوڵو لە ئەسنای سوحبەتا لەگەڵ ئودەباو فوزەلای ئەویّ گەلیّ ئاساری فیکرو فەتانەتی نواندووەو زۆر مەزهەری تەوەجوهـ بووە.."[٢]. ئەو زانیاریو ئاگادارییەی ئەمین فەیزی دەربارەی نالی کە لە (ئەنجومەن) ە کەیدا داوینیّ لەزەت خۆشییەکی ئەوتۆی تێدا نییە کە لەم شوێنەدا باسی بکەین. ئەوەی مایەی سەرنجو رەخنەیە ئەوەیە کە خاوەنی کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) نرخی بە باسەکەی نالی نەداوە، تەنانەت نەیوتووە نالی شیعریشی بە تورکیو فارسیو عەرەبی هەیە، وای نیشان داوە کە نالی هەر بە کوردی شیعری نووسیوە. لەبن دەست ئەمەیشەوە نرخی گەورەیی باسەکەی نالیو کارەکەی ئەمین فەیزی لەوەدایە کە دەڵیّ: "زەکای نالی ئینکار ناکریّ، لاکین ئەوەندەی سەنایعی لەفز ئیستعمال کردووە پیاو رەنگە بڵیّ شیعری ئەو نەتیجەی عیلمو ئیشتیغالە"[٣] بیروڕای ئەدیبو نووسەرەکانمان لەبارەی مێژووی لەدایك بوونو مردنی (نالی) یەوە جۆراو جۆرن، بەگفتی مامۆستای زانا عەلائەدین سوجادی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) دا ژمارەو ساڵی (١٧٩٧- ١٨٥٥ز) ی بە ساڵی لەدایك بوونو نەمانی نالی تۆمار کردووە واتە: دەبیّ نالی (٥٨) ساڵیّ ژیابیّ!.[٤] ئینجا زۆر دڵسۆزانە پێشەکییەکی جوانو نایابی بۆ رازاندۆتەوەو نووسیویەتیو دەڵیّ: "لە ئاسمانی خەیاڵاتدا بازی بیّ پەروا، لە زەویو زاری نوکتەزانیدا سکەیەکی خۆش رەوا، زەوقی بەخاکی پاکی شارەزوور پشکوتو، خۆیشی بە چەشمەزاری پڕ نیگاری کوردستان دڵ تینو!، شەیدا بەدووڕو قسەو باسی بەرزەوە، زانا بە گەوهەری مەعنای مەعنای جۆراو جۆری سەد تەرزەوە.. هەندیّ قسەی رەوانو گەوارا وەکو ئاوی ساف، هەند وتەی رەقو قایم وەکو تەلیسمی قاف، هەندێکی شووشە نەباتێکە پیّ نەڵیّ (جناس) ئەمە بۆ لاف!"[٥].

ئەڤینو دڵداری لەلای نالی:

خۆشەویستی ئافرەت لە گوڵزاری تەڕو پاراوو بۆن خۆشی دیوانی نالی شتێکی پیرۆزو نەمرە، جێگەو شوێنێکی بڵندو دیاری بۆخۆی گرتووە، پایەو مەقامی شیعری دڵداریو غەزەلی نالی ئەوەندە بەرزە، ئەوەندە مەعشووقەکەی خۆش دەویَ رێگەی پێ‌دەدا کە دڵو جگەری پارچە پارچە بکا:

خەنــاویی کردوە پەنجــەی بەخــوێنــاوی دڵــی زارم
ئەمە رەنگی شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم[6]

ئەو دەمەی کە لە قەرەداغ بووە نالی پابەندی دڵداریەکی بێ هاوتا بووە، ئاگری عیشقی (حەبیبە) ناوێك وەکو خۆی وتوویەتی " (حەبیبە) ی (ماڵیاوا) مالّی ئاوا!"[7] کە خەڵکی گوندی ماڵیاوە بووە لە نزیك قەرەداغ. لە دڵی بوریانو لەوردە دەمارەکانی گیانی‌دا بەجۆری بڵێسەی سەندەوەو هورووژمی بۆ هێناوە نالی خستۆتە ناو دەریای غەراماتەوەو سەرچاوەی کانیاوی روونی شیعری تەقاندوەو ئیلهامی زەوقی پێ بەخشیوە. تەنانەت لە ئاسمانی هەندەرانیش‌دا وای لێ کردووە کە لە ژیانی ئاوارە بوونەکەی بۆ حیجازو شامو ئەستەمبوڵ، هەرگیز لەدڵو گیانی بۆ ماوەی ساتێك لە بیرو یادو خەیالاتی‌دا نەچۆتەوە.. سۆزو خۆشەویستی‌و وەفاداری خۆی بەرامبەر بە (حەبیبە) ی دڵخوازی دلبەری لە شیعرەکانی‌دا بەجێ هێناوە.

لەباغچەی شنەی باو سروەی نەسیمی فێنكو رۆشنی بەربەیاندا، لە لالەزاری پڕ نەرمەگیای بەهارستانی ئەدەبیاتی بەهێزی دیوانی نالی‌دا چەپکێك شاگوڵی جوان گوڵبژێر دەکەین. فەرموون لەگەڵ من تێکستی غەزەلی (نەمردن) ەکەی کە لە وڵاتی غەریبنەوازی بۆ (حەبیبە) ی شۆخی نازداری نووسیووە بخوێننەوە کە تیایدا چۆن دڵی ژیلەمۆی گوڵی گریانی هەڵستاوەو چۆن خوێنناوو زوخاوی بەهۆی دووری لەیارەوە

چەشتووە، وێڕای ئەمانەش خۆش خزمەتی لە مردن بە ئاوات خواستووە:

ئەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
ئەچم، شەرت بێ، هەتا ئەمخوارە بێ تۆ
دەروونم خاڵییە، وەك نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ!
بینایيم کوێرە هەڵنایێ بەرووی کەس
موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بێ تۆ
هەموو ئەعضایی ناڵینم دەناڵێ
سەراپام میثلی مۆسیقارە بێ تۆ
قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ
لەکن تۆ خارو خەس گوڵزارە بێ من
لەکن من خەرمەنی گوڵ،خارە بێ تۆ
لەکن من با وجوودی ناسرو ئەجناس
کەسی تێدا نیە ئەم شارە بێ‌تۆ
هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بە موو ئەغیارە بێ تۆ
هەموو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ
لەحەسرەت سەرووی قەددت چاوی "نالی"
دوو جۆگە، بەڵکو دوو ڕووبارە بێ تۆ

بەڵێ نالی لە ستایشی دۆستی هاورازی بۆمان دەرکەوت کە تا چ رادەیەك خەمو خەفەت دەرگای دڵی گرتووە.

کورد دەڵێ "جام کە پڕبوو لێی دەڕژێ" ئەم بە پێچەوانە. هەر بەردەوامە لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی‌و پتر پێ دەنێتە مەیدانی عەشقەوە. ناڵەی شیعری نالی دەنگی شالۆرێکی خۆش ئاوازە لە بەهەشتی دنیای شیعردا، لە دەروونێکی پڕ جۆش‌و خرۆشەوە پڕ بەدەم هاوار دەکاو دەچریکێنێ:

هەر بەرچەم‌و پیشانییە فکری شەو‌و ڕۆژم
هەر گەردەن‌و زوڵفە ئەمەلی دوور‌و درێژم

بەڵگەیەکی تر هەر بۆ ئەم ماناو مەبەستە نالی فەرموویە:

سەر بەردەبازی ڕێتە، تەن تەختەبەندی جێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە. ڕۆح ماڵی خۆتە، بیبە

نالی، لە بازاڕی غەراتمیاتدا کەم کەس توانیویەتی دەستی ئەوی هەبێ، لە پاشان لە باری جێناس‌و وردەکاریدا بە بیرێکی زۆر ورد هاتۆتە دنیای غەرامیەوە‌و تیایدا ئەیبانە ئەسپی خۆی لنگ داوە. خەیاڵی تیژی بە گەڵێ شوێنی ناسکی ئافرەتدا ڕۆیشتووە. پێم وایە هیچ شاعیرێکی کورد بە غەیری شێخ رەزا (١٨٣٧-١٩١٠ز) و عەبدوڵڵا بەگی میسباح ئەلدیوان (١٨٥٩- ١٩١٢ز) لە دەستی نەهاتووە‌و نەیوێراوە وەکو نالی بەبێ ترس‌و بەپێ پەردە لە وەسفی ئەندامی مێینە تاو داتە قەڵەمی یان کەس ئەوەندەی "نالی" بادەی شەرابی ژیانی دڵداری نەنۆشیوە‌و سەرخۆشی ئەو مەیدانە نەبووە.
ئەو شیعرەی بۆ شاعیری نێوداری کورد (مەستورە ١٨٠٤-١٨٤٦) ماه شەرەف خانمی کچی ئەبولحەسەن بەگی ئەردەڵانی هەڵڕشتووە کە دەنووسێ‌و دەڵێ:

ئەم سیرە چییە میثلی شەهابێ، ئەسوابێ!
دورێکە وەکو دوڕی سەمابێ، ئەسمابێ!
وەك خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستوونە بەپابێ
دامێنی بە ئەنواعی گوڵو موڵ خەملابێ
گەنجێکی تێدا بێ کە طەلیسمی ئەشکابێ

نالی پیاوێکی ڕەندو ڕاست بێژو قسە لەڕوو بووە. لەقسەی پڕوپووچو خەرافیاتو پیاوی بێ ناوەڕۆکو دڵ قرپۆکو گەوجو نەفام بێ باك بووە، بە چاوێکی کەم تەماشای سۆفیلکەو مەلای مێزەر لەسەرو جبەی لەبەری دنیا پەرستی کردووەو هەموو لایەنە خراپو گەندو بێ کەڵکەکانی جوداوازی چینایەتیو لەخۆبایی بوونو فێڵبازیو جەردەییو درۆزنیو ڕیاییو نەتەباییو نێو ڕووداوی نالەباری کۆمەڵایەتی دەرخستووە، بەڵام ئەم خۆی لە ئەوەو تاقمی ئەوان جیا کردۆتەوە بە پێچەوانەی سۆفیاتی تەریقەت کە کارو کردەوەو ڕەفتاریان لەسەر بنکەو بناوانو ماناو یەکسانیو هاوبەشایەتی ئەوەستاوە. (تاڵێم گشتی حیلەبازو هیچی بۆ خودا نەبووە).

ئەو شاعیرو زانا شارەزووریە بەراوردی خۆی لەگەڵ سۆفیاندا کردووەو لە مەقامو وەسفی خۆیدا ئەم شیعرە دەڵێ:

"نالی کە ویقاری نییە، بێباکە لە خەڵقی
صۆفی کە سلوکێکی هەیە. عوجبو ڕیایە

لەناو کوردەواریدا ڕیشی پانو قژی درێژ نیشانەو ڕەمزی دەروێشییە، دروشمی ویقارو گەورەییو عیشقی حەقیقەتە. بەڵام نالی لە ڕیشو ئیشی مامە سۆفی گیان گەیشتوە، بۆی دەرکەوتووە، بەرەی سۆفیان چەند حۆققەبازو دەغەلکارو دەست بڕو فڕوفێڵاوییە هەر بۆ

ریاو مەرایی خزمەت دەکات. بەڵام بۆ قازانجی دنیای خۆی! ئەوەتا حەزرەتی نالی سیفاتی چروکیو سوّد رەوشتی خراپی دی هەیە داویەتە پاڵ چینی سەر بەمێزەرو دەستەو تاقمی ئەهلی تەریقەت. بڕوانە لەبارەی سۆفی درو دروزنەوە چی دەڵێو چۆن تالی مووی ریشی دەرویش لەگەڵ رایەخی زبرو رەق دەشوبهێنێو بەراورد دەکات:

ریشەکەی پانو دریّژە، بۆ ریا خزمەت دەکـــــــا
ظاهیرە هەر کەس بە طولو عەرضی ریشیدا ریا

•

مانا دیارو رووکەشیەکەی ئەم شیعرە ئاشکرایە، (ریا) ی نیوە شیعری دێڕی دووەم وادەگەیەنێ: ریشی مام مەلای مێشك تەزیو دەشێ وەکو تێرو شاڵەو جەوالی هەرزن لەسەری بڕین. ریشی پانو قژی بڕۆ نەتاشراوی کرێژاوی پڕ لە ئەسپێ دەهێڵنەوە گوایە تۆبەکارو تاقمی ئەهلی دڵن! بە فەرموودەی کورد. "بزنیش ریشی هەیە" ریشی ما، شێخی کەوا شۆڕو شاڵ بەسەرو کۆلکە مەلای مێزەر زل هەر ریشی ما، بزنەو هی ویقارو گەورەیی نییە حاشا. ئەمە لەراستییەوە دوورە مەبەستیان لە فریودانو هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی ساویلکەو بێ سەوادو هاندانیان بۆ سەر ریّگای چەوتو ئاژاوەگێڕیو شەڕو شۆڕ دروست کردنو دوورخستنەوەیان لەبیری کوردایەتیو لەبەرژەوەندی گەلو نیشتمان بووە.

بەم چەشنە چینەکانی خەڵکو جەماوەر لەباوەڕو ویژەو فەرهەنگو ئاکارو رچەی نەتەوایەتی خۆیان بێوەری بکەنو بیانکەنە دیلو کۆیلەی خۆیان تا هەویا ئامانجەکانیان کە بریتییە لەکاری تووش دژوارو نالەبارو لەناو گەلو کۆمەڵدا بڵاو بکەنەوەو کلتوورو مێژووی ژیانو رێو رەوشتی ئەوان لەبەین بەرن کە ئەمانە پیسترین میکرۆبو ژەهری زالویەکەن لەناو خوێنی پاکی گەلو وڵاتەکەماندا.

شانازیو فەخری نالی وەکو شاعیرێك بە خۆی لەزۆر دێـرە شـیعریدا نیشـانەیەکی زەقـی کـەم هاوتـای ئاشـکرای پێـوە دیـارە. نـالی خـۆی دەگەیەنێتـە پلەو پۆپەیـەك لـە شـیعردا کـە لـە مـەقامی کۆشـكو تـاجو تەختی شادابێ. لەم شیعرانەی بەرهەوەیدا کە مەدحی خۆی تێدا کردووە خۆی لەهەموو کەڵە شاعیرانی تر لە بەرزتر دادەنێ، بەڵام کە بۆ هـەندێ لە شاعیرانی فارسو عوسمانلی دێتـە خـوارەوە، ئـەوەند هەیـە ئـەوان دێنێتە ریزی خۆیو کەس لەخۆی گەورەتر دانانێ". (٨)

فەرموون بزانن چۆن لەمەدحو وەسفی خۆی دواوە:

ڤابیطەی طەبعم سوارە، ئیدیعای شاهی هەیە
موحەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا

یان دەنووسێو دەڵێ:
شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی!
کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا!

نالی ئەم وێنەیەی بە جۆرێکی دیکە لە مەدحو وەسفی پایە بڵندێتی شاعیرێتی خۆیدا کێشاوە، شارەزاییو زانایو بلیمەتی خۆی بەیان دەکا، دەری دەخات دەسـتەڵاتو برشـتی شـیعر گوتنـی بەزمانـەکانی کوردیو فارسیو عەرەبی ئەوەندە باڵایە خۆی لەهەموو کەس بە شاعیر تر دادەنێ، بە واتایەکی دی خۆی لەگەڵ زمانەکانی فارسیو عەرەبی لـەدوو تـاکی تـەرازوو دادەنـێ، لـە هەمووشـیاندا بەدەسـتەڵاتو سەرکەوتووە، خۆی لەکەس بەنزمتر دانانێ:

ئیستطاعەو قووەتی طەبعم، بەکوردیو فارسی
عارەبی، ئیظهاری چالاکییو چەسپانی دەکا

نالی خۆی مەلا بووەو مەلای چاکیش بووەو شارەزای کولتووری ئیسلامەو یۆنانی کۆنو رەوانبێژی عەرەبو کەلەپووری ئەدەبی کلاسیکیو فارسیو کوردو عەرەبو گەنجینەی زمانی هەر سیانیان بووە..."[٩] لە شیعرێکی دیدا دیسانەوە هەر لەم رووەوە خۆی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی گەورەییو بلیمەتی کە تەختی سوڵتانیو سەرداریە، بەڵام بەشێوەیەکی چالاکانەتر ئەسپی خۆی لە جیهانی خەیاڵو ژیریو مەیدانی مەبەستەکانی شیعردا تاوداوە.

فارسو کوردو عەرەب هەر سێم بەدەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە!

نالی لە شیعرەکانی خۆی رازییە، لافی لەخۆباییبوونیشی لێ نەداوە چونکە دەزانێ شاعیرو تێگەیشتووە. شیعری نالی بیرکردنەوەو ئاسۆ فراوانیەکی یەکجار قووڵ، چاوی غەوەسی ورد بینو ژیرو دانای دەوێ، یان چاکتر بڵێین بەبێ نالی خۆی کەس بەچاکی ناتوانێ لە واتاو تەعبیری شیعرەکانی حاڵی بێ. فەرموون ببینن خۆیشی لەم بارەوە چی نووسیوە:

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕو گەوهەرە ئەمما
غەوواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە

نالی تەمەنی دنیای بۆخێرو خۆشی ئینسان دەوێ، مانای ژیان لای نالی خۆشەویستیو خەباتو رەنجو خزمەتکردنە. چی لەوە خۆشترە پیاو بە قەدەر خدری زیندە بژی بۆ ئەوەی زیاتر لە پێناو سوودو قازانجی بەرزی مرۆڤایەتی تێبکۆشێو چاکە بکات، چی لە بەختیاریو کارکردنو بەرهەم پێشکەش کردنو بنیادنان پیرۆزترە کە بەنی ئادەم

هەولّی بۆ ئەدا. ئەم پارچە شیعرە ئەوە روون ئەکاتەوە کە نالی ئەیەوێ لە خزمەتی گەورەیی ئادەمیزاد کار بکات، ئەو تەمەنەی بەسەری ئەبا لە کەلّەو بەرژەوەندی گشتی خەرجی بکات. نالی هەوڵیای ئەوەندە بەژیان زۆر بووە ئەگەر تەمەنی خدری زیندەیشی بوایە هێشتا بەشی نیازو ئاواتو ئارەزووەکانی ناکات.

هەرچەندە کە عومری خضرو جامی جەمت بوو
چونکە لەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو!

نالی بە بادەنۆشی تەسەوفو حەقایقو نووری خواناسی‌یەوە زاخاوی مێشکی داوەتەوەو زیارەتی مەزارگای بە حەقی موسڵمانانی کردووەو بە گومبەزی بەرزی بارەگای (کعبە) و وەحدەت ناسان ئاشنا بووە.

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا، هەتا کەی حیرصی وێرانە!
لەگەڵ ئەم عیشقبازانە برۆ، ئازانە، بازانە!

پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شامو ماوەی چەند ساڵ لەوێ ژیانی بەسەر بردووە ئەوجا رێی ئەستەمبوڵی گرتووەو لەگەڵ ئەدیبو گەورەپیاوانی ئەوێ تێکەڵیی کردووە کە دەگاتە بارەگای عەبولمەجید خان، جارێکی تر سولتان لەگەڵ خۆی دەیباتەوە بۆ حەجو پێکەوە لەبەرامبەر "مەدینە" لە کەژاوەیەکدا ئەبن، عەبدولمەجید لە کەژاوەکەدا راکشا بوو مەزاری پێغەمبەر (ص) دەرئەکەوێ ئەویش قاچی رووبەرووی مەزاری پاك راکێشا بوو بەلّام نەیزانیبوو کە گەیشتوون. نالی ئەیەوێ تێی بگەیەنێو پرکێشیش ناکا، کوتوپڕ ئەم شیعرەی بۆ ئەڵێتو بۆی ئەخوێنێتەوە:

سقن ترکی ئەدەب بارگامی مصطفی دربو
نظرگامی الهی جلوە گامی کبریا دربو

سوڵتان کە گوێی لەمە ئەبێت قاچی هەڵئەکێشێتەوەو شیعرەکەی نالی زۆر پێ خۆش ئەبێ.[10]
گیانی نیشتمان پەروەریو کوردایەتی کردنی نالی لەناوەرۆکی نەژادی شیعرەکانیدا وەکو رەنگاو رەنگی پەلکە زێڕینە خۆیان دەنوێنن. پاش گەڕانو پشکنین لەچەند سووچو قوژبنێکی دیوانەکەیدا نمونەو بەڵگەی قەڵای سۆزو خۆشەویستی نالی بەرامبەر بە خاکی کوردستانی نیشتمان، بە تایبەتی لەم غەزەلو قەسیدانەدا کۆدەبنەوەو هەستی رەوانی میللی خۆی دەردەبڕێ. "قوربانی تۆزی رێگەتم.." تاقمە مومتازەکەی ئەحمەد پاشا...." "تافەلەك دەوری نەدا.."[11] ئەم دێرە شیعرە ئەوە ئاشکرا دەکات نالی ئەوپەڕی شانازی کردووە بەوەی کە کوردە.

ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم، ئەمما
وەسیلەم طەیبەو حیلمی شەفیعو فەضلی مەننـــانە

لێرە بە پێشەوە گوتمان نالی لە سلێمانی پەرت دەبێو ئاوارەی وڵاتانی هەندەران دەبێ پاش زیارەتی مەرقەدی پیرۆزی پێغەمبەر (ص) و تەواو کردنی حەجەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شام. لەوێ بیر لە چوونەوەی بۆ مەڵبەندو نیشتمانی دەکاتەوە چامەیەکی ٤٣ بەیتی بۆ "سالم" عەبدولرەحمان بەگی ساحێب قرانی، دۆستی ئازیزی دەنووسێ بۆ سلێمانی کە هەمووی هالو هەواڵ پرسینە لەرووداوەکانی سلێمانی، "بەرادەیەك زووخاوی دووری هەڵئەڕێژێ، لەوانەیە ئەو کەسەش کە ئەمڕۆ ئەیخوێنێتەوە پڕ بە دڵ ماتەمی دایگرێو لەناحی خەمدا نوقووە بێ"[12] سەرەتای چامەکەی دەکاتەوەو دەڵێ:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور!

"سالم" یش بە بەچامەیەکی (٣٦) بەیتی وەڵامی ئەداتەوە. دەبینێ جەورو ستەمی دەستی تورکە داگیرکەرو چاوچنۆکو پیاوخۆرەکان ماوەی نادەن بێتەوە بە خاکی کوردستاندا ئەمیش یەکسەر تێ ئەتەقێنێ بۆ ئەستەمبووڵ.

ئەنجام

نەمانتوانی لەم کورتە نووسینەدا کە بە مەبەستی خۆشەویستیو نالی دۆستی خرایە بەرچاو بەسەر لایەنە گەورەو گرانەکانی شیعری نالیدا تێ نەپەڕین. کە زۆرینەی زۆرتان دەزانن تا رۆژگارێکی دوورو چەند وەچەو نەسلی دیش دەشێ "نالی" هەر تۆژینەوەو قسەی لەسەر بکرێ. ساڵی لەدایک بوونو مردنی "نالی" تا ئێستا نەبڕاوەتەوەو هەر جێی گومانو لێکۆڵینەوەیە. ئەم بلیمەتە پشووی دوایی ژیانی لە وڵاتو زێدی مەڵبەندی غەوارەو لاوەکی کۆتایی هات. جەستەی موبارەکی لە "ئۆکسۆداری ئەستەمبوولی پایتەختی ئیمپراتۆری عوسمانیەکاندا بە خاك سپاردراوە. بەڵام تا هەتایە ئاکارو رەوشتە باشو بەنرخو بە مایەکانی بۆ گەلی کورد دەمێنێو ناژاکێ. هەزاران سڵاو و درودی پیرۆز لە رۆحی رەوانو رازو نیازی دەروون پاکی هەناوی هەموو هۆزانو وێژەرو هونەروەرو ئەڤینداران ژیانی کامەرانیو دیموکراسی نەتەوەکەمان، بۆ مامۆستای گەورەو مەزن، شاعیرو سوارچاکی سێ کوچکەی بابان، مایەی تاریفو فەخرو شانازییو کوردو خاکی پیرۆزی کوردستان نالی شارەزووری.

١٩٨٢/١١/٤

تاران

پەراوێزو سەرچاوەکان:
١-ئەمین فەیزی کوڕی ئەورێش قادر ئاغایە، یەکێکە لەو کوردە تێکۆشەرو بەناوبانگانەی کە لەشاری سلێمانی لە ساڵی ١٢٧٨ ڕۆمی، ١٨٦٢ زاییندا لەدایك بووەو ئەستێرەی تریفەداری ژیانی درەوشاوەتەوە. ئەدیبێکی پایەبەرزو بەهرەمەند بووە.
هەروەتر شارەزایەکی تەواوی لە زانستی ماتماتیکدا هەبووە. ئەفسەرێکی تۆپچی بووەو نیشانەی گەیشتۆتە میر لیوا. لە ساڵی ١٣٢٧ ی کۆچی، دیوانی "شعاعات" ی بە زمانی تورکی لە چاپخانەی "نیشان بابکیان" لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە، دوا پلەی خوێندنی لە ساڵی ١٣١٠ی ڕۆمی، ١٨٩٤ زایینی لە قوتابخانەی حەربییەی شارەمانە لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووە. لە ١٣٢٠ ڕۆمیدا کراوە بە سەرکردەی فەوجو نێردراوەتە شاری "مەدینە" ی ناوچەی حیجازو لەوێوە بۆ مەککە. لەوێ زیارەتی کردووەو -نێردراوەتە هندستان-، ماوەیەکیش لە سلێمانی قوماندانی لیوا بووە.
ئەم پیاوە لەنێو شاعیرانی کورددا شوێنێکی تایبەتیو پایەیەکی بەرزو لەنێو بەرهەمی شیعری شێخ رەزا (١٨٣٧- ١٩١٠) دا گرتووە، وا دیارە لە گەڵ شێخ رەزای تاڵەبانیدا هاوڕێیەتیو دۆستایەتیەکی توندوتۆڵیان هەبووە. ئەوەی شایستەی باس بێ تەنیا ئەم تاکەی بەکوردییە، باقی شیعرەکانی بە تورکیو فارسی گوتوونی:

کە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیزی بە میوانی
لەعۆهدەی شوکری دەرنا چم مەگەر خۆم کەم بە قوربانی!

ئەمین فەیزی ساڵی ١٩٢٩ زایینی لە ئەستەمبوڵ بە ڕەحمەتی خوای ئەمر شادبووە. لە پاش مەرگی ئەم سامانە زانستیو ئەدەبیانەی بۆ بەجێ هێشتووین کە لە دوا لاپەڕەی (انجمن ادبیات کورد) دا ناویان تۆمار کراوە.
١-اجمالی نتائج
٢-هوای نسیمی
٣-تفرقە ریاضیة
٤-شعاعات
٥-انجمن ادبیات کورد
تکایە بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:

*) عەلی کەمال باپیر (١٨٨٥-٣٠-١١-١٩٧٤) شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد، سلێمانی چاپخانەی راپەرین ١٩٧٣، لاپەرە ٣٢.

*) ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، ئەستەمبوول، چاپخانەی تەرجومان حقیقت، رەبیعولئەوەل سالی ١٣٣٩-١٩٢٠).

ئەو دانە کتێبەی کە لە لامە (فۆتۆکۆپی) یەو نی کاک سەباحی غالبە.

٢-هەمان سەرچاوە، نووسینەکەی مامۆستا فەیزی- مان هێنایە سەر شێوەی رێنووسی نوێی کوردی بەبێ ئاڵو گۆری زمانەکەی.

٣-هەمان سەرچاوە.

٤-عەلائەدین سوجادی مێژووی، ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢، زەنگۆگرافی کتێبخانەی زانیاری، لە سەردەشت، س١٣٦١-١٩٨٢.

٥-هەمان سەرچاوە.

٦-ئەو شیعرانەی نالی کە لەم تۆژینەوەیەدا توشیان دێی لەدیوانی (نالی) وەرگیراون. مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو فاتیح عەبدولکەریم، پێداچونەوەی محەمەد مەلا کەریم، لەچاپو بڵاوکرەکانی کۆری زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦، لاپەرەکان ٢٧١، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٣، ٤٨٣، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٩٥، ٦٠٧، ٦٠٩، ٦١٤، ٥٦٥، ١٢٨، ١٠٢، ١٠٤، ٥٧٧، ٤٨٠، ٣٦٧، ٤٨٢، ٥١٧، ١٧٤.

٧-دیوانی نالی، لاپەرە ١٣٢.

٨-دکتۆر مارف خەزنەدار، نالی بە دەفتەری ئەمریدا، بەغدا، چاپخانەی (بابل) ١٩٨١، لاپەرە ١٢١.

٩-محەمەدی مەلا کەریم، "نالی لەکلاوروژنەی شیعرەکانیەوە، بەغداد، چاپخانەی ئەکادیمیای عێراق، ١٩٧٩، لاپەرە ١٧.

١٠-عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، ١٩٥٢، لاپەرە ٢١٧-٢١٨.

١١-مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو کورەکانی، دیوانی نالی ١٩٧٦، لاپەرە ١٧٤، ٣٤٠، ٢٧٠.

١٢-پێشەکی، دیوانی نالی، بە قەڵەمی فاتیح عەبدولکەریم، بەغدا چاپخانەو بڵاوکردنەوەی کۆری زانیاری کورد، ١٩٧٦، لاپەرە ٥٦.

حاجی قادری کۆیی

١٨١٦- ١٨٩٧

هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانە مەحوی کردن
هەر مانەوە بێ نەواو مەزلوم
وەك بوونی خەرابەزاری مەشئوم
گەر باعیسی ئەمە دەپرسی کامە
شەرتێکە کە بۆ هەموو تەمامە
ئەو شەرتە بەکوللی ئیتفاقە
گەر مەرعەش و وانە، گەر عێراقە

حاجی قادری کۆیی
مەشخەڵێکی بیری نەتەوایەتی
١٨١٦- ١٨٩٧
سەرەتایەکی پێویست

کەسێك بە تەواوی ئارەزوو ویستی خۆی روو بکاتە رێگەی خۆبەخت کردن، بەخوێنی گیانی خۆی کەرامەتو ئابرووی میللەتەکەی بپارێزێو بە ژیانی ژێر دەستەیی قایل نەبێ، هەمیشە بەدڵسۆزترین رۆڵەی گەل دەژمێردرێت. چونکە هەڵبژاردنی ئەم رێگەیە لەسەرووی هەموو پلەکانی دیکەی هۆشیاری مرۆڤایەتیەوەیە.
هەر شۆرشگێرێکی بوێرو لەخۆبردو بەگیان روو بکاتە مردنو تۆڵەی خۆی لە دوژمنی بستێنێتەوەو لەپێناوی ئازادی نەتەوەکەیدا تێبکۆشێ، لە راستیدا خزمەتی تەواوی مرۆڤایەتی دەکات. چونکە سەرفرازی ئینسان لەهەر گۆشەیەکی دنیادا سەرکەوتنە بۆ تەواوی میللەتانی چەوساوەو کەم دەستی سەرزەمین. ئەمە جگە لەوەی کە سەربەرزیو بەختەوەری هەر میللەتێکیش بەرادەی ئامادەیی رۆڵەکانیەتی بۆ گیانبازیو خەباتی پچراندنی زنجیری ستەمو بەندایەتی.
شاعیری مەزنی کورد حاجی قادری کۆیی، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزو رۆڵەیەکی هەستیاری سەدەو نیوێکی بەر لە ئێستای کورد بووەو مامۆستا "هەژار" گوتوویەتی "ئێستاش هەر ئەوپایە بەرزەیە".
لەسەرتاپا ژیانیدا، هەمیشە لە خزمەتکردنی گەلو نیشتمانە لەت لەت بووەکەیدا، چەندی لەباربووبێ دریغی نەکردووەو سستی نەنواندووەو هەرگیز چاوی لەبەرژەوەندی خودی خۆی نەبووە. شیعرەکانی حاجی شاهیدی ئەوەن کە رۆڵێکی گەورەو گرنگی لە تەتەڵەو یەکالاکردنەوەی خوورەوشتی کوردەواریدا بینیوە. بێ پێچو پەنا شانی داوە رۆڵەی کۆڵنەدەرو بەهەقی گەل بووە. ئازاو دلێر، خۆراگرو لەگیان بوردوو بووە، پارێزەری مافی نەتەوەکەی بووە، بەرەوشتو کردەوە جوانمەردی

خۆی سەلماندوە، هەروەها تا کۆتایی تەمەن لەسەر داوای رەوای سوور بووەو کۆڵی نەداوە:

قوڕی کوێ کەم بەسەرما لە غیرەت
خەوم نایە لەداخی موڵکو میللەت
ئەگەر وەك من خەبەردار بی لە دەوڵەت
لە حەیفا خۆ بەخنکێنی بەبێ پەت
بەقسەی چاکە دەستیان دەگرم
تەرکی ناکەم بە لۆمە تا دەمرم

حاجی هەمیشە ئامادەی خۆبەتکەری ڕێگای رزگاری کورد بووە. بە شیعرە ئاگرینەکانی جۆشی دەخستە گیانی خەڵکی غافڵی کوردستان. وەك نەشتەرێك لەبێ ئاگایی وریای دەکردنەوەو هانی دەدان ئاگری بزووتنەوەی کوردایەتی دژی ملهوڕانو داگیرکەران خۆش بکەنو وولاتی کوردەواری لە تورکو عەجەمی رەگەزپەرستو دوژمنی دێرینەی کورد پاك بکەنەوە. هەروەها یەکە شاعیرە لە سەرهەڵدانی شیعری کۆمەڵایەتیدا. شیعرەکانی پەندو عیبرەتن بۆ چارەسەرکردنی کەمو کوڕیو کێشەکانی جەماوەری کوردستان لەرووی کۆمەڵایەتیو کوردایەتیو رۆشنبیرییەو.

زۆربەی شیعرەکانی ئاسانو ساکارن. بەتایبەت ئەوانەی لەبابەت نیشتمانپەروەریو کۆمەڵایەتیەوە گوتوونی. ئەوەی پێویستە بیڵێم، ئەمیش وەکو شاعیرەکانی ئەو رۆژگارە گەلێك وشەو زاراوەی قورسو قەبەی بیانی لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە، بەلام واتاکانی نەشاردۆتەوە کە خوێنەران بە گران تێی بگەن.

ژیانی حاجی قادر

حاجی قادر ۱۸۱٦ ز وەكو دەڵێن لەگوندی "گۆڕەقەرەج" ی نزیكی شاری كۆیە پێی ناوەتە جیهانەوە. گۆڕقەرەج كەوتۆتە خۆرئاوای كۆیە، ئەمڕۆ وێرانەو چۆڵو هۆڵە. ناوی باوكو دایكی حاجی جێی دەمەتەقەمو گومان لێكردن نییە، چونكە بۆخۆی لەدێڕە شیعرێكی دیوانەكەیدا ئەم شاهیدیەی داوەو دەنووسێ:

باوكم ئەحمەد بوو ناوی، فكرم دێ
خەڵقی لادێ بوو دایكی من قاتێ

حاجی قادر، سەرەتای خوێندنی لای مەلا ئەحمەدی باوكی بووە، ماوەیەكیش لای حاجی ئەسعەدی كۆیەو مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گۆمبەتیدا خوێندوویەتی پاشان بۆ خوێندنی زیاتر، وەكو خۆی دەڵێ "بە پێخاوس نەكەوشم بوو نە كاڵەك" لەگەڵ هاوڕێی گیانی بە گیانی حاجی مەلا كاكەوڵڵای جەلی زادە "۱۸۳٤-۱۹۰۸" بۆی چۆتە ناوچەی باڵەكایەتی. هەروەها بۆ خوێندنو تێكەڵاوبوونی خەڵكانی كورد زۆر شوێنی گرنگی كوردستانی وەك: هەولێر، كەركووك، سلێمانی، سەردەشت، سابڵاخو شنۆ.. هتد گەڕاوە، دۆستی گەڵێ پیاوی مەزنی وەك حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، كەیفی جوانڕۆیی، نالی، ئەمین ئاغای حەوێزی، "ئەختەر" حەمە ئاغا، ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری، فەتاح ئەفەندی، حاجی محەمەدی "حاجییە گەورە" بووە.

یەكەم رۆژنامەی كوردی، رۆژنامەی كوردستان ۱۸۹۸ ز كە بەراستی ساڵی كۆچی دوای حاجی قادری كۆیی راگەیاندووە، لەژمارە سێی ۲۸ ذو الحجةی ۱۳۱٥ (رێكەوتی ۲۰ مایسی ۱۸۹۸) ی چاپی قاهیرەیدا، هەواڵی كۆچی دوایی حاجی قادری بەرروونی باس كردووە لەگەڵ

بڵاوکردنەوەی شیعری "زەمانە رەسمی جارانی نەماوە" ی حاجیدا بڵاوکردۆتەوە.

لەلاپەرە سێیدا نوسیویەتی دەڵێ: "عالیمەك ژ سوراهی سالا دی وەفات کر رەحمەتا خودێ لێیە، خودێ گونهەین وی بخەفرینە، ناڤێ وی حاجی عبدالقادر بێ". ئەمە بەڵگەی بەهێزی یەکەم سەرچاوەی نووسراوە بۆ رەواندنەوەی هەموو بیروباوەڕە جۆربەجۆرەکانی دوور لەم مێژووە. بەڵێ سەبارەت دەرخستنی کۆچی دوایی حاجی قادرەوە تریفەیەکی روونی خستۆتە ناو گۆشەیەکی تاریکی مێژووی ئەدەبیمانەوەو تەمی ونی بۆ شارەزایانی وێژەی کوردیو گشت خوێنەرانی ئاشکرا کردو سەلماندی کە حاجی ساڵێك بەر لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، واتا لە ١٨٩٨ دا تۆماری ژیانی پێچاوەتەوە. ئەمیش بەوێنەی نالی هاوڕێی، لە زێدو وڵاتی لاوەکی چڕنوکی تیژی مەرگ لەئەوکی گیردەبێو گیانی بەرزو ئەمری لە "چاڵی گۆڕێکی وونی یەك لە قەبرستانەکانی ئەستەمبووڵدا" بەخاك سپاردوە.

بابەتەکانی شیعری حاجی

کۆمەڵێك لە شیعرەکانی بۆ یەکەم جار لەلایەن خوالێخۆشبوو مامۆستا "ئەوڕەحمانی سەعید" ەوە لە ساڵی ١٩٢٥ لە چاپخانەی "دار السلام" ی بەغدا چاپ کراوە، لەلایەن ئەدیبانی بە ئەمەكو دڵسۆزی گەلەکەمانەوە چەندین تویژینەوە چ بەشێوەی کتێبو چ وەکو گوتار، دەربارەی ژیانو شیعرو شاعیرێتی ئەو زاتە نووسراوە، بەگشتی لەشاعیرە ناودارەکانی ترمان زیاتر تیشکی رووناکییان خستۆتە سەرێو گرنگیو بایەخی زۆرتریان بە بەرهەمە هونەرییەکەی داوە. ئەوەی شایستەو شایانی وتنە زانای گەورەی کورد. مامۆستا مەسعود محەمەد لە ساڵی ١٩٧٣ ەوە تا ١٩٧٦ لە سێ بەرگدا لەسەر شیعری شاعیرێتیو داستانی حاجی قادری کۆیی بە شێوەیەکی فراوان نووسیویە. شاعیر لەماوەی ژیانیدا، چ لە کوردستانو چ لەووڵاتی

دەربـەدەری‌و پەراگـەندەیدا بـێ تـرس‌و پـەروا تونیویـەتی ئـاڵای دیموکراتی‌و پێشکەوتنخوازی. لەدژی چینی ئاغاو دەرەبـەگو.. هتـد بڵند بکاتەوە، بۆ رزگارکردنی کۆمەڵی کوردەواریمان لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی‌و بۆ پێشەوە بردنی ئادەمیزادی کورد بـەرەو کۆمەڵگایـەکی پیشەسازی‌و دیموکراتی‌و سەربەخۆ هەنگاوی هەڵگرتووە.
حاڵی ژیانی کوردەواریمـان بەدەسـت هەڵکـەوتی نالـەباری دوژمنـانی کـوردو داگیرکـەرانی کوردسـتانەوە، مـەودای نـەبووە تـا گـەلی کـورد چارەنووسـی خـۆی دیـاری بکـاتو ببـێ بـەخاوەن هـێزو رێکـە بـۆ فەرمانڕەوایی‌و حوکمڕانی خۆش بکات. باوەڕی قاییم لەسەر ئەوەیە بەر لە پێداویستیەکانی دیکەی دامەزراندنی دەسەلات، یەکەم بەرهەڵست نەبوونی بەرژەوەندی ئابووری بووە. بەدوا ئەوەدا نەبوونی یـەکێتی‌و برایەتی کوردە بـە هـەموو چینەکانییەوە، هـێزی بەرهەڵست لـە پێك نەهێنانی مـافی نەتەوایـەتی کـە دامـەزراندنی دەسـەلاتێکی کوردییـە لەسەرانسەری کوردستان سوچێکی گەورەو قەبەی بەگلەرو ئاغاو مەلاو شێخی تێدا بووە. هێرشی توندو تیـژی حـاجی بـۆ سـەر ئـەو شـێخە فێڵبازو مەلا دەغەڵکارو ئاغا بێکەڵکو ریاکارو عەوام خەڵەتێنانە بووە. کە بەتـەنگ سوودو قازانجی کۆمەڵـەی کوردەوارییـەوە نـەهاتوون‌و هـەر خـەریکی خۆلستنەوەو وورگـو گیرفان پڕکردن بـوون- ئێستە زێدەتـر تووشی گرفتو بەرهەڵستی شەڕو هەرای خۆکوژی ناوخۆ بووین... کە رۆژانە دێتە بەر چاوی بینەر- هەڵبەتە هەر کوردێکی دڵسۆز لە ئاستی خۆییدا تێڕامانی هەبێ، دەتوانین ئەم تـەرزە نەخۆشـی‌و پەتایە لەبەین بەرێ، هـەر نـەبێ کـەمێ لەسـەربەرزی‌و سـەربەخۆیی کەسایەتی خۆمـان دەپارێزێت.

شكڵی تەكیەو خانەقامی شێخەكان
واقیعا ڕەنگینە ئەمما بۆریان
لەم هەموو شێخو مریدانی ریا
تاكەكی ناچێتە مزگەوتی خودا
مەسجدو میحرابو مینبەر بێ كەسە
هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە
خانەقاو شێخو تەكیەكان یەكسەر
پێم بڵێن نەفعیان چیە ئاخەر؟
غەیری تەعلیمی تەنبەڵی كردن
جەمعی ئەملاكو خەزنە كۆكردن
دەفعەیەك ئیمتیحانیان ناكەن
تێبگەن زەهرن یانەتریاكن

یان دەنووسێو دەڵێ:
صۆفی عبادەتی هەموو بۆ مەكرو ریایە
گەر شێری نەر بەگوێ بگرێ پەشمە تاعەتی

لە چەند شوێنی دیكەی دیوانەكەیدا وەك خەنجەری دەبان خۆی لەكالاندا ناگرێو بە گوڕتر لێیان دێتە وەلامو پێیاندا هەڵە دەخوێنێو دەفەرمووێ:

صەد شێخو مەلاو ئەمیرو خانی
بۆلەزەتی عەیشو زێندەگانی
لەولاوە ئەوان بە حیلەسازی
لەم لاوە ئەمان بە تەقلەبازی

قوربان بەھەموو وڵاتەوەدا
تا موڵکو رەعیە پاکی فەوتا
یەکیان ئەوەی تۆ دەیکەی نەیان کرد
غەمیان نەبوو کورد ئەگەر هەموو مرد

وتمان حاجی دژی مەلاو شێخی نەزانو نەخوێندەوار بووە. بەڵام زۆر بە رێزو حورمەتەوە نـاوی مـەولانا خـالیدی نەقشـبەندی (۱۱۹۳- ۱۲٤۲) هێناوەو نووسیویە:

قوطبی زەمانە خالد وەك من بووە ئاوارە
بێ قەدرو قیمەتوشان، بێ خانومانو بێ نان
مەر لە ئەوەڵ جەنابی مەولانا
نەقشبەندی رەوانی الا الله

یەکێ لە رەخنە شـیعریەکانی حـاجی ئەوەیـە کـە سـێ لـەزمانو دابو نەریتی کولتوری میللی نەتەوەکەی خۆی پشتی کرد وەك خۆی دەڵێ: "لەدایکی پرسیارێ کەن؟" ئەو ناکەس بەچەو نارەسەنوحەرام زادەی لەکوێ هێنا، واتە باوکی نادیارە چونکە دایکی بە حەرامی نائوسولیو ئیشی نابەجێی کردووە. لەهەمان کاتیشدا شیعرەکە بانگ هێشتنێکی ئاشـکرای شـانازی کردنـی حاجییـە بـە کوردایـەتیو زمـانی شـیرینی کوردییەوە.
خەنجەری تیژی زمانی لەکالان دەدرێنیو دەڵێ:
لە کوردی حەزناکا هەرکەس،
هەڵێن بۆچیو یا چۆنە
لەدایکی پرسیارێ کەن
کە ئەو بێچووەی لەکوێ هێنا؟

کاریگەری یەکێکی دی لە توانجەکانی شیعری حاجی کە دەیگرێتە کۆمەڵانی خەڵك ئەوەیە کە دەنووسێو دەڵێ:

ئەگەر کوردێ قسەی بابی نەزانی
موحەقەق دایکی حیزە، بابی زانی

حاجی لەم بیەتەدا وردەکارییەکی جوانو ناسکی بەکار هێناوە لەوەدا کە (بابی زانی) ئاگاداریو تێگەیشتن دەدا یان دەتوانرێ (بابی زانی) بە (بابی -زانی) یش بخوێندرێتەوە واتە: باوکەکە بێدارە لەکاری نابەجێی ئافرەتەکە. بەلام لێرەدا مەبەست هۆشیار بوونەوەیە لەکەسی دووەمی بەرامبەرەکە لە گیانی بێ ئاگایی.
لەنێوان (بابی نەزانی) و (بابی زانی) یشدا جیناسی لاحیق هەیە.
حاجی قادر لەماوەی تەمەنی ژیانیدا ژنی نەهێناوە، لەم بەیتەیدا ئاوا دڵدانەوەی خۆی کردووە:

لەوەی شاعیر نەبێ کوێرە وەجاخی
لەسایەی شیعرەوە بابی کوڕانم

جارێکی دیکەش بێ ژنو ماڵو منداڵی خۆی ئاشکرا کردۆتەوەو گوتوویەتی:

هەر منم ئێستە وارثی عیسا
بێ ژنوماڵو بێ کوڕو مەئوا

لێرەدا ئەم بڕە شیعرانەی دێنمەوە، کە بۆ ئێستا زیاتر دەست دەدەن، تا لاوانی کورد بەهرەی لێ وەربگرنو دڵو مێشکو بیرو ئاوەزیانی پێ زاخاو بدەنەوە:

تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد
ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووك
خەمڵیوە مەمالیکی وەکو بووك
یەك بەرگنو یەك زمانو یەك ڕەنگ
بێ غەیبەتو عەیبو عارو بێ دەنگ
هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانە مەحوی کردن
هەر مانەوە بێ نەواو مەزڵوم
وەك بوومی خەرابەزاری مەشئوم
گەر باعیسی ئەم دەپرسی کامە
شەرتێکە کە بۆ هەموو تەمامە
ئەو شەرتە بەکوللی ئیتیفاقە
گەر مەرعەشو وانە، گەر عێراقە

حاجی ئەو شیعرەی خوارەوەی بۆ تیکڕای بەرەی ئادەمیزاد هەڵبەستووە. داوامان لێ دەکات شوێن زانیاری بکەیون، چونکە زانینو زانست بەردی بناغەی ژیارو شارستانییەتو پێشکەوتنی کۆمەڵن، هەر بەزانستو هونەر میللەت پێشدەکەوێ. هەموو گۆڕانو بەرەو پێشەوە چوونێك بە رادەی زانیاریو بیرکردنەوە بەندە، گومان نییە بیرکردنەوەش پێویستی بە پەروەردەکردنو زانیاری مەوزوعیو بابەتیانە هەیە.

بۆچی فەرموویەتی نەبیولئەمین
"اطلبوا العلم ولو بالصين"
نێرو مێ لەم حەدیثە فەرقی نیە
گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نیە
تۆ وەرە فێری فەن بە چیتە لەوە
گاورە، هیندووە، وەیاخود جوە
لازمە خول بخۆی وەکو بەرداش
هەموو قەرنێك دەگۆڕێ ئەمری مەعاش

لەکۆتاییدا هەزاران درووود دەنێرین بۆ گیانی هەرگیز نەمری حاجی قادری کۆیی و..

سەرچاوەکان:

-نامەیەکی دەستو خەتی مامۆستا هەژار موکریانی
-کۆمەڵەی شیعری حاجی قادری کۆیی، کۆکەرەو ئامادەکردنی بۆ چاپ، عبدالرحمن سعید بەغداد، چاپخانەی دار السلام، ١٢٤٤-١٩٢٥ز.
-مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، چاپخانەو بڵاوکردنەوەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدداد، ١٩٧٣.
-دکتۆر کمال فؤاد، گۆڤاری "رووناکی" پاشبەندی کوردی رۆژنامەی "النور" ژمارە ١٨٠، هەینی ٢٣ ی مایسی ١٩٦٩.
-دیوانی حاجی قادری کۆیی، گردو کۆو بڵاوکراوەی گیو موکریانی، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ١٩٥٣.

لەیادی سەدەمین ساڵەی کۆچی دوایی
حاجی قادری کۆیی‌دا
حاجی قادری مرۆڤو دیموکرا تخوازو رابەری بیری
نەتەوایەتی

حاجی قادر، لە ١٧ ی مانگی شەعبانی ١٨١٦ لەدێی "گۆڕ قەرەج" لەدایك بووە. گۆڕ قەرەج گوندێك کەوتۆتە رۆژئاوای شاری کۆیە، کە ئێستا وێرانەیە. شاعیر لەم دێڕە شیعرەیدا مێژووی لەدایکبوونی خۆی بێ گێرەو کێشە پێ راگەیاندووینو دەڵێ:

"بەئەمری رەب العالمین (درفرمان)
وەلادتمە لە حەفدەی شەمری شەعبان"
عید الرعاە ئەیام طەوری زەورم
نونهال رۆژ طوبای ظهورم" (١)

پێویستە بڵێم ناوی دایکو باوکی حاجی قادر، هەر وەکو مێژووی لەدایك بوونەکەی، جێی مشتومڕ نیەو حاجی بۆ خۆی لەدێڕە شیعرێکیدا دەڵێ:

باوکم ئەحمەد بوو ناوی فکرم دێ
خەڵقی لادێ دایکی من فاتێ (٢)

سەرەتای خوێندنی لەلای مەلا ئەحمەدی باوکی بووە، سەردەمێکیش لە مزگەوتی موفتی لەلای "مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گونبەتی" و لای حاجی کاك ئەسعەدی کۆیە خوێندوویەتی. ژیانی شاعیر زۆر سەختو دژوار بووە لەشارێکەوە بۆ شارێك، لە گوندێکەوە بۆ گوندێك عەودالی

خوێندن لە گەڵ هاوڕێی خوێندنی "حاجی مەلا کاکەوڵای جەلی زادە" (١٩٠٨ – ١٩٣٤) بۆ خوێندن چووتە ناوچەی باڵەکایەتی:

لەبیرت دێ زەمانێ چوینە باڵەك
بەپێ خاوس، نەکەوشم بوو نە کاڵەك

حاجی بەوەشەوە نەوەستاوەو بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرو تێکەڵاوبوونی لەگەڵ رۆشنبیرانی ئەوسای کورد، گەڵێ هەرێمی کوردستانی وەك: کەرکووك، هەولێر، سلێمانی، سابلاخ، سەردەشتو شنۆ.. بەسەر کردۆتەوە.
جگە لەحاجی مەلا عەولای جەلی زادە، دۆستو هاوەڵی گەڵێ لە گەورە پیاوانی وەك: کەیفی جوانڕۆیی، نالی، ئەمین ئاغای حەوێزی (ئەختەر) حەمە ئاغا، ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری، فەتاح ئەفەندیو حاجی محەمەد "حاجییە گەورە" بووە..[٣]

حاجیو بیری نەتەوایەتی:

حاجی قادر، لە رۆژگارێکی گەڵێ چەتوونو باری ناهەمواری کۆمەڵگای کوردەواریدا ژیاوە. ئەمەیش رەنگدانەوەی لەناوەرۆکی بەرهەمی شاعیردا داوەتەوە. بۆیە سەرلەبەری دیوانی حاجی، بیرو ئایدۆلۆژیەتی– پێشکەوتنخوازانەیە، بۆ گۆڕینی باری دواکەوتووی ژیانی کورد کە هیچ دەسەلاتێك لەدەست خۆیدا نەبووەو زەبوونی داگیرکەری زاڵمو برا هاودینیەکانی بووە! حاجی قادر لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی زیرەكو تاقیکردنەوەی زۆر بووە. هەروەها شیعری کۆمەڵایەتیو هەستی نیشتمانیو بیری کوردایەتی لەپاش ئەحمەدی خانییەوە بێ دەنگو ئاسمانی کوردەواری کشو ماتو هیچ روخسارێکی دیاریکراو بە هەستی نەتەوە پەرستی لەئەدەبی کوردیدا پەیدا نەبوو بوو.

عومری ئەمانەت مۆڵەتی بەحاجی قادردا ئەم بۆشاییە گەورەیە بە شیعری کۆمەڵایەتیو شۆڕشگێڕی بیری نەتەوایەتی بۆ لاوانی کورد پڕ بکاتەوەو لەخەوی غەفڵەتو بێ ئاگاییان راچڵەکێ.

هەڵبەتە بەهرەی شاعیرێتی بۆ حاجی هۆیەکی گەورە بووە کە بچێتە بنجو بنەوانی ژیانی پڕ تەنگو چەڵەمەی گەلەکەیەوە. حاجی، هەمیشە رۆڵەکانی میللەتی بۆ تێکۆشانو خۆگۆشکردن بە زانیاریو گیانی دیموکراتیو کاری سوود بەخش هانداوەو داوای کردووە کە کارێك بکەن تاباری ناهەمواری ژیانی دواکەوتوویی لەناو کورددا نەمێنێو خاکو نەتەوە لەژێر بیری دیلێتیو نەزانی رزگلر بکەن.

حاجی قادر پاش ئەحمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٦) و لەنیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەدا، بەدابەزینەری قوتابخانەی شیعری نیشتمانی لە ئەدەبی کوردیدا دەژمێردێت. حاجی توانیویەتی شیعری نەتەوایەتیو شۆڕشگێڕیو کۆمەڵایەتی، بەبیرێکی بەهێزی نوێوە بچەسپێنێ. حاجی بایەخێکی زۆری بە ناوەرۆکی شیعرەکانی داوە، هەوڵیداوە ئایدۆلۆژیەتێکی پێشکەوتووی تێدا پیشان بدات. گەوهەری زەکای حاجی لەسەرجەمی شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە، ئەو خاوەندی شیعری هەمەجۆری وەك شیعری غەرامی، ستایش، سروشت، کۆمەڵایەتی، نیشتمانیو سیاسی بووە.

دەڵێن شیعرەکانی حاجی لەلایەنی هونەریەوە لاوازن. رەنگە ئەو بۆچوونە راست بێ، بەڵام هۆی ئەو ساکارییەی شیعرە نەتەوەییو کۆمەڵایەتییەکانی، هی ئەوە بۆ ئەوە کە حاجی هۆشیار کردنەوەو وورياكردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی لەلادا پتر مەبەست بووبێ، بۆیە ئەوەندە گرنگی بە وردەکاریو هونەریی شیعر نەداوە. بەڵام بەگوێرەی شیعرە کلاسیکیەکانی، واتە غەزەلەکانی لەرووی هونەرییەوە بەهێزو پڕ بەلاغەتن.

حاجی، پایەیەکی بڵندی لە ئاسمانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا بۆخۆی گرتووە. ڕەوایەتی ئەم پایە بڵندییەی وەنەبێ تەنیا بەهۆی شیعرە نیشتمانیو نەتەوایەتیەکانیەوە بووبێو بەس، بەڵکو لەشیعرە کلاسیکیەکانیشی هۆی پایەبەرزی ئەو بوونو لەشیعرە غەزەلییەکانیدا هیچ شتێکی لەهاوچەرخەکانی کەمتر نەبووەو بگرە لەهەندێ ڕوودا لە داهێناندا لەوان پێشکەوتووتر بووە. پێم وایە ئەگەر حاجی لەشیعرە تەقلیدییەکانیدا سەرکەوتوو نەبوایە، نەدەکرا وا بەو جۆرە کەرەسەو وێنە شیعرییانەو بکەوێتە ناو جیهانی شیعری نیشتمانیو ئەو بەرزییەی نەدەنواند، کەواندویەتی.

حاجیو شیعری ئەڤینداری

حاجی، لەسەرەتاوە وەك شاعیرە کلاسیکیەکانی ئەو دەمە، لەبابەتی شیعری ئەڤینیو غەرامیاتدا غەرقاوە سەری لەهەوای عیشقا خاڵی نەبوو. لەوەسفی ئافرەت، جوانی سروشتو ستایشدا قەڵەمی بڕشتو دەستی ڕەنگینی هەبووە. حاجی لەم سەرەتای شیعر وتنەیدا پەیڕەوی قوتابخانەی شیعری بابانی کردووە، کە لەچارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوەو کەڵە شاعیرانی وەك نالی، سالمو کوردی پێشڕەوی بوون.

ئەم چەند شیعرەی خوارەوەش نموونەی ئەوجۆرە شیعرەی حاجی، کە لە سەرەتای لاوێتی لەسەردانی سابلاغ بەسەر ناوچەی لاجاندا تێپەڕیوەو ئەم شیعرەی بەسەر گوڵە" ی خوشکی قەرەنی ئاغادا وتووە.(٤):

هەر لێرە هەتا بەهەشت ئاینی لاجان
ئاهێستە بڕۆ نەك وەکو دێوانەیی هەرزە
تاداخلی خەڵوەت نەبی، ئەنجا بەوەکالەت
خاکی قودومی ماچ بکە بەم تازە کە تەرزە

"في الجملة" وەکو خاڵی ڕۆخی دلبەری (حاجی)
دڵبەنە نەسا، بادی سەبا هەستە، مەلەرزە!

لەو دوو دێڕە شیعرانەی خوارەوەدا لە سەر پیادا هەڵدانەکەی بەردەوام دەبێ، دەردەکەوێ کە کچێکی خۆشویستووەو کچەش ژیوان بۆتەوەو حاجی تووشی غەمو پەژارەیەکی بێ سنوور کردووە. لەشیعرێکی تردا، کە نازانرێ ئایا باسی هەمان کچ دەکات یا یەکێکی تر، حاجی بەوێنەیەکی پڕ خەمو دڵێکی پەرۆشەوە باسی دڵخوازەکەیمان بۆ دەکات:

نیهایەت بمکوژن وەڵڵا لەماچی لێوی خۆش نابم
ئەوی خوا حەزنەکا نابێ، ئەوی قەوماوە، قەوماوە
لە حەققی قەدەمی (حاجی) قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما
دڵێکم بوو لە دنیادا ئەویش بەبێنێکە تۆراوە

ئافرەت لەبۆچوونی حاجیدا

ئەو زەمانەی کە حاجی تێدا ژیاوە، کورد لە کۆمەڵگایەکی تەسلتو تەواو دواکەوتووی خێڵەکیدا ژیاوە، حاجی لەناو دەیان شاعیرو ئەدیبی کوردی ئەو رۆژگارە، یەك شاعیرە، شۆڕشێکی گەورەی بەرامبەر دەرگای داخراوی جیهانی ئافرەت بەرپا کردبێو ئاڵای رزگاریو مافی ژنانو سەرفرازی ئافرەتی بەرز کردبێتەوە، وەکو مەسەلەیەك داوای مافی یەکسانیو پارێزگاری کەسایەتیو پشتگیریی ئەو بەشەی کۆمەڵی کردبێ، لەباسی زوڵفو چاوو خەتو خاڵەوە کردبێتیە بابەتێکی گەورەو خستوویەتە سەر لێدوانی کێشەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ. کە بێگومان ئافرەت لەهەر نەتەوەیەکدا بێ نیوەی کۆمەڵەکەیەتیو رادەی سەربەستی ئەم نیوەیەش تەولوکەری سەرفرازی نیوەکەی ترە.

حاجی کە هەستی بەو دنیای شەوەزەنگو گرفتارییە کردووە وەك شاعیرێکی شۆڕشگێڕی بێ وێنە، وەك مرۆڤێکی راستگۆو رابەرێکی تەڵسم شکێنی سەردەمەکە، هاتۆتە مەیدانی نیشتمان پەروەرییەوەو توانیویەتی هەستە پیرۆزەکەی خانیو کووروەی دەروونی سالمی هاوڕێی بهێنێتەوە جۆش، ناوەرۆکی هۆنراوەکانی بۆ بوژاندنەوەو چارەسەرکردنی گەلێ لەئێشو ئازارەکانی ئەو سەردەمە تەرخان بکاتو داوای زیادبوونی زانستیو خۆ چەکدار کردن بکات- بەو چەکە پەسەندە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە رێگا رۆشن بکرێتەوەو ئاواتەکانیان بێننە دی.[٦]

بەوردی دەچێتە ناو بناوانی مەسەلەکەوەو ئاماژە بۆ ئەو ناتەواوییانە دەکات کە کۆمەڵ دووچاری بووە. بەرزکردنەوەی دروشمی زانستو نەهێشتنی نەخوێندەواریو هاندانی قوتابیان بۆ خوێندنی بەرز، پاراستنی گەنجینەی میللی، رێزگرتنو بایەخدان بە شاعیرانو زانایان، شڵەقاندنی گۆمی مەنگی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە باروودۆخی تاڵی ئافرەت نەهێشتنی جیاوازیو هاوبەشی کردنی ئافرەت لەکاری کۆمەڵایەتی سوودبەخش نەخشەدانان بۆ گشت بوارەکانی ژیان..

ئەمانە هەموو راو بۆچوونو هەڵوێستی مەردانەی حاجی قادری کۆیی بوون. لەو رۆژگارانەدا حاجی یەکێکی پێشەنگ بووە لەو کەمە خەڵکانەی بیرو خەیاڵی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان هەبووە. حاجی وەك مانگی چواردە، بەکردەوە ریگای تاریکی رۆشن کردۆتەوە. بێوچان تێکۆشاوە، شەونخوونی کردووەو لەسەر بیرو باوەڕە پێشکەوتووەکانی سوور بووە.

پێش هەر شتێك ئەو راستییەی بە خەڵك راگەیاندووە کە خوێندن بەردی بناغەی پێشکەوتنو شارستانیەتیو بەردەوامی ژیانە. ئەو بۆ هۆشیاری پێشکەوتنو ئازادی گەل، خوێندنو زانستی بەهێزی دینامۆ دەزانی. ئەو هەر لەو کاتانەوە بانگەشەی فێرکردنو خوێندنی ئافرەتی

کوردی کردووه، هەر لەو روانگەشەیەوە هێرشی توندی کردۆتە سەر ئەو کۆلکە مەلاو مێشك تەزیوانەی کە کوێرانە روانیویانەتە مەسەلەکەو بەلایانەوە نارەوا بووە کە ئافرەت خوێندەوار، چاوکراوەو یەکسان بێ لەگەڵ پیاودا.

ئەو بیرو را بەجێیانەی کە حاجی بەناو خەڵکدا بڵاوی دەکردەوە، تا رادەیەك دەورێکی بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوەی ئەو بەشەی کۆمەڵدا بینیوە، بەڵام ئافرەتی کورد تا ئێستاش هەر بارێکی ئەوتۆی بۆ نەلوا کە لە کۆتی دیلێتیو چوارچێوەی ماڵ رزگاری بێ. ئێستاش ئافرەتی کوردمان بەردەوام لەدەست ئێشو ئازاری نەخوێندەواریو پاشکەوتوویی دەناڵێنێو لە کۆمەڵگای باوکایەتیدا دەچەوسێنرێتەوە. ئێستاش پیاوانی کورد کۆنەپەرستانەو بە ئارەزووی کامی دڵیان مامەڵەی ئافرەت دەکەن.

بۆچی فەرموویە نەبیوولڵەمین
اطلبو العلم ولو بالصین
ئێرو مێ لەم حەدیسە فەرقی نیە
گەر مەلا نەفی فەرموو دینی نی(٧)

حاجی بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ شێخە هەزار چەوسێنەرەکانی کوردستان، بەناچاری نیشتمانو کەسو کاری، بەگفتی مەلا رەئووفی حەوێزی لە ساڵی ١٨٣٩ دا بەجێ هێشتوە(٨) لە ئەستەمبوول پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گیرساوەتەوە، هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووەو بەخاك سپێردراوە. دەربارەی کۆچی دوایی حاجی، یەکەم رۆژنامەی کوردی، لەلاپەرە سێ ی ژمارە ٣ ی ٢٨ ی "ذو الحجة" ی ١٣١٩ رۆمیدا بەرامبەر بە ٢٠ مایسی ١٨٩٨ دا، بەم شێوەیە هەواڵی کۆچی دوایی حاجی راگەیاندووە "عالیمەك ژ وسرا حبیء سالا دی وەفات کر رحمتا خودێ لیە، خودێ گونەهێی وی بغەفرینە، ناڤێ وی حاجی عبدالقادر بی"(٩) چونکە حاجی لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی،

فارسیو تورکی شارەزا بووە، لەوە دەچێ لەهەواڵو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە بە ئاگا بووبێ، لە نزیکەوە لە ڕێگەی زمانی تورکیەوە شارەزایی هەبوو بێ لەباری ڕۆشنبیریو زانستی ئەو دەمو چاخەی ئەوروپا.

هەروەها پێ دەچێ نزیکی لە بنامەڵەی بەدرخانیەکان، تێکەڵاوی لەگەڵ گەورە پیاوانی دەستەمبووڵو خوێندنەوەی "مەمو زین" ی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٦)، هەموو بووبن بەهۆی مشتوماڵکردنی بیری نەتەوایەتیو شۆڕشگێڕی لەبیری حاجیدا، شایانی باسە کە "غیرەتی میللی" دیوانێکی شیعری بووە کە لەو زەمانە لەلایەن حاجیەوە کۆکراوەتەو(١٠)+

زمان لە شیعری حاجی قادردا

جگە لەو وشە قورسو زاراوە قەبانەی کە لەزمانەکانی دیکەوە کۆی کرووەنەتەوە، کە هەندێ جار دەبنە ڕێگر لەڕێگای خوێنەری ئاسایی، دەنا حاجی بەزمانێکی ساکارو ئاسك شیعرەکانی نوسیووە، زۆر لە خۆکردنی تێدا نییەو نزیك بۆتەوە لەزمانی ڕۆژانەی خەڵکی، هەڵبەتە بە تایبەت لە شیعرە نەتەواییەکانی. لەڕووی تەعبیریشەوە، حاجی لەراستیدا پەیڕەوی بن زاراوەی بچووکی "کۆیە" و "هەولێر" و "کەرکووك" ی کردووە. سوودیشی لە وشەو زاراوەی شێوە دیالێکتیەکانی دیکەی سۆرانیو موکریانی ئەردەڵانی وەرگرتووە.

دوا قسە -پێدەچێ بەرهەمێکی ئێجگار زۆری لەشیعری کوردی لەپاش خۆی بەجێ هێشتبێو کۆ نەکرابێتەوە، حاجی خۆی لە شیعرێکیدا دەڵێ:

ئەی ڕەفیقانی وەتەن، زۆر غەزەلم ماوە لەوێ
لەکەنارێکەوە تەقدیرە وەکو هەڵبکەوێ
وەك سەفینە بکەڕێ بیخەنە بەر بەحری قسەم
حەیفە وەك من لە غەریبی بمرێتو نەتەوێ(١١)

سەرچاوەکان:

١-نووسراوی مەلا رەئووفی سەلیم ئاغای حەویزی، بڕوانە دیوانی حاجی قادری کۆیی. ساخ کردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی "دار الحریة" بەغدا، ١٩٨٩، ل ١٠-١١.

٢-کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، عەبدولرەحمان سەعید، چاپخانەی "دار السلام" بەغدا ١٣٤٤، ١٩٢٠، ل٣٨.

٣-مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٣.

٤-عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٢، ل ٣١٢.

٥-دیوانی حاجی قادری کۆیی، گیوی موکریانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٩.

٦-فەرهاد فازیل عومەر، ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەرلین، ١٩٨٦.

٧-گوڵبژێرێك لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئەم کۆمەڵە شیعرە لەگەڵ شیعری چەند شاعیرێکی وەك: مەلا محەمەدی کۆیی، شێخ ئەحمەدی سریلاویی، حەسەن سەیف القضات و خاڵە مێنو.... لەلایەن هەیئەی ئاوەندی کۆمەڵەی (ژ. ك) موە، خاکەلێوەی ١٣٢٢- ١٩٤٣ لەشێوەی سیپارەیەك چاپکراوە. کتێبخانەی سەیدیان سەر لەنوێ چاپی کردۆتەوە، بەڵام مێژووی ساڵی لەسەر نییە، ل ٤٤.

٨-محەمەد مەلا کەریم، دیەوانی حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی (دلر الحریة)، بەغداد، ١٩٨٩، ل ١٠-١١.

٩-د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، ١٨٩٨- ١٩٠٢ بەغداد، چاپخانەی (الاخلاص)، ١٩٧٢.

١٠-هەمان سەرچاوە پەراوێزی ژمارە ٧.

١١-هەمان سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە ٨ ، ٢٥٢ .

پیرەمێرد
١٨٦٧- ١٩٥٠

شۆڕە سوارێکی ئەمر

سلێمانی ١٩٧٩

ئەمڕۆ پیرەوەری (١١٢) ساڵەی لە دایك بوونو (٢٩) مین ساڵی کۆچی دوایی نیشتمان پەروەرو شاعیری بەنێو بانگ ((پیرەمێرد)) تێپەڕێ کە لە ١٩ حزیرانی ١٩٥٠دا لە سلێمانی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیانو دینای هەرمان کرد. جار جار پێویستە ئاوڕێکی دوا مانەوەی بدەینەوە بەسەر هاتو تاقیکردنەوەو ئەزمونی کەڵە پیاوانی ڕابووردووی گەلەکەمان بهێنینەوە یاد، کەلەم هەلو دەرفەتو بۆنانەدا چاویان لێ نەقونجێنین تا چاکتر بەلاوانی ئێستاو نەوەی دوا ڕۆژی میللەتەکەمان، لەڕێگای جۆر بەجۆری ڕاگەیاندنەوە بناسێنین.

بەسەر کردنەوەی ئەو ئەدیبو شاعیرو نووسەرو خاوەن بیرانە مایەی خۆشیو بەختەوەریو کامەرانییە، ئەو لالێکردنەوەیە نیشانەی دڵسۆزیو وەفا کاری میللەت دەردەخات. بەڵێ پیرەمێرد لە ماوەی ژیانی خۆیدا توانی لە پێویستییەکانی سەر شانی بەجێ بهێنێو گەلێ کاری ئەدەبیو نیشتمانی بۆ جەماوەرانی گەلەکەی ڕەخساند کە خەبات بۆ پاراستنیو چەوساندنەوەی نەتەوەییدا بکات.

پیرەمێردیەکێکە لەو شاعیرو نووسەرو ئەدیبە گەورەو خزمەتگوزارو بێ هاوتایانەی نەتەوەکەمان کە شوێنێکی بالاو پایەیێکی مەزنی لە مێژووی ئەدەبیاتی کورد دا بۆ خۆی گرتووە. دیارە مامۆستا پیرەمێردی ئەمریش وەك پیاوە گەورەکانی مێژووی تێکۆشانی خەباتی میللەتەکەمان گەرەکی بوو پێش ئەوەی مەرگ ڕاپێچی بکات، وەك باقی میللەتانی تر ئاواتو ئامانجی ئەوە بوو ڕزگاری گەلەکەی بە چاوی خۆی ببینایە.

ئەوجا با لا لەمامۆستای ئەمر ((پیرەمێرد)) بکەینەوە:

پیرەمێرد-ناوی ((تۆفیق)) کوڕی ((مەحموود ئاغا))ی کوڕی ((هەمزاغا))ی مەسرەفە باپیری واتە: ((هەمزاغا)) سەرەك وەزیرانی دوایین فەرمانداری دەوڵەتی ((بابانیەکان)) بووە، لەو دەمەیدا کە دەستەڵاتدارێتی لە ژێر دەستی فەرمانڕوایی ((ئەحمەد پاشا)) دا بوو، لە هەمان کاتیشدا وەزارەتی دارایی بینیوە بۆیە ناوی بە مەسرەف دەرکردووە.

پیرەمێرد، لە ساڵی ١٨٦٧ز دا [1] لە گەڕەکی ((گۆیژە))ی سلێمانی چاوی بە کوردستانی نیشتمانی هەڵهێناوە، لە سەرەتای چوونە قوتابخانەیدا لای مەلا حسێنە گۆجە خوێندوێتی و ئنجا دەچێتە حوجرەی زانای گەورە مەلا سەعیدی زەلزەلەیی و لەوێش بۆ فەقێیەتی. بۆ خوێندن ناوچەکانی سلێمانی بانەو...گەڕاوە، کۆلێجی حقوقی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردوە. لە ساڵی ١٨٩٨ز لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید زادە دا(باوکی شێخ سەعیدی حەفید زادەدا (باوکی شێخ مەحمودی نەمر)، دەچن بۆ تورکیا لەوێ دەبن بە میوانی پادشایێ، بۆ ساڵی دوایی لە گەڵ خوا لێخۆشبوو شێخ سەعید دا زیارەتی (مەککە) یان کردووەو بووە بە حاجی تۆفیق، لە لایەن فەرمانداری عوسمانیانەوە نازناوی (بەگ))یە تیشی پێبەخشراوە بووە بە حاجی تۆفیق بەگ لە١٤/ ئەیلولی ١٨٩٩دا بەهۆی زیرەکی و هۆشیارییەوە دەسەڵاتدارێتی ئەو کاتەی ئەستەمبوڵ (سوڵتان عەبدوحەمید) فەرمانی شاهانەی بۆ دەردەچێ و دەبێ بە ئەندامی مەجلیسی عالی ئەستەمبوڵ لە پاش تێکچوونی کۆمەڵە١٠٩٥-١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ پارێزەری و ڕۆژنامەنووسی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و یەکەمین جار-

ئیمتیاز-ی گۆڤاری (ڕەسملی کتاب) بە ئەستۆوە گرتووە. ڕۆژنامەی کورد-یش خاوەنی-ئیمتیاز-ەکەی ئەم بووە، بێجگە لەمەیش لە گەڵ (فائق صەبری بەگ) ڕۆژنامەی ((ئەقدام))و ((سەربەستی)) لە ئەستەمبوڵ و ((فەرهەنگ))و ((شەفەقی سورخ)) لە تاران ناردووە.

لە پاشان چۆتە ڕیزی خزمەتگوزاریەکانی میری و لە (١٩٠٩)دا بە پلەی ئائمقامی ((چۆلە مێرگ)) وەرگیراوە، هەر بەقائمقامی شارەکانی قەرەموسڵ و بالاوا و بیت الشباب و گموش کوی و اطەبازاری[٢] گی ڕاوە، لە ساڵی (١٩١٨)دا کراوە بەپارێزگاری ((ئاماسیە)). دوای گۆڕانی باری کوردستانی خواروو، گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی و پێویستی ئەو قۆناغە بە گەورە پیاوی وەك پیرەمێرد لە سەرەتای بیستەکانەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، بە گەلێك کاری کۆمەلایەتی و ڕۆژنامەنووسیەوە خەریك بووە. تا دوا هەناسەی تەمەنی خزمەتێکی فرەو کەم هاوتای نەتەوەو وولاتی خۆی کردووە، گەلێك گوتارو نووسین و پەخشان و پەندی کوردی و لێکۆڵینەوەی دەربارەی مێژووی ئەدەبی لە لاپەڕەکانی لە ڕۆژنامەی (ژیان)و (ژین)دا بلاوکردۆتەوە کە هەمووی زادەی بیروباوەڕی خۆی بووە. بە تاقی تەمنێ ماوەی چارە سەدەیەك پتر توانی بە کارامەیی و وەستایانە (ژیان)و (ژین) دەربکات. مامۆستا سەجادی لەو بارەیەوە نووسیویەو دەڵێ: ئەوی چاوی ئێمە بکاتەوە ئەوەیە کە پیرەمێرد لە هەموو ژمارەیەکیانا بەباسی کۆمەڵی، ئیداری، حقوقی، نیشتمانی، تەئریخ و ئەشخاص، گاڵتەو گەپ کە ئەمانە لە زادەی فکری خۆی بوون ئەینەخشاندن[٣]، جگە لەو یادگارە ئەدەبی یانەی، گەلێك کتێب و دانراوی بە هادارتری بە چاپ گەیاندوون. وەك:

١- مەولەوی لە دوو بەرگدا لە ساڵی (١٩٣٥) لە چاپی داوە.
٢- ((مەم‌وزین)) هی ناودارترین شاعیری کۆنی کوردە، دوایین شاعیری گەورەی کرمانجی ژوروو (ئەحمەدی خانی‌یە (١٦٥٠-١٧٠٦) کە لەدیالێکتی بۆتانەوە کردوویە بە ڕوایەت‌و لە ساڵی ((١٩٣٥)) لە چاپی داوە.
٣- ((دوانزە سوارەی مەریوان))[٤] کە چیرۆکێکی واقیعی‌و داستانێکی بەرزی جوامێری‌و پێشمەرگەی کوردی دەوری (بەبە)کانە، لە ساڵی ١٩٣٥ لەچاپی داوە.
٤- ((مەحمود ئاغای شێوەکەڵ)) داستانێکی کوردی‌یە لە ساڵی ((١٩٤٢)) لە چاپی داوە.
٥- ((کەمانچەژەن)) ڕوایەتێکی ئەڵمانی‌یە کە کراوە بە تورکی ئەم هات کردی بە کوردی‌و لە ساڵی ((١٩٤٢)) لە چاپی داوە[٥]. ئەوەی شایەنی باسە چاپی ئەم هەموو کتێبانە لە چاپخانەکەی، چاپخانەی ((ژین)) بووە. جگە لەوانە یادگاری زۆر شاعیری کلاسیکی پێش خۆی بە خوێنەران ناساندوو سەرلەنوێ زیندووی کردنەوە وەك بێسارانی‌و وەلی دێوانەو ئەحمەد بەگی کۆماسی‌و دەیان ناودارانی کوردی لەسەر لاپەڕەکانی ژیان‌و ژیندا تۆمار کردووە.
لە ١٩٣٩-١٩٤٩ بە ئەو پەڕی دڵسۆزی‌یەوە لە نەخشان‌و جوانکردنی لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژ داچ بە شیعروچی‌بەچیرۆك چی بەباس‌و گووتاری مێژووی‌و هاوبەشی کردووە. کاتێ کە کۆچی دوایی کرد لە لایەن خەڵکی شاری سلێمانی‌یەوە بەدڵی غەم‌و پەژارەوە گیانی پاکی بەرێ کراو درایە دەست گردی (مامە یارە). گۆرانی شاعیر (١٩٠٤-١٩٦٢/١١/١٨) لەو گوتارەی‌دا ڕۆژی هەینی، ١٩٥٠/٨/٢٥، کات ژمێری

چوارو نیوی پاش نیوەڕۆ، کە لە سانەوی کوڕانی سلێمانی لە کۆبوونەوەی چلەی ماتەمینی کۆچی ماڵاوایی پیرەمێرددا خوێندییەوە دەنووسێ.

گردی یارە بۆ شانازی نەکا؟..ئێستا بووە بە مەیدانی پەیکەری دوو ڕەمزی پاڵەوانی نەتەوەکەمان: ڕەمزی یەکەم هی پاڵەوانی دەستو شمشێرە کە لەناو گۆڕە پاکەکەی مامەیارەدا ئەژی. ئەو مامە یارە کە لەرۆژە ڕەشەکانی‌دیلی‌و بێ هیوایشا یەخەی هەڵنەتەکان، ئەیوت ((لای عەرش کەرەکانی کۆیەوە مەمنێژن!)) چونکە عەرش کەرەکانی کۆیە، بە دەستی ناپاکی (خیانەت)، خاکی بەبەیان بەئێجگاری لە بەندی دیلی توند کردبوو، بە هێنانە ناو شاری ئوردووی (ڕۆمی)، چاوی پیرەمێردی ئەو سەردەمە سالمی نیشتمانپەروەریان پڕ کردبوو لە گریانێك کە هەرگیز جۆش‌و کوڵی دانەمرکێتەوە!.

ڕەمزی دووەم، مامۆستا پیرەمێرد، لەشە فەرتووکەکەی تۆ گردی یارەی پێ خستە فەر، فەرێك کە مایەی شانازییە تەنانەت بۆ بیرەش کە گۆڕشی مامەیارە نموونەیەکی، چونکە تۆ نوێنەری بابەتێکی بەرزتری لە هێزی چەك، هی هێزی قەڵەمی!...خوای گەورە گەلێ لەپێش چەکا، لە سەرەتای داهی نانی هەستی‌دا، قەڵەمی دروست کرد. پێی ووت: بنووسە! ووتی: چی بنووسم؟ ووتی قسەی جوان بنووسە! بیری چاك بنووسە! باوەڕسی ڕاست بنووسە! اشهد ان لااله الا الله...هتد[٦].

مامۆستا قانیع، شاعیری ڕاپەڕیوی لادێو چەوساوەکان وەك چۆن سۆزی خۆشەویستی دایکی نیشتمانی وای لێکردبوو هەمیشە جۆش‌و کوڵی دەروونی دەمەژاندو بۆ خەڵکی زەحمەتکارانی جۆتیاروەرزێر پاڵەو کرێکاری دەنووسی، یان زۆرێکی زۆری هەڵبەستەکانی دڵسۆزانە

بۆ خۆشەویستی زمان و کوردستان گوتوونی. سەرەڕای ئەمانەش هاوبەشی شینی دوایی پیرەمێردی کردووەو بەم جۆرە دەردە دڵی دەروونی هەڵڕشتووە:

حاجی تۆفیق بەگ پیرە مێردی مەشهور
مامۆستای زانای کوردی خوارو ژوور
کام پیر ئەو پیرە بە هۆشیاری
عومری ڕابوارد بە فیداکاری
کام پیر؟ ئەو پیرەی بە (ژیان)و (ژین)
گشت کوردستانی پڕ کرد لە زانین
کام پیر؟ ئەو پیرەی هونەری نواند
بۆ کوردی نووسین ئەو ڕچەی شکاند
کام پیر؟ ئەو پیرەی پەندی پێشینان
کرد بە مامۆستای بێگانەو خوێشان
بەڵام، پیرە مێرد ئێشی گرانە
چون خاڵەی دەستەی گشت شاعیرانە
قەڵەم نۆبەتە بێرە دەست و برد
بنووسە مێژوو بۆ مامۆستای کورد
قەڵەم مەردانە هاتە سەر جەولان
لەسەر ڕووی کاغەز گەوهەری ڕژان
بەپیتی ئەبجەد هاتە گفت و گۆ
((مامۆستای کورد و خاوەن ژینم ڕۆ)) (٧)

چلەی ماتەمینی کۆچی دوایی پیرەمێرد کە ((٢٩))ساڵ لەمەو بەر بۆی سازکرابوو، ئەحمەد ئەخۆڵی (٨) شاعیریش بە شیعرێکی سیانزدە بەیتی شینی بۆ دەکاو تیایا خەمو پەژارەو دڵ تەنگی خۆی دەردەبڕیٚو دەڵێ:

ئەی فەلەك تاكەی لە دەست تۆ، شینی تۆ، گریانی تۆ؟
تابەكەی نەبڕێتەوە هاواری تۆ، ناڵانی تۆ؟
خاڵە: مردی، نامری هەرگیز لە گیانی میللەتا
ناوی تۆ، نیشانی تۆ، کرداری پایانی تۆ
بوو بە نەخشی بەرد لە دڵدا، زەحمەتە کوێر بێتەوە
یادگارو ڕەمزو ناوی ((ژین))ی تۆ، بۆ ژیانی تۆ
هەر لە گردی یاری یارەت، مەڵبەندی جوانیو بەهار
باقییەو باقی ئەبێ، نەورۆزی تۆ، سەیرانی تۆ

لە کۆتاییدا دەڵێت:
خوات لەگەڵ خاڵە، بنوو بێ باك لە تەعنەی ڕۆژگار
پەنجو دوو ڕۆژێکی تر ئێمەش ئەبین میوانی تۆ[٩].

ا. ب هەوری، مامۆستاو ئەدیبو شاعیر لە بارەی چلەی ماتەمینی پیرەمێردەوە لە ژێر شادیڕی (بۆ شاری ئەدەب)دا بە گوتارێکی جوانی نایابو پارچە شیعرێکی بەسۆزی هەژدە بەیتیبەشداری کۆبونەوەکەی کردووە، کە لاواندنەوەیەکی دڵسۆزانەیەو بەکوڵ بۆی دەگری، ئەمەش نموونەیەکی بابەتە ئەدەبیەکانێتی: (ئەمڕۆ ڕۆژی بیر هێنانەوەی

کۆستی شای شاعیرو ئەدەب و پیرەمێردە، ئەمڕۆ ڕۆژی لیبرهێنانەوەی مەرگی خاوەن دوانزە سوارەی مەریوان و کەمانچەژەن و پەندی پێشینان و خاوەنی ژیان و ژینە، ئەمڕۆ یادی ئەو ڕۆژەیە کە بۆمبای ئەتۆمی مەرگ پایەی ئەدەبی کوردی بە مردنی پیرەمێرد لە رانەوەو رمان.

پیری سك سووتاوی تۆم و من شەویش بێدارم
بۆ نیشانەی شەو بێداری نەنگەکەی نووساومە
یادی مەرگی بێکەس و زیوەر، بەجارێ پیرەمێرد
ئاوێتەی خوێنەمو تێکەڵ ئانوزەی عومری ماومە.. (١٠)

هەر بە هۆی کۆبوونەوەی چلەی ماتەمینی شابازی شیعرو ئەدەب، مامۆستا پیرەمێردی ڕەحمەتی، ((عەبدولرەحمان بەگی بابان)) (١١).
هاوبەشی کردووە.
بیرو فیکری نازك و وردت خوایی و وەهبیە
وێنەیەکی بەرزو ڕووناکی زمانی میللی‌یە
نامریت، زیندویت بەشیعری تازەو ڕەنگینەوە
بەیتی شیرینی ((مەم وزین)) مێژووی بەنگینەوە (١٢).

کەم کەس هەیە شیعری ((نەورۆز))ی شاعیرەکەی خۆی نەزانێ و لە بەری نەبێ و لە ناو کۆڕو کۆمەڵدا باسی نەکا، ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە هەرە دیارو بە نرخەکانی، نەك هەر چۆتە دڵی شیعر دۆست و پیرەمێرد دۆستانەوە، بەڵکو چۆتە سەر زارو ناو دڵی هەرە زۆری خوێنەران و نەخوێنەوارانی کوردەواری‌یەوە کە بووە بە جۆشترین سروودی مارسلیزی شۆڕشگێڕانەی کوردو کوردستان. ئەمە دوایین

شیعرێتی کە بۆ نەورۆزی گوتبێ و کاتی دانانی شیعرەکە دەگەڕێتەوە بۆ دووساڵ پێش مردنی واتە ساڵی ١٩٤٨. پیرەمێرد لە مێژووی نوێی کورددا یەکەمین کەس و شاعیرێك بوو کە (نەورۆز)ی جەژنی نەتەوایەتی کوردی بوژانەوە، لە نەورۆزی هەموو ساڵێکدا ئاگری نەورۆزی دەکردەوە، زۆر جاریش لەم بۆنەدا تووشی کێشەو پەلاماردان و بەربەرەکانیی ناپاکان و کۆنەپەرست و دەروون ژەهراویان دەهات، لە ڕۆژانی نەورۆز دا ئاهەنگی هەر گێڕاوەو لە گەڵ لاوە خوێن گەرمەکاندا هەڵپەڕکێ و زەمانوەندی ساز کردووە.
ئەم شیعرە سۆزی ئەڤین و بیری سیاسی هەستیارێکی نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخوازی کوردە بەرامبەر بە جەژنی نەورۆزی کۆنە ساڵ.
شیعری نەورۆز سەرەتاکەی بەم تاکە دەست پێدەکات:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

دواییشی بەمە دێنێ:

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وان لە دڵی میللەتا ئەژین(١٢).

وەك گوتمان شیعرەکە بۆ نەورۆزی ١٩٤٨ پێشکەش کراوە، ئەشێ ئەم دێڕەی خوارەوەی نیشانە بێ بۆ خنکاندنی چوار ئەفسەرە قارەمانەکانی کورد کە لەبەرەبەیانی ١٩/حوزەیران/١٩٤٧ لەلایەن شایەتی نۆکەری ئەڵقە لەمستی بەریتانیاوە، لە بەندیخانەی ناوەندی بەغدادا لە سێدارە دران. ئێمە وای بۆ دەچین کە لێرەدا دەست نیشانی

ساڵی (پار)ی تیا کردووە بێگومان مەبەستی ئەو کارەساتە جەرگ بڕە بووە کە (مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، عزەت عەبدولعەزیز) یان تێدا حوکمدران بۆیە گوتوویەتی:

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ‌پەست بوو تاکو ((پار))
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار[14]

قسە هەزارە یەکی بەکارە))، نوسین لەسەر پیاوێکی وەك ئەم زاتە چەندی لەبارەوە بنوسرێ‌و بگوترێ هێشتا هەر کەمە.
دیسان پێشینان واتەنی: ((نوێژکەر نورینە، ئیشکەر شیرینە))، ئا بەم شێوەیە پیرەمێردی نەمر پاش (٨٣) ساڵ تەمەنی پڕ تێکۆشان‌و هەوڵدان لە ١٩٥٠/٦/١٩ بەهۆی نەخۆشی گورچیلەوە دڵی پڕ پیاوەتی لە لێدان کەوت‌و کۆچی دوایی لەژیان‌و لەجیهانی شیعرو وێژە کردو لەسەر ئەسپاردەی خۆی لە گردی (مامە یارە) کە کەوتۆتە خۆرهەڵاتی سلێمانی‌یەوە مەرگ تەرمی نازداری بە خاك سپاردوو چوەکۆشی سروشتی دایکی نیشتمان‌و ناوی چۆتە لیستەی ئەو نەمرانەی کە لەمێژووی مرۆڤایەتی کورددان‌و هەموو ساڵێککی بەوپەڕی ڕێزەوە ئاهەنگی بۆ دەگێڕن. شایانی باسە ڕۆژێك بەر لەوەی کۆچ‌و بار بکات هەندێ پەندو ئامۆژگاری بۆ بەجێ هێچشتووین، هەمومان لەوە بەئاگاین کە لە مێژەوە هەست کراوە دەردی هەرە گەورەی دواکەوتوویی باری ژیانی کۆمەڵی وولاتەکەمان نەخوێندەوارییە. لەوەسیەت نامەکەی‌دا پەی بەو ڕاستی‌یە بردووە دەڵێ:

ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕو کچ تا خوێندەوار نەبن بێ سوودە، هەموو شتێك بە عیلمو فەنەوەیە وەکو وتوومە:

لای من بە خوێندەوارییە، ئاە خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کە فەنی نەبێ نەردی کارییە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزووی ئەکەم
بیبینمو نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم!

ئامۆژگاریم ئەوەیە بە شوێن مادە مەکەون..[15] لە کۆتـاییدا هـەزاران سڵاو ودروودی پیرۆز لە گیانی پاکو ڕەوانی ((پیرەمێرد))ی بە ئامانج نەگەیشتوو.

سەرچاوەو پەراوێزەکان

١-مامۆستا عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٧١ل-٤٥٧،

٢-گوتاری مامۆستا عەلائەدین سوجادی، لە ککتێبی یادی ((پیرەمێرد))دا، ئەو نووسراوو شیعرانەن کە لە ئاهەنگی چلەی کۆچی دوایی پیرەمێرد دا خوێندراوەتەوە لە سلێمانی، لە سەرئەرکی (یانەی سەرکەوتن)و لە ژێر چاودێری مامۆستا عەلائەدین سوجادیدا لە چاپ دراوە، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥١ل-١٣.

٣-یادی پیرەمێرد سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٤-ئەم چیرۆکە بۆ جاری دووەم (مامۆستا محەمەد رەسوڵ هاوار) بە چاپی گەیاندۆتەوە. بڕوانە ((دوانزە سوارەی مەریوان))، سلێمانی، چاپخانەی ژین، ١٩٥٩. هەروەها لە لایەن عەبدولرەحمان نورجانەوە کراوە بە عەرەبی-بڕوانە (الفرسان الاثنی عشر مریوان) بغداد مطبعة اللواء، ١٩٥٨. تکایە بۆ ئەم مەبەستە تەماشای کتێبەکەی (لێکۆڵینەوەو بیبلوگرافیای چیرۆکی کوردی)ی مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی، ل ٣٥، پەراوێزی ٣٤ بکەن.

٥-مامۆستا عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی.چ٢، بەغدا، ١٩٧١، ل٤٧.

٦-یادی پیرەمێرد، ل٧٢،٧٤.

٧-یادی پیرەمێرد، هەر ئەو سەرچاوەیە،ل٩٠،٩١،٩٢.

٨-ناوی ئەحمەد کوڕی دەروێش کوڕی عەبدوڵڵا ئاغایە، لە ساڵی ١٩١١، لە گەڕەکی ((دەرگەزێن))ی سلێمانی لە دایک بووە، ناز ناوی شیعری (ئەخۆڵ)ە یەکەم هۆنراوەی لە ساڵی ١٩٣٠دا داناوە بە ناوو

نیشانی (بێنەوا)و لە ڕۆژنامەی ((ژین))دا بڵاوکراوەتەوە، ئەوی شیاوی گوتنە شاعیر سەر بە ڕێبازی قوتابخانەی کلاسیکە.
ماوەی (٤٠) ساڵ کاربەدەستی میری بووە.، بەپیت ڕێکخەر (مرتب) لەچاپخانەی شارەوانی سلێمانیو ئەوجا بەنووسەری دادگا (المحكمە) دامەزراوە. وەلەساڵی ١٩٧٠دا خانەنشین کراوە، دوو ساڵان بوو لەنازو نیعمەت کراو باوکی بەپیر بانگەوازی فەرمانی سوپاییەوە دەچێو کرا بەسەربازی (جەنگی کێتی جیهان)یو شەهید کراو نەگەڕایەوە. پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئەم ئەدیبو نووسەرو ناودارانە هەبووە (گۆران، بێکەس، شێخ نوری شێخ صالح، بێخود، شێخ سەلام، هەردی)، لەمەر هەموویان زێدەتر پیرەمێرد بەهۆی ئەوەی کەماوەیەك بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ژین) بووە. لەبابەت شیعرو ئەدەبیاتەوە سودی زۆری لێ وەرگرتووەو خزمایەتیشیان هەبووە، خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی خۆماڵیدا لای مامۆستا (ملا فاطم) قورئانی پیرۆزی تەواو کردووە لەپاشان قوتابخانەی دەوڵەتو تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە، ئیتر لەبەر هەر هۆو سەبارەتێك بووبێ کەئێمە لێی بێ خەبەرین نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات.
٩- یادی پیرەمێرد ل ١٠٤-١٠٥.
١٠- یادی پیرەمێرد، سەرنج ا.ب. هەوری، یەکێکە لەنووسەرو شاعیرە دەرکەوتووەکانی کورد. ناوی ڕاستەقینەی ئەبوبەکر کوڕی شێخ جەلال کوڕی تەهایە، خوشکەزای شێخ سەلامی شاعیرە. لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا سەرناو، تخلص))ی ئەدەبی ا.ب.هەوری، بووە. ، لەساڵی ١٩١٥دا لەگوندی سیتەك لەناوچەی شارباژێڕ، لەدایك بووە، تائێستا چەند بەرهەمێکی لەبابەتە ئەدەبییەکاندا خستۆتە بەردەست

خوێنەرانی کورد ساڵی ١٩٢٥هاتۆتە سلێمانی‌و چۆتە قوتابخانەی زانستی ئێواران‌و لەساڵی ١٩٣٥دا چۆتە قوتابخانەی مامۆستایان‌و لەساڵی ١٩٣٨دا بۆتە مامۆستای سەرەتایی لەهەڵەبجە. لەپێنجوێن‌و سورداش‌و سلێمانی مامۆستایی کردوە. لەساڵی ١٩٦٦ کەبەڕێوەبەری قوتابخانەی ((کانی‌ئاسکان)) بوو خانەنشین کراو لەبەرەبەیانی ١٩٧٩/٤/٨ چاوی ئارامی لێك ناو لەسلێمانی نێژراوە، ئەوە پێویستە بڵێم بەبۆنەی چلەی ماتەمینی خوداڵێخۆشبوو (ا.ب.هەوری، یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی پاش نیوەڕۆی‌ڕۆژی پێنج‌شەممە، ڕێکەوتی ١٧ مایس ١٩٧٩ کۆڕێکی شۆخیان لەهۆڵی یەکێتی گشتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانی ساز کرد. ژمارەیەکی زۆر لەئەدیبان‌و نووسەران‌و خانمان‌و پیاوانی شاری بەشکۆ سلێمانی بەپەرۆشەوە لەو کۆڕەدا ئامادەبوون‌و دڵیان کردبوو بەهێلانەی خەم‌و پەژارە.

١١- عەبدولڕەحمان بەگ کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی خالید بەگی کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای بابانە، لەساڵی ١٢٩٦هـ-١٨٧٨ز لەسلێمانی پای ناوەتە سەر جیهان. دوای چل ڕۆژ باوکی بەرەحمەت چووە. ڕۆژی ١١-مایسی ١٩٦٧ز گوڵی ژیانی هەڵوەری‌و بۆ دواجار خواحافیزی لێکردین. وەلە گردی مامەیارە لەتەنیشت پیرەمێردە وەبەخاکی پاکی نیشتمان سپێردراو کۆتایی بەژیانە پڕ لەناسۆری‌یەکەی هات. ساڵی ١٨٩٦ دەستی داوەتە شیعر دانان، بەزمانەکانی تورکی‌و فارسی‌و کوردی شیعری گوتوە لەشیعردا نازناو (لقب)ی، حزمی بووە تا ساڵی ١٩١٨.. ئیتر دەستی هەڵگرتووە لەو نازناوە وەلەهۆنراوەکانیدا نازناوی ((بابە))ی بەکارهێناوە تا دوایی،

بڕوانە نووسینەکەی (عبدالرحمن بەگی بابان)ی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، گۆڤاری بەیان، ژ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤) شیعرەکانی لای مامۆستا خاڵە، شێخی بەڕێز بەخەتی کوردی سەرلەنوێ نووسیونیەتەوەو (٢٥) پەرە پێشەکی بۆ نوسیوون. (گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢١، کانونی دووەمی ١٩٧٥ ل١٠. چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کاك ئەسعەد بەگی کوڕی عەبدولڕەحمان بەگی بابان.

١٢- یادی پیرەمێرد، ل٨٩.

١٣- مامۆستا محەمەد رەسوڵ (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، بەغدا، چاپخانەی (العانی) ١٩٧٠ ل١١٩-١٢٠.

١٤- بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو، ل١١٩.

١٥- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٠.



مەلای گەورە

١٩٤٣-١٨٧٣

مەلای گەورەی کۆیە زاناو بلیمەتی کورد

شاعیرو زانای بەناوبانگ (مەلای گەورە) یەکێکە لە ناودارانی گەلەکەمان، پایەو پلەیێکی بڵندی لەناو شاعیرو ئەدیبانی سەردەمی خۆیدا هەبووە، هەمیشە وەکو ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمان لەدنیای ئەدەبدا شوێنێکی زۆر باڵاو بەرزو پیرۆزی بووە، مەلای گەورە بە شیعرە پڕهەستو بە سۆزەکانی بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە سۆزو خۆشەویستی تێیاندا بەرانبەر گەلو نیشتمانەکەی- دەربڕیوە، خۆی گەیاندۆتە دڵو دەروونی هەزاران ئەدیبو ئەدەب دۆستان.

شیعرەکانی لە زۆرکاتو شوێندا دەوترێنەوە، ئەم شاعیرە بۆشاییەکی لە جیهانی پانو بەرینی ئەدەبی کوردیدا پڕکردۆتەوە، وەکو هەموو شاعیرو ئەدیبو نوسەرانی گەلەکەمان ناوی زیندوەو نامرێ، لاپەڕەی پیرۆزو پرشنگداری ئەدەبی کوردی بەرێزو حورمەتەوە ناوی دەهێنێ، تابەرهەمی زیندوو بێ خوێنشی زیندووە، هەتا نەتەوەی زیندوو بێ بەرهەمی زیندووە. کەواتە لەمەوە ئەگەینە ئەومعادەلەی کە ناوی خزمەت گوزار هەر بە زیندوویی ئەمێنێتەوە.

دیوانەکەی چەند جارێك ەل لایەن خوا لێ خۆش بوو، گیوی موکریانیەوە (١٩٢٠-١٩٧٧/٧/٢٤) کە دواییینیان چاپی چوارەمینە لە ساڵی ١٩٦٩دا لەهەولێر چاپ کراوە کە بە (دیاری مەلا محەمەدیکۆیی) ناو براوەو، بۆتە چرایەکی روونائو تیشکی گەییوەتە ژێر دەوارو رەشماڵو خێوەتی هەموو ماڵە کوردێ.

شاعیرو زاناو نیشتمان پەرەستو هەستیاری بەرزمان ناوی ((محەمەد))ەو کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی حاجی مەلا ئەسعەدە. لە ساڵی ١٨٧٣ی زایینی لە شارۆچکەی ((کۆیە))دا لە کۆشی خێزانێکی خانەوادەی زانست پەروەر کەوتۆتەوە ، پێنج ساڵان بووە کەدایکی کۆچی دوایی دەکات. لە پاشان باوکی پەروەردەی

کردووەو خستویٚتیە بەرخویٚندن، لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا خویٚندن تەواو دەکات. هونەری هەستیاریٚتی لەحاجیو کەیفیو شێخ رەزاو مەنفیو باوکیەوە فیٚربووە. لەباوکیەوە سەرناوی سەرۆکی زانایان ((رئیس العلماء)) ی بۆماوەتەوە. هەر لەبەر ئەوە بووە کە بەمەلای گەورە ناوبانگی دەرکردووە. لە ساڵی ١٩١٢دا بووە بەمفتی کۆیەو لە١٩١٩دا بووە بە قازی ئەو شارە. لەساڵی ١٩٢٤بووە بەئەندامی دامەزراندنی عیٚراق (المجلس التأسیسي العراقي) هەڵبژیٚرراوە. لەو سەردەمەدا بۆ مافی نەتەوایەتیمان قسەی کردووە- دوای ئەوەیش کراوەتەوە بە قازی کۆیەوە لە ساڵی ١٩٢٨دا بۆ دوایین جار واز لە کاروباری دەوڵەت دیٚنیو بەدانانی کتیٚبی زانیاریو زانستی ژیانی بەسەر دەبات، بەجۆریٚك کە پلەی زانایی زۆ باڵا بووە، بەهەشتی حاجی قادری کۆیی لەنامەیەکیدا کە لەئەستامبووڵەوە بۆحاجی مەلا عبدالله جەلی نوسیوە، ددانی بەبەرزیٚتی پایەی زانیاری واندا ناوەو فەرمویەتی:

بەغەیری جەددی ئیٚوە کیهە دانا

لەکوردستان بناغەی عیلمی دانا؟ ل/(١)

شیعری مەلای گەورە:

ئەگەر سەیریٚکی شیعرەکانی مەلای گەورەی کۆیی بکەینو ورد بینەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبیٚتەوە، سەرجەمی شیعرەکانی لە پیٚناوی راستیوکورد پەروەریدا وتوون، بەگژ بیرو باوەری پوچەڵی کۆنەپەستیو رەگەز پەرستیو چەوساندنەوەی چینایەتی داچووە.

لەنمونەی شیعری هەناسە ساردیو خەمخۆریدا، نمونەی شیعری (تاکەی لە غەمت) دەست نیشان دەکەم:

تاکەی لە غەمت یەقەی کراسم بدرم

نیٚزیکە لەدەردو حەسرەتی تر بمرم

بۆ خاطری خووا لە پاشی مەرگم جارجار

ئامێستە رووی وەفا وەرە سەر قەبرم

گەرمەرحەمەتی بە من نەکەی سابیکە

ئەم ماوە تەحەممولی جەفا چی دیکە

رۆژێکی ئەگەر خودا نەکا نەتبینم

بێ شك هەموو دونیام لە نە ظەرتاریکە ل/٧٠

شیعر لای شاعیر لە رووی مەبەستو ناوەرۆکەوە بەهێزە، ئەم شیعرە بریتی‌یە لە هاندانی رۆڵەی وڵاتەکەی بۆ راپەڕینوخۆگۆش کردنو هوشیاری لەبارەی خۆ رۆشنبیرکردنیانەوە، ئەولەنەی بەلای شاعیرەوە دەبێ کەسانی زرنگونیشتمان پەروەربن لەو رێگایەوە دەتوانێ باڵی بەم لاو بەولادا بهاوێ، وەکو لەم ئامۆژگارییەی بەرەوەدا دەری خستووە، باسی زانیاری کردووە، چونکە تا خوێندەوارو داناو پێگەیشتوو نەبێ بێ سوودە، هەموو شتێك بە زانینو عیلمەوەیە وەکو وتوویەتی:

ئەوەی زانایە ناو جەرگی پەلاسە

ئەوەی نادانە نازانێ چەباسە ل/١٤

کەدەڵێم ناوەرۆك: بەڵگەم بۆ ئەوە ئەوەیە کە ئەو بۆچونە زیاتر لەمەلا محەممەدەوە نزیکە، چونکە ئەوزیاتر بەو باسو خواسانەوەخۆی ماندوو کردووە، وەبە زاناو بلیمەتێکی کۆمەڵایەتی بەناو بانگ بووە. ئەمەلەلایەك،لەلایەکی کەشەوە وەك حاجی قادری کۆیی(١٨١٦-١٨٩٧)

گرنگی‌یەکی ئەوتۆی بە هونەری شیعر نەداوە بەڵکو زیاتر مەبەستی ناوەرۆك بووە. بۆیە شیعرەکانی لە بارەی ناوەرۆکەوە بەهێزە، بەڵام لەبارەی هونەری‌یەوە لاوازە، کە ئەوە لای مەلای گەورە وەك شاعیرێکی بەدەسەڵاتو گەورە لەبارەی هونەری شیعرەوە ەل شیعر وتنا بەدووره.

شیعرەکانی بەزمانێکی ڕەمەکی‌و هاسان وتوونی تا خەڵکە ساکارو سادەکان زوو حاڵی بکات، ئەمە بەگشتی، لەو بارەیەوە ئەم چەند دێرە بە وێنە دێنمەوەتا خوێنەرانی بەڕێز ئاشنا بن:

مەستە پێشکەوە ئەی لاوی کوردی

ئاگات لەخۆبێ کاروان رابردی

بەنوری عیلم ڕێگا بەدەرخە

بەزۆی باسك کاری بەسەر خە

ل٣٤

ئەی لاوی کوردی نووری دوو چاوم

قووەتی دڵم جەرگو هەناوم

هیچ فەرقو ناکەم لەگەڵ مەسعودی

خوا بوو پارێزێ لە چنگ حەسوودی

ل٣٦

هەڵوێستی مەلای گەورە ئیلتیزامە بەمەسەلەی نیشتمانو ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی فیکرو مرۆڤایەتی‌و ئاوێنەیەکی روخسار جوانی بێ خەوشە لەدڵی جەلی زادەی ناوداری کۆییدا:

ئەوی ڕێگاری لە کوردەکان گۆڕی
لەعنەتی خوا لە ئەلحدو گۆڕی

ل٣٠

ئێوە ئەولادو جەرگوناوی منن

ئێوە نووری گلێنەی چاوی منن

ل٣٣

مامۆستای گەورە لە پاش خزمەتێکی فرە، لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدا سەر لەبەیانی ڕێکەوتی سێ شەممەی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣دا، کۆچی ماڵاوایی لێکردینو گەڕایەوە ی لاخوای خۆی.

پێنج کتێبی کوردیو چواردە کتێبی مبزمانی عەرەبی مبرهەم هێناون کە مەمووی زادەی بیرو هۆشی خۆیەتی.

درورد لەگیانی خاوێنی مەلای گەورەو لەهەموو ئەو شاعیرو ئەدیبو ڕەوشەن بیرانەی کە نووکی خامەیان بۆ خزمەتی ڕاژەی گەلو مرۆڤایەتی تەرخان کردووە، بۆئەوانەی خاوێنیو پاکی وشەی پیرۆزی کوردی یان لایە.

سلێمانی/١٩٧٨

سەرچاوە:

دیاری مەلا محەممەدی کۆیی، چاپخانەی کوردستان، چاپی چوارەمین، هەولێر ١٩٦٩.



زێوەر

١٨٧٥-١٩٤٨

بادە خۆری راستیو دیوانەی ژیانی مەردایەتی

یەکەمین کوردێك کەلەسەر ژیانوبەرهەمی شاعیرو ئەدیبی بەنێو بانگی کورد مامۆستا "زێوەر" ی نوسیبێو بەگوێی دڵی خوێنەرو روناکبیرانی گەلی کوردی ناساندبێ، شاعیرو رەخنەگرومێژوو نووسی نەمر مامۆستا رەفیق حیلمی(١٨٩٨-٤-٨-١٩٦٠) بووە[1]. دوای ئەو مامۆستای هێژا علائەدین سوجادیش شوێنێکی بلندی لەچاپی یەکەمو دووەمی مێژووی ئەدەبی کوردی"یەکەیدا بۆبنچینەو بنەماڵەو بەسەرهاتی ژیانو پایەی ئەدەبیی تەرخان کردووەو چەند زانیاریەکی زێدەتری دەربارەی نوسیوەتەوە [2]. لەپاش نزیکەی چارەکە سەدەیەك مامۆستا شاکیر فەتاحیش نامیلکەیەکی لەمەڕ شاعیرەوە بلاو کردەوە [3].

جابا بێینە سەر ئەوە لایەنی هەندێ شیعرەکانی بنوسین بۆ ئەوە کەمێك شارەزای چۆنیەتی هەڵسوکەوتیو پایەی ئەدەبی زێوەرمان لە دەلاقەو کلاو رۆژنەی شیعرەکانیەوە بۆ دەرکەوێ.

کورتە پێناسینێك:

ئەستێرەی گەشی ئەم شوێنەمان ناوی مەلا عەبدوڵلا کوڕی محەمەد ئەفەندی مەلا رەسوڵە. لە چارەکی سێیەمی چەرخی نۆزدەهەمدا لە شاری سلێمانی لەدایك بووە،ئەم مەردە گەورەیە هەرلەمنداڵی یەوە زیرەکیو هۆشیاریو بیر تیژی لەسەرو سیمای دا دیاری داوە، لەسەر پەیڕەوی خوێندنی ئەو کاتەو وەك هەموو منداڵانی دێ لە (٧) حەوت ساڵیدا نراوەتە بەرخوێندن، سەرەتا لە حوجرەی مەلا سەعید خواجە ئەفەندی "دەستی کردووە بەخوێندنی قورئانوگولستانوکتێبە وردەڵەکان، بەهۆی فەقێیەتیەوە گەلێك مزگەوتو شوێنی کوردستان گەڕاوە، وەك سلێمانی، مەریوان، بانە، موکریان،سابلاغ، هەولێر، کەرکوك لەپاشان کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی لە مزگەوتی "بن تەبەق "

:لە كن عرفان ئەفەندی دەستی كردووە بە خوێندنی عیلمی عروضو قافیەو بووە ، زۆر مشتاقی ووتوێژیو شیعروئەدەبیاتی نەتەوە هاوسێكانمان بووە، زۆر موشتاقی ووتوێژی شیعرو ئەدەبیات بووە. ئەمانە لەلایەكو، لەو لاكەی كەشەوە هەموو دەمێ ژیانی بۆ وریاییو بەرزبونەوەی پلەی تێگەیشتنی میللەتی كورد تەرخان كردوە. بۆ خوێندنو فێربوونی زانستی، لە ساڵی "١٣١٧"ی رۆمیدا چۆتە ئەستەمبوڵو ماوەی چوار ساڵی لەوێ ماوەتەوە، لەوێلەگەڵ پیاوی عالەو ئەدەب پەروەرانا تێكەڵاویو هەڵسوكەوتی بووە، هەروەها هەمیشە لەگەڵ ئەو كوردانە كە لەوێ كاربەدەست بوون هامشۆی كردوون. ئەوجا كەهاتۆتەوە بۆ سلێمانی (ساڵی ١٣٢٤) ی رۆمیدا هەر لە سولەیمانی كراوە بە مامۆستای مەكتەبی "رشدیە"ی عسكەری، لەدەوری حكومەتی عێراقیشدا یەكەمجار كرا بە مامۆستای اعدادی ملكی، كە زانستی لە سولەیمانی دانرا، زێوەر وەكو چۆن ئەندامێكی تەواو بووە تێیدا هەروەها مامۆستایەكی دڵسۆزیشی بووە[4]. هەروا لەدەوروبەری پارێزگای سلێمانی مامۆستایی كردووە، لەپاش نزیكەی سێ ساڵ وانە گوتنەوە، لە ساڵی ١٩٤٢دا خانەنشین بووە.

مامۆستا زێوەر پیاوێكی پیاوانەو دیندارو خواناسو ڕەوشت بەرز بووە، زمان شیرینو دەم بەخەندە بووە، لەعەرەبیدا مەلایەكی تەواو بووە، ئەم زمانانەی بەچاكیو پوختی زانیوە: عەرەبی، فارسیوتوركی، وەك شاعیرێكی زۆر بەرزو بالا بووە لەهەموو جۆرە بابەتێكەوە بەكوردی لە شیعر دواوە- دڵداری، كۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابوری، فەلسەفە، دیمەنی سروشتی كوردستان. زێوەر وەكو چۆن شاعیرێكی كوردی بووە، هەروەها لەفارسیو عەرەبیو توركیشدا شاعیر بووە، هیواو خۆشیو هەلاتنی خۆری ئازادی گەلو نیشتمانەكەی لەم خالانەدا دەست نیشان كردووە، بەگژداچوونی زۆرداری، لەناوبردنی نەخوێندەواری، نەهێشتنی هەژاری، حەقبێژی.

زێوەرو شیعر

مامۆستا زێوەر وەكو ڕەوشو ئاكاری زۆربەی شاعیرانمان لەسەرەتی هەرزەكاریدا دەمی بۆغەزەل بردووە،كەدێتە مەیدانی شیعری غەزەلەوە بەشاكارەكەی باسی جوانی ئەو كەنیشكە كوردەت بۆ دەكا كەكانی سۆزی ئەوشیعرانەی پێ تەقیوە، لەبادەنۆشی دڵداریداو بەداوی زوڵفی پێچو لوولی دڵبەری شۆخو شەنگی نازدارییەوە گرفتار بووە، ئەمانە بوونە هۆ كەمامۆستا زێوەر ئەم شیعرانەی بۆبڵێ، ئەوەی شایان پێ بگوترێو پەنجەی بۆ درێژ بكرێ ئەوەیە زۆرینەی شاعیرە دێرینەكانمان هلگەڵ غەزەل خەریك بوونو بەئاخوداخی دڵدارییەوە تلاونەتەوە، نەك بەوێنەی "وەلیدێوانە"و "نالی"... تووشی سوێروتاڵی مەعشوقە هاتبێ بەڵكو بەشی هەرەزۆریان بەخەیاڵ بوون بەعاشق، سەرەتای ئەم باسە دەكاتەوەو دەڵێ:

تكانی ئابڕوی چەمەن بەڕووی ئابدارەوە

شكانی نرخی نەستەرەن، بەزوڵفی مشكبارەوە

هیچ شتێكی دی خەمو پەژارەی دەروونی نارەوێنێتەوە ئەم دڵۆپی نارەقەی ڕوومەتی دڵخوازەكەی نەبێ، لەسەر پێدا هەڵدانەكەی خۆی بەردەوام دەڕواو دەنوسێ:

عەرەق نییە لە عالەما،كەلابەرێ لەدڵ غەما

جگە لە قەترە ئارەقێ لە ڕووت كە دێتە خوارەوە

فەرەنگ ڕوو زەنگەمو، عەجەم سیاقو ڕوس خو

ئەناسرێ، كەكوردە زوو بەپێچی لارو خوارەوە (٥)

قوربـانیدان تاکـه ڕێگایەکـە بـۆ گەیشـتن بەسەربەسـتیو کۆمـەڵێکی ئاسوودەوبەختەوەر،میللەت بەبێ ڕەوشتویەکێتی بیرو باوەڕو شۆڕشو تەقینـەوە، مەحاڵـە رزگـاری بەدەسـت بێنێ،ئەگـەر لـەڕێگای خـەباتێکی رێکو پێکی قارەمانانەو تێکۆشـانی راسـتینەی شۆڕشـگێڕانەوە نـەبێ، بەتەنیا ئەمە بەس نییە، دەبێ جوڵانەوەی خەباتی سیاسی واتە: قەڵەمو نووسینو رۆشنبیریو هۆشیاریشی لـەپاڵدابێ، چەکو شـۆڕش بەتـەنیا ئەو دەورە کاریگەرو گرنگە ناگێڕێ، هەروەها خەباتی سیاسیش ئەگەر هـێزی چەکداری لەگـەڵدا نـەبێ ناتوانـێ رۆڵـی خـۆی ببینێـت... ئـەم چامەیەی پارچە شیعرێکی نایابی پڕ لە زانیاری مێژوویـیە، نیشانەی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەریو هەستی خۆشەویستی خاکونەتەوەکەی لەکورەی دەروونێکی بەجۆشەوە دەردەبڕێ. باوەڕی قایمم ئەوەیە کە ئـەم شـیعرەی لـە گشـت شـیعرە نەتەوایەتیـەکانی دیکـەی زێدەتـر کوردانەیە، ئەوەی شایانی باس بێت ئەم شیعرە لـە ساڵی "١٩٢٤ز"دا بۆ راپەڕینە خوێناویەکانی کوردی کوردستانی باکوور گوتووە کە شێخ سەعیدی پیران "١٨٦٨- ٢٨حوزەیران/١٩٢٥" سەرۆکو پێشـەوای ئەو راپەڕینـە شۆڕشـگێڕانەیە بووە کە سەرکردایەتی دەکرد، ئـەم کۆپلـەی خوارەوە دەخەینە بەرچاو:

هەر "فیدای" لە "ئینقلابا" چوو

پێی مەڵێ مردووە، بڵێ- زیندوو-

چونکە بێ (شوبهە) موددەتێکی زوو

شێری مەردان لە "نەسلی" پەیدا بوو

اقارەمانو دلاوەرانی پەسین

"وەتەن ئیحیا" ئەکەن بەعەزمی مەتین (٦)

لەمەیدانی کۆمەڵایەتیشا مەیلی ئامۆژگاری زۆبووە، لەیەکێ لەپارچە شیعرە پەندو ئامۆژگاری‌یەکانی‌دا ڕەخنە لە خوورەوشتێکی ناقوڵای کۆمەڵەی کوردەواریمان دەگرێ ئەمە بەمانا فراوانییەکەی لە ڕووی ئایین‌و دابو نەریتو کەڵچەرو... گەلێ ڕووکاری دی کە ڕەوشتی مرۆڤایەتی ەبگشتی ئەم کارانەی پێ چاك نییە، وێنەی ئەم بیرانەی زێوەر کە هەمووی لە قازانج‌و بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئادەمیزاددایە بەڕوونی لە چەند جێگایەکی دیوانەکەیدا خۆی دەنوێنێ بەڵگەشمان بۆچەسپاندنی ئەم ڕاستییە لە پارچە شیعری "ئەی گوڵی گوڵزاری دین.." و "مەعاریف" و "دیاری"و "سێ هاوڕێی چاوبرسی". چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە بە شیعر داینا‌وەو "خۆت سووك مەکە بە غائیلەی سەد مەرامەوە" و"زەمانە" دا دەردەکەوێ، لەپەندو ئامۆژگارییەکانی مامۆستا زێوەر ئەم دوو شیعرە هەڵدەبژێرین‌و دەیکەین بە نموونە:

یەك عەیبی خەڵك ئەبینی خۆت ساحێبی هەزاری

خەڵکت لەلا خەرارە، خۆیشت وەکو دەواری

چۆن پێت بڵێم موسڵمان، یافەردی نەوعی ئینسان؟

دووری لە خێرو ئیحسان، مەستی مەی‌و قوماری (٧)

هەروەها لە پارچە شیعری "چاوەکەم حوسنت زیاد ناکا..."یش سەرنجمان بەلای ئەو مەلاو شێخە تەمەڵ‌و تەوەزەلانە کێش دەکا کەلە ژیانا هەر بۆهەڵپەی سوودی تایبەتی خۆیان هەوڵیان داوەو لەبیرو باوەڕو ئامانجی پیرۆزو لە ڕێبازگەی ئایینی موسڵمانەتی ڕاستەقینە لایان داوە، بۆیە وەك بڵێسەی ئاگر بەڕووی ئەوانەدا بەرز دەبێتەوە کە هەموو مەبەستێکیان خۆپەرەستی‌و هەڵخەڵەتاندن‌و لادانی مەردم بووە

لەسەر ڕێگای ڕاستی ژیان کەئەمە نەك پەتاو نەخۆشیەکی پیس‌و دەردێکی کوشندەیە، بەڵکو نیشانەیەکی زەقی بۆشی‌و ناتەواوییە.

ئەی مولەرپیس عیلمی "دینو فەننی دنیام" پێ بڵێ

تا ڕەواجی بێ لەلای ئەم خەڵکە جوببەو "مێزەرەت"

ڕێگەیەکم پێ نیشانده پێی بژیم لەم "عەسرە" دا

وەرنە من باوەڕ ئەکەم "زاهید" بە ڕۆژی مەحشەرت

پێی دەڵێن ئەم عەسرە، عەسری "ئینتیبامەو ئیرتیقا"

تۆیش کەچی هەر نووستنە، هەر ڕاکشانە جەوهەرت (٨)

کە لەمە دەبێتەوە، دیسان هەر لەباری کۆمەڵایەتیدا دێتە سەر بەربەرەکانێ‌و ئامۆژگاری کردنی ئەو کەسانەی کە سەرخۆش‌و مەستی بادەی مەی‌و شەرابن، ئەو جۆرە دێتە ناوەوە قسەی خێرو چاکە بۆ ئەولاوانە دەکا کە بائارەق خواردنەوەوە خۆیان خەریك کردووە.

زێوەر وەك مامۆستاو باوکێکی دڵسۆز ڕوویان تێ دەکاو دەڵێ:

تۆ کە سادەی "عەرەق" مەخۆ ڕۆڵە

هاو پیاڵەت "منافق" وزۆڵە

مێزی قاچت نییە هەتا ڕاکەی

دەستەکانیش لە بۆ "دفاع" کۆڵە

پەردەی تاریکی هەڵدەداتەوەو دیمەنێککی ڕوون دەهێنێتە پێش چاو:

باوەڕێکتان ببێ بەشەرع و حەدیث

خوا ئەسینێ لە "مجرمان" تۆڵە

هەرچی ئیشێ بکەی (غیب) نابێ

وامەزانە کە سەر زەمین چۆڵە (٩)

زێوەر وەکو گوتمان ئەدیبێکی پایەبەرزو شاعیرێکی گەورەو بەدەسەڵات بووە، لەشیعری کلاسیزمی کوردیدا لە ڕووی بەکارهێنانی هونەری ڕەوانبێژییەوە شاعیرانی سەر بەقوتابخانەی کلاسیزم وردەکارییەکی فرە وفرەوانیان لەکارهێناوە. مامۆستا زێوەریش یەکێکە لە شاگردانی دوای قۆناغی "نالی"و... ئەو قەتابخانەیە. لەهونەرەکانی شیعردا زاناو بسپۆڕ بووە ، لەمەیدانی عیلمی ڕەوانبێژیو جوانکاری و ووشە ڕازاندنەوەو ووردەکاریدا دەستێکی باڵای بووەو چالاکانە ئەسپ و قەڵەمی خۆی تاو داوە، "بەڕاستی زێوەر لەم باسی جیناسکاریەدا گۆی هونەری دەرکردووەو بەلاغەتی زمانی کوردی دەرخستوە، بگرە تاکی ترازوی لەگەڵ "نالی"دا ڕاست کردۆتەوە" (١٠).

لەم شیعرەیدا بیرێکی زۆر جوان و ووردی لەبارەی هونەری بەلاغەوە، لە زمانی کوردیدا ڕازاندۆتەوە، زێوەر دەنووسێ و دەڵێ:

بانەچێتە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانە بێ

لازمە ئەو ئاسکە لەولا نەبێ، لەو لانەبێ (١١)

سێبەری ووشەی ڕەگەزدۆزی لەنێوان ووشەکانی "لەو لانەبێ"دا هەیە، ئەم بەشە لە بەلاغدا پێی دەڵێن "جووت ڕەگەز"، "جناس مرکب" چونکی دوو ووشەکان لە ڕواڵەت یەك شتن بەڵام هەرەیکە واتای تایبەتی خۆی هەەی. یەکەمیان جووتە بەواتای لەلای ڕەقیبو ناحەزانو دووەمیان تاکە بە واتای "ماڵ" ئەو شوێنەی جێی پشوو حەوانەوەیە. دەڵێ: یارە نازدارەکەم باڕوو لەولا نەکا کە "لای ڕەقیب"ە پێویستە ڕوو لەو لانەیە بکات کە ماڵەوەیەتی.

لەسروودو گۆرانیا منداڵو قوتابیانی لەبەهرەی شیعری بێبەش نەکردووە، ئەم بەشەشی تادڵ حەزبکاو بیەوێ بەشەوقو شیرینە، ماموستا زێوەر ئەم سروودەی ناونیشانی قسەی شاگردێك:- "دا لە سێ دێڕدا دەربڕیوەو دەڵێ:

ئێمە منداڵین وەتەن ماڵمانە

ماموستا باوك، "مەکتەب" دایکمانە

قوتابی هەموو وەك برامانە

کوردی خۆشەویست نوری چاومانە

ئەبێ تێکۆشین ئەمڕۆ مەردانە

چونکو وەتەنمان چاوی لێمانە (١٢)

مانای ئەم شیعرە زۆر ڕوون وکاریگەرە، ئەوەی ئەم بەیتە بخوێنێتەوە دەست بەجێ بەزەیی پیا دێتەوەو پێکەنینی لە بیر دەچێتەوە، لە باری گوزەرانی ژیاندا ئەوەندە کڵۆڵ و زەبونو کەم دەرامەت بووە ژیانێکی کولە مەرگی ساکارانەو تاڵ وسوێرو پڕ دەردەسەریو ناکامی جەورو ستەمی ڕۆژگار ڕایبواردووە. جارێکیان یەکێك لە ئینگلیزەکان کەخاوەن دەسەڵات بوولەسلێمانیدا، ناردوویە بە شوێنیا موچەیەکی بۆ ببڕێتەوە زمانی کوردی پێ بخوێنێ بەڵام هەرچەندە هەوڵ ئەدا زێوەر دڵی

بڕوایی نەدا ئەو یارمەتی‌یە پەسەند بکات، بەخێزانەکەی خۆی گوتووە:
"ڕاستە دەستم کورتە، بەڵام نامەوێ بۆ پارە ناوی خۆم خراپ بکەم‌و پێم بڵێن بووە بەنۆکەری ئینگلیز!... "[١٣]*لەگەڵ ئەم هەموو کۆسپ‌و قۆرتانە هاتوونە سەر ڕێگای زۆر زۆر جێی شانازییە کە زێوەر توانیویێتی لەناو ئەوپڕ شەپۆلی گیرخواردنەدا خۆی بپارێزێ نەپارەو نە پایەو دەسەڵات سەری بەزێوەر نەنەواندووە، تاکو لە ژیانا بووە بەسەر بەرزی‌و ڕەندو دەروێشانە ڕایبواردووە، ئەوەتا دەردو داخی پەرێشانی دەربڕیوێ‌و بەم جۆرە باسی هەژاری خۆی دەگێڕێتەوە، سەیر کەن عیللەتی فەقیری چۆن تەعبیرو تەسویر دەکات:

حیزی‌و دزی‌و خیانەت، مەحکومی‌و ئەسیری

هیچیان دەماغ شکێن نین، وەك عیللەتی فەقیری! [١٤]

بولبولی‌خۆشخوانی سەرچڵی ئەم داستانە جگە لەبەرهەمی شیعری پڕ لەوەسفی جوان‌و مانای تەڕو ووردی، مستێ بەرهەمی وەرگێڕاویشی لەزمانە نامۆکانەوە هێناوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی‌و خەرمانی ئەدەبیاتی کوردی. ئەوەی جێی‌داخە ئەوەیە وەك زۆرەهای ئەدیب‌و شاعیرانی ترمان تاکو ئێستا [١٥] زۆرێکی بەرهەمەکانی تیشکی‌ڕووناکی چاپ‌و بڵاوکردنەوەیان نەدیتووە‌و هەربەدەستنووسی ماونەتەوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

١. دەستە گوڵی لاوان ، شیعر، ١٩٣٧

٢. خێوی ناو مزگەوت. چیرۆك،١٩٤٦

٣. سۆزی نیشتمان. شیعر، بەشی یەکەم، ١٩٥٨م - ٢٦٥٨ك.

یادگارەکانی کەتاکو ئەمڕۆ چاپو پەخش نەکراون ، بریتین :

١. بەشی دووەمی شیعرەکانی

٢. لەعەمانەوە بۆ عەمادیە "وەرگێڕاو"

٣. زێوەری فەرهەنگێکی گەورەیە (وەرگێڕاو)

٤. گەنجینەی مەردان

٥. دلنانی دەڵەتێکی خەیاڵی.

لەرۆژی ١٠تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لە سلێمانی مەیگێڕی گەردوون جامی مردنی دایە دەست و جورعەی شەرابی شەهادەت لەتەمەنی حەفتاوسێ ساڵیدا نۆشی و بۆدوایین جار چاوی ئارامی لێك نا، بارگەی کۆچی دواییەکەی نەپێچیتەوە گۆڕخانەی گردی (جۆگا) بێشکەی دیاری ئازداران بوو بەهاوسەری ئەبەدی.

ناوی سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە-٧- ساڵی -٤- تەمموز، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف،١٩٤٣، ل/١٣-١٧: گەلاوێژ، ژمارە،-٨- ساڵی-٤- اغستۆس، ١٩٤٣، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ت/٢٠-٢٤.

(٢) جەنابی مامۆستا عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ج یەکەم، بەغدا،١٩٥٢، ج دووەم، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٧١، ل/٥٢٨-٥٤٣.

(٣) مامۆستا شاکر فەتاح، زێوەر، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی،١٩٧٤، ل/٤-٣٠.

(٤) مامۆستا عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، ل/٥٢٩.

(٥) سەرچاوەی ناوبراو.

(٦) دیوانی زێوەر، سۆزی نیشتمان، بەشی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٨، ل/١٨.

(٧) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل/٣١

(٨) هەر ئەوسەرچاوە، ل/٢٤-٢٥

(٩) هەر ئەو سەرچاوە، ل/١٠٤-١٠٥

(١٠) مامۆستا عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، بەغدا،١٩٧١، ل/٥٤١.

(١١) هەر ئەوێ ل/٥٤١.

(١٢) دیوانی زێوەر، سۆزی نیشتمان، ل/٥٩"مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم" لە دیوانی بێکەسدا بە هی "بێکەس"ی لەقەڵەم داوە!.. بڕوانە: محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەفیق،١٩٧٠، ل/١٥٢؟ چاپی دووەم، بەغدا، چاپخانەی "الادیب" ١٩٨٠،ل/٢٠١.

(١٣) مامۆستا شاکر فەتاح، زێوەر، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی، ١٩٧٤، ل/٢٥.

(١٤) بڕوانە، لاپەرە ٥٤٣، سەرچاوەی دووەم.

(١٥) ووشەی "ئێستا" ساڵی١٩٨٠ دەگرێتەوە کەدەکاتە ساڵی دەست پێکردنی ئەم گوتارە.

* وێنەکانی مامۆستا زێوەرو بەختیار زێوەر لەکاک مەحمود زێوەر وەرگیراون.

موفتی پێنجوێنی

١٨٨١-١٩٥٢

موفتی پێنجوێنی شاعیرو ئاشتیخواز

موفتی، مەلا عەبدوڵڵای توتنچی کوڕی مەلا کەریمی بێستانە، شاعیرێکی نیشتمانپەروەرو ئازادیخوازی کوردەو یەکێکە لەو شاعیرو هەستیارە بەناو بانگانەی کەڕۆڵێکی گەورەو کاریگەرانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیو بواری دڵسۆزیو خزمەتکردنو خۆشەویستی گەلو وڵاتدا گێڕاوە، تاکو ئەمڕۆکەش نرخی خۆی نەدراوەتیو دەمەتەقێو تۆژینەوەو کۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر بڵاونەکراوەتەوە کەهەموولایەنەکانی شیعری تیابژلرو شەنو کەوکرابێ [1]. من لێرەدا بەچاکی دەزانمو پێم خۆشە کورتەیەك لەلایەنەکانی ژیانو شیعرەکانی ئەم شاعیرە دڵسۆزەمان بخەمە ڕوو.

مەلا عەبدوڵڵا، لەساڵی-١٨٨١ز، لە دێی بێستانە لەنزیك شارە شۆخو خنجیلانەکەی پێنجوێن، چاوی بۆ ژیانو ئاوو هەواو دیمەنی بەفرو سەهۆڵبەندانێکی سەختی وڵاتی رازاوەی کوردستانی خۆشەویستمان هەڵهێناوەو بۆدوا جار لە "١٥"ی حوزەیرانی ١٩٥٢، لەتەمەنی (٧١ ساڵی لە ژێرنەشتەرگەریدا لەنەخۆشخانەی سلێمانی گیانی پاکو بەیەزدان بەخشی.

ئەوەش پێویستە بوترێ، موفتی وەسێتی کرد کە لەگردی سەیوان بینێژن، گردی سەیوانو سێبەری دار ئەرخەوانەکانی کە بونەتە ئارامگای زۆرینەی ئەدیبانو لاوانی دڵسۆزو کەڵەپیاوانی گەلەکەمان بەجۆرێك کاری کردۆتە سەرهەستی شاعیر لەسەرەمەرگا ئەم چوارینە؛ وتووە کە لەسەر کێلێکی قەبرەکەی بنووسرێت.

ئەگەر مردم تکایە گردی سەیوان ماڵو قەبرم بێ
گەڵای ئەو دارە جوانانە، لە جێی ساباتو کەپرم بێ
تکاکارم لە ئاخردا لەبەرقاپی حەزرەتی یەزدان
لەگەڵ یارانی هاودەم، هەرلەوێ مەیدانی حەشرم بێ (٢)

بەڵام بەپێچەوانە، خواستو ئارەزووی نەهاتە دی، لەسەرداخوازی بنەماڵەو خزمو کەسو کاری، لاشەکەیان بۆ پێنجوێن بردەوەو بوویەمیوانێکی ئازیزی قەبرستانی (حاجیشێخ) کەقەبرستانێکە ئێستا کەوتۆتە ناوجەرگەی شاری پێنجوێنەوە. بەڵێ ئەستێرەی ژیانی کۆتایی هاتو ماڵ ئاوایی لەم جیهانە جەنجاڵو پڕ لەنهێنیو گرێ کوێرەیە کرد، بەڵام بۆهەتاهەتایە شەوقی شیعرە کۆمەڵایەتیو میللیەکانی هەردەمێنێو وەك پشکۆی گەشی ئاگر دەسووتێو بڵێسە دەسەنێ. سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، مەیلی خوێندنی زیاتر چۆتە سەر، بەسوختەیی بەرەو سەقز کەوتۆتە ڕێ، لەلای موفتی ئەو شارەخوێندوویەتی .

هەر بەهۆی خوێندنەوە گەشتی: سەراو، سەرچاوە، سابلاغ، بۆکانو مەریوانی هەیە، لەکاتێکدا لەبیارە خوێندنو خوێندەواری تێدا باوبووە بووە بەسەرە ڕێی ڕێبوارانو زۆربەی فەقێکانی کوردستان روویان تێکردووە، ئیتر ئەمیش بۆ خوێندن چۆتە دێی بیارەولای مامۆستامەلا عەبدولقادر دەست بەخوێندن دەکات. لەپاشان بەهۆی زیرەکیو بیرتیژییەوە، مامۆستامەلاعەبدولقادر بەیادی موفتیشاری سنەوە کەناوی مەلا عەبدوڵڵای دەشەیی بووە سەرناوی (لقب) ی موفتی پێ بەخشیوە.

لەپەناشیا دەرەتانێکی فراوانی بۆ رەخساوە کە شیعرەکانی بەناو خەڵکێکی زۆردا بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکا روو لەژیانی ئیش کردن‌و دووکانی جگەرچێتی دادەنێ‌ۆ پشت لەمەلایەتی دەکات، شیعری دەستنووسی چاپ نەکراوی زۆربووەو فەوتاوە، بەڵام بەشێکی کەم لەخەرمانی ئەدەبی شاعیر بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٥٩ لەلایەن کاك عەبدولکەریمی کوڕی بەهاوکاری‌و یارمەتی محەمەد تۆفیق وردی، چاپ کراوە.

ئەگەر سەرنجی شیعرەکانی بدەین لە رووی بابەت‌و شێوەوفۆرم‌وناوەرۆکی پێشکەوتوانەیەوە لەشاعیری زەحمەتکێشانی کورد مامۆستا قانیعەوە نزیك بووە، هەندێ شیعریان ئەگەر بێت‌و ناوی شاعیری لەسەر نەبێ، لەگەڵ هەست‌و بیروباوەڕی قانیعدا جوێ ناکرێنەوە.

موفتی هەرچییەکی لەدڵدا بوە بێباکانەو مەردانە چ بەکردارو کردەوە، چ بەشیعر بیرو باوەڕی کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری‌و ئاشتیخوازی‌و سەربەستی‌ئافرەت‌و رزگاربونیان لەکۆت‌و پێوەندی کۆمەڵایەتی‌و توخ پەرەستی‌و عەنعەناتی پڕوپووچ دەربڕیوە. ئازایانەو بوێرانە هێرش‌و پەلاماری بردۆتە سەر کردەوە دڕندەکانی دەستەو دایەرەی رژێمی گەندەڵی پاشایەتی‌و دژی خوێنمژانی کوردو چەوساندنەوەی نەتەوەیی‌و چینایەتی‌و سەرەرۆیی وەستاوە. پەنجەی بەچاوی کۆنخوازو ناحەزانی شۆڕشگێرو رزگاریخوازندا کردووەو گیانی خۆی لە پێناوی لەخەوهەستان‌و راپەراندنی بیری نەتەوایەتی کورد وبەخشیوە، چونکە زانیویەتی شیعر،بە تایبەت شیعری

نیشتمانیی وسیاسی و کۆمەڵایەتی دەورێکی کاریەگەرو مەزن و دیاری لەبەردەوامی هۆشیارکردنەوەی هەستی شۆڕشگێڕانەو مرۆڤایەتی جەماوەردا بینیوە:

کورە خەوتا کەی؟ دەسا دەستی من و دامانتە
وەختی هۆشیاریتە، خەو زنجیری ئەژنۆو ڕانتە
دوژمنت دایم خەریکی ملک و ماڵ و گیانتە
حەیفە تۆ فیکرو خەیاڵی شایی وسەیرانتە
ڕۆژی تێکۆشین و هەوڵ و کاتی هەلسوڕانتە...

هەروەها باسی سروشتیشی کردووە وەك بومەلەرزەکەی ساڵی ١٩٤٧ کە پێنجوێنی شێوە وێران کردو بەشی زۆری دانیشتوانی شارەکەی پەرەوازەوهەڵوەدای ئەملاو ئەولا کرد، شاعیریش ماڵەکەی دێتە سلێمانی، "لە پاش چەند ڕۆژێك خۆی لەئێران هاتەوە، هەر کەگەیشتە سلێمانی" (٣) بەم شیعرانەی لاواندنەوەیەکی بەکوڵی شاری پێنجوێنی کردووەو بە ناسکترین شێوە لەهەواو شاخ وکێووئاوی ساردی خەمرەوێن و کەللەتەزێنی دواوەو سۆزو خۆشەویستی و غەمگینی خۆی دەربڕیوە.

دەنووسێ و دەڵێ:

پێنجوێن بە بێ تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم
تازە بووکێ بووی بەسەر چیاوە

ئەماتنە سەیرت لەم لاو لاوە
پارچە ئەرزێ بووی لە پارچەی بەھەشت
زەردو سوورو شین، کەژو کێو ودەشت
سەیرانگای پۆلی گەنجی عێراق بووی
لەم سەردەمەدابۆن خۆش‌و تاق بووی
پێنجوێن بەبێ تۆنزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم
بۆ ھەوای ساف‌و ئاوی ساردی تۆ
ئەکەم ھەتا ھەم شیوەن‌و رۆ رۆ
میوەی مبەھشت بوو تامی میوەکەت
کەوسەربوو کانی‌و چەم‌و شیوەکەت
سەد دڵی سیست گەش ئەکردەوە
سەد غەمت لە بیر من ئەبردەوە

پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم ... [1]

موفتی شیعرکانی تێکرا لەزادەی دڵ‌و دەروونێکی پاک‌و ھەستێکی خاوێنەوە درچووە، لەمەیدانی نیشتمانپەروەری‌و دڵداری لەگەڵ نەتەوەو نیشتمانە داگیرکراوەکەیدا لە ڕیزی ئەحمەد موختار، قانیع حیساب دەکرێ، لەشیعرەکانیدا دەریخستووە خێرخوازێکی ئازاو نەترسی نەتەوە زوڵم لێکراوەکەی بووە،لەئاست ئەمەدا دەگەینە ئەو بڕوایە کە موفتی خاوەنی ھەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو بیرو ھۆشێکی

ئینسانی و نیشتمانیی بووه، تا دوا هەناسەی ژیانی بەمەسەلەی میللەتەکەی پەیوەست بووە،هەمیشەدوا رۆژی روناکی کوردو بەختیاری باری ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە پێش چاوبووە، "شیعری (گەورەیەك) بەسە بۆ شاعیرێتیو وردبینیو بیر قووڵی موفتی لەبارەی کۆمەڵایەتیەوە، بەڕاستی وەك چۆن لەشیعرەکانی پیرەمێردی نەمرو دڵداری جوانەمەرگ (ئەم رۆژی ساڵی تازەیە....)و (ئەی رەقیب) بەناوبانگترن لە شیعرەکانی تریان، ئەم شیعرەی ئەمیش وەهایە "[٣٠]
موفتی زۆر ڕقی لەو گەورە پیاوە نامەعقولو بەکرێ گیراو ناموس فرۆشو خۆفرۆشانە بۆتەوە کە لەسەردەمی ژرێمی پاشایەتیدا بۆ پوڵو پارەو پایە گەلو ووڵاتەکەیان فەرامۆش کردووەو گیانی خۆیان لەم خەمو کاری دژوارو زەحمەتی گەلو نیشتمانە لەت لەت بوومەکەیان دوورخستۆتەوەو بەزەییان بەمرۆڤە هەژاروکەم دەستو چەوساوەکانی گەلەکەیاندا نایەتەوە، تەنیا مەبەستیان رازیکردنی دڵی ئاغاکانیانو بەخێوکردنی ورگی خۆیان بووە.

موفتی لەکێشەو هەراو هوریاکە ئاگاربووە، بۆیە وا شێرانە دەستەویەخە رووبەڕووبۆتەوە، لەشیعرەکانیدا تایبەت لەم شەش خشتەکییە بەناوبانگەی بەدڵ دوعاو نزای کردووەو لەخوا پاڕاوەتەوە، دەڵێ:

گەورەیەك بۆ کەس نەبێ سێبەری

خۆم بۆ بگێڕم لەدەوری سەری

بەوشکی بۆچی بم بە مەیتەری

وەختێ دەرکەوێ هەستم لەبەری

ھەر خۆی بەدایم ھەوڵی ژیان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ
گەورەیەك وەك خۆی نەڕوانێتە من
خۆی پڵاوخۆر بێ و من نانی ھەرزن
سەرباقی ئەوەش تاڵان و كوشتن
ڕیشەی سەربەستیم دەربێنێ لەبن
ھەر خۆی قەڵەو كا و شان وەك پان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ ...(١)

یەكێك لە ڕەوشتە ھەرە بەرزو ھێژاكانی ژیانی مەردایەتی شاعیر نەفس بەرزی و سەربڵندی بوە كە لە ژیانیا تەنیا چاوی بڕیبوە دەست و بازوو ڕەنجی شان و ئارەقی ماندوێتی ناوچەوانی خۆی، ھەرگیز ڕازی نەبووە نانی منەت بخوا و بەسواڵ و سەدەقەی خێرومەندان بەڕێوەبچێ، بۆیە وتوویەتی و دەنوسێ:

ئەگەر چی لە حەزمیەك دەرئەو خەم و قەھرم بەبا ئالەم
ئیلاھی زۆر شوكر، ئومێدی نانێ من لە شا ناكەم
لەسایەی زەحمەت و قاچ و سەرو شان و دەس و ئەستۆم
لە بۆكەس چاو لەبەرنیم و خەیاڵی ڕێی ڕیا ناكەم (٢)

ھەروەھا لە شوێنێكی دیكەدا نوسیویە :

لەسایەی كەسب و سنعەت، من بەنێری ھاتمە دنیاوە
لە بۆ نانی منەت باری ڕیا بازیم فڕێداوە

له چڵكی پرچ و پەلكەم چی، لەكەشكۆڵ و عەبا چی بكەم
كەسێ ناوێرێ بەشەر بێ، حور بژی مەردانە تاماوە (٨)

ساڵی ١٩٤٦ كە كۆماری خودموختاری مەهاباد لەكوردستانی بن دەستی ئێران دامەزرا، بە سەرۆكایەتی پێشەوای نەمر قازی محەمەد (١٩٠١-١٩٤٧/٣/٣١)موفتی لەخۆشیا ئارامی لێهەبڕی و هەرچەندە باری تەندروستی چاك نەبووە،خێرا خۆی دەگەیەنێتە جەرگەی ئەم كۆمارە، كە ئەم سەربەخۆییەی كوردستان بەچاوی خۆی بینیوە زۆر كاری تێكردووەو گەلێ شیعری بەم بۆنەیەوە داناوە، هەرلەوێ چەند پارچە شیعرێكی بۆ گۆڤاری (هەلاڵە) ی كوردستان نوسیووە. یەكێك لەو غەزەلانەی كەبۆ كۆمارە خۆشەویستەكەی وتووە ئەمەیە كە بەناڵەی دەروون گوێی گەردوون كەڕ دەكات.

ئەمڕۆكە لەخۆشی وەتەنم هەر وەكو مناڵ
دڵ پێ ئەكەنێ ئێستە كەوتۆتە گڕوكاڵ
بۆخزمەتی ئاڵای كە سەوزەو سپیەو سوور
ئەیكەم بەفدای قەوم وكەس و ڕۆح و سەرومال (٩)

شیعری ئەم شاعیرەمان سەلماندوویەتی نوێنەرێكی ڕاستەقینەی خواست و مەبەستی چینی چەوساوەی كورد بووە، لەگەورەیی بیرو باوەڕیدا بوونە هۆی ئەوەی كەلەلایەن خەڵكی ستەمدیدەو زۆرلێكراوی كوردستانەوە پێشوازی گەرمی لێبكرێ دەستی ڕێزی بۆ بەسنگەوە بگیرێ.

جا چاوەڕێی دەستێکی داهێنەرو هیمەتی خامە ڕەنگینی لێهاتوو دەکەین لەداهاتوویەکی نزیکتردا بەشکەم هەوڵێکی گەورەترمان لەسەر موفتی پێشکەش بکەن، لەکۆتاییدا هەزاران ڕێزو سڵاو لەگیانی پاك‌و هەرگیز نەمری موفتی شاعیرومنەوەر.

سەرچاوەو پەراوێز

(١) پاش (٢٧) ساڵ بۆ یەکەم جار بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی، کۆڕێکی بەبۆنەی ئەم شاعیرەمانەوە، لەکات ژمێری چواری سەر لەئێوارەی رۆژی ١٩-٢-١٩٧٩ لەسەر شانۆی هۆڵی یەکێتی گشتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی بەرپاکرد. کۆمەڵێ لە ئەدیب‌و نووسەران باس‌و لێکۆڵینەوەی خۆیانی تیا خوێندەوە، پاشان وتارەکان لەلایەن کاك بورهان قانیعەوە کۆکراونەتەوەو کاك عەبدولکەریم موفتیش بەچاپی گەیاندووە.

(٢) سۆزی نیشتمانی، بەشی یەکەم، لە شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی، گرکردنەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ عەبدولکەریم موفتی، بەغدا، چاپخانەی "اللواء" ١٩٥٩.

(٣) سۆزی نیشتمان، هەر ئەوسەرچاوە، ل/٣٠

(٤) سۆزی نیشتمان، هەر ئەوسەرچاوە، ل/٣٠-٣١

(٥) سەباحی غالب، "موفتی پێنجوێنی‌و شیعری کۆمەڵایەتی"، نوسەری کورد، ژمارە (٦)، بەغدا، چاپخانەی "الزمان"،مارت - نیسان،١٩٧٢، ل/٨٧.

(٦) سۆزی نیشتمان، هەر ئەوسەرچاوە، ل/١٨،١٩،٢٠

(٧) دیوانی قانیع، سەرجەمی بەرهەمی قانیع، چاپی یەکەم، بورهان قانیع کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردوەو پێشەکی‌و پەراوێزی بۆ نوسیووە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی،١٩٧٩، ل/١٢٤،قانیع ئەم شیعرەی کردووە بە پێنج خشتەکی کۆمەڵە شیعری "سۆزی نیشتمان" بۆئەم شیعرە نەبوو بەسەرچاوە چونکە لەوێدا بڵاونەکراوەتەوە !.

(٨) سۆزی نیشتمان، هەر ئەوسەرچاوە،ل/١١-١٢

(٩) سۆزی نیشتمان، هەر ئەوسەرچاوە، ل/٩

ئەسیری

١٨٩٠- ١٩٦٢

ئەسیری شاعیری شەیدای گەلو نیشتمان

دەشتی کەرکوکو کێوی هەورارامان   شاعیری زۆرە بێ حەدو پایان
"حاجی"

هەرێمی شارستانی کەرکووک، واتا: ئەم بەشە بەهەزار چەشنە جوانی رازاوەیەو ئەم ناوچە پڕ لە پیتو سامانە سروشتیە لەبن نەهاتووەو داگیرکراوەی دڵی خاکی کوردستان. گەلێ مەزنە پیاوی زاناو بلیمەتو شاعیرو هونەرمەندی ناوداری پەروەردە کردووە، کە ناویان تا هەتایە لە مێژووی ئەدەبو گەنجینەی نەتەوەیی کوردو گەلانی دوورو نزیکی رۆژهەلات، وەکو ئەستێرە دەدرەوشێنەوەو ڕێو شوێنو ناویان لە لیستەی سەروەریدا هەمیشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە. لەوانە: شاعیرو زانای ئایینی شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٢-١٩١٠)، مەلا فەتاحی جەباری (١٨٠٦- ١٨٧٦)، میر ئەحمەد بەگی زەنگەنە (١٦٨٠-١٧٥٠)، مەلا ئەحمەدی مەلا شەریف (١٨٥١- ١٩١٥)، شێخ مرادی زەنگەنە (؟-١٩٧٥/٧/١٢)، سابیری (١٨٤٠-١٨٩٤)، هیجری دەدەی کاکەیی (١٨٧٧-١٩٥٢)، خالیس (١٨٧٤-١٩٢٥)، غەمناکی (١٦٨٠-١٧٨٠)، شێخ ئەحمەدی شاکەلی (١٩٠٣- ١٩٨٢/٢/١٤)، رەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠/٨/٤)، عەلی مەردانو (١٩٠٤- ١٩٨١/٧/٢٤) دەیانی دیکە.

مەبەستی من لەم شوێنەدا بەسەرکردنەوەو پتر ناساندنی بولبولێکی خۆشخوانو شاعیرێکی فەرامۆش کراوو ماف لێسەندراوی کوردی شاری کەرکووکە.

بەرەو مەنزڵو هەوار:

مەلێکی خۆش ئاوازو پەپوولەی ئێسک سووکی ناو چیمەنو گوڵو گوڵزاری باخچەی تەڕو پاراوی شیعرو ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی، مزگێنی هێنەری بەیانی بەهارستانێکی پڕ لە گەڕلو چنوورو هەڵاڵەو بەیبوونو نەسرینی بۆنخۆش. لە ئاسمانی ئەدەبی بەرزی کوردەواریماندا، ئەستێرەیەکی بە شەوقو پرشنگدارو شەیدای گەلو نیشتمان درەوشایەوە، رۆشنکەرەوەیەکی رێگەی تاریکایی ژیانی مرۆڤی کورد زیادی کرد. بە پێی ویستو ئارەزووی خۆی، بۆ گەشەو برەوپێدانو پاراستنی ئەدەبو فەرهەنگو گەنجینەی نەتەوەکەی دەستی بۆ قەڵەم برد. لە دڵێکی روونو پڕ لە ئیمانو بڕوا بە خۆبوونەوە

ویستی کورێنی خۆی لە ڕێگەی کوردو کوردستانەکەی سەرف بکاتو ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ بێنێ، چینو توێژەکانی کوردەواری، بە تایبەتی لاوە بە ورەو چاونەترسەکانی، لە ئاست چارەنووسی کۆمەلایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری،و سیاسی خۆیان وریا بکاتەوەو لە نسکۆ بردنو هەتلە بوون بپارێزرێ.

دەبی ئەو ئەستێرە گەشە کێ بێ؟ بەڵێ ئەوە شاعیری نیشتمانپەروەری کورد. ئەسیری کەرکوکی زادەیە. ئەو مرۆڤە مۆمێك بوو لە ناخی دەروونەوە خواستی بسوتێ تا بەزمو خۆشی میللەتە دیلو پەیوەندکراوەکەی رووناك بکاتەوە.

خوێندەوارو ئەدەب دۆست زۆرن ناوی ئەسیری یان بیستبێو بەلام بەداخەوە لەلایەن ئەدیبو نووسەرانەوە بایەخێکی ئەوتۆ بە بەرهەمە شیعریەکانی نەدراوە، کە شیاوی پایەی ئەو پیاوە دڵسۆزە بێ، لە ١٩٧٤ دا بۆ یەکەمجار مامۆستایان کەریم شارەزاو جەباری جەباری، بەشێك لە ژیانو شیعرەکانی ئەسیریان بەچاپ گەیاند.

ئەسیری لە ١٨٩٠ دا لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستو ئایین پەروەردا، لەگەڕەکی "ئاخر حوسێن" لە شاری کەرکووك چاوی بەدیمەنی کوردستان هەڵهێناوە لەپاش ٧٢ ساڵ لە ١٩٦٢/٦/١٨دا مۆمی ژیانی بۆ دواجار کوژایەوەو هەر لەشاری زێڕی ڕەش (کەرکوك)، لە گۆرستانی تایبەتی تەکیەی نەقشبەندی بە خاکی کوردستان سپێردرا.

ئەسیری لە مێردمنداڵییەوە بە پێی دابی کۆن لە حوجرە دەستی بە خوێندن کردووە، پاشان هەر بە نیازی درێژەپێدانی خۆگۆشکردنو هەراش بوون لە زانستەکانی: ڕێزمان، ڕەوانبێژی، مەنتیق، ئوسولی کەلام، سەرفو نەحوی عەرەبی، چەندین شاری وەك سنەو سەقزو کرماشانو هەمەدان گەڕاوە. لەلای مەلا عەلی حیکمەتی سیامەنسووری (١٢٦٠-١٣٤٣ی کۆچی) بڕوانامەی زانستی وەرگرتووە. هەر لەو سەرو بەندانەداو بەمەبەستی چاوپێکەوتنی نەجمەدینە ئەفەندی برا گەورەی جارێك سەفەری ئەستەمبوولی کردووەو لەوێدا تێکەڵی ڕۆشنبیرو تێکۆشەرانی کورد بووەو سەرنجی کاری سیاسیو جولانەوەی نیشتمانی کوردانی ئەوێی داوەو زیارەتی شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی (١٨٥١- ١٩٢٥/٤/٢٣) کردووەو پتر چاوو هۆشی کراوەتەوە، پێیانەوە بەختەوەرو کەیف خۆش بووە. بەهۆی

کۆچی دوایی باوکی‌و پاش برانەوەی شەڕی یەکەمی دنیا، لەسەر خواستو وێستی نەجمەدین ئەفەندی کاکی بۆ کەرکووك گەڕاوەتەوە. رۆژی ۱۹۱۹/۳/۲۳ بەشێوەیەکی رەسمی سەرپەرشتی‌و کاروباری تەکیەی گرتۆتە ئەستۆ، ۲۳ ساڵ لە ۱۹۳۵/۷/۳۰ تا ۱۹۵۸/۱۱/۱ لە دادگای شەرعی کەرکووك کارمەند بووە. ئەسیری لە شیعرێکیدا کە بۆ مێژوونوس ئەمین زەکی (۱۸۸۰- ۱۹٤۸/۷/۱۰) نووسیوە باسی ئەم کارەی دەکاتو دەڵێ:

ئێستە تەنگەتاوم لەدەست کورتی ئەوا چارەم نەما
گەرچی لەم جۆرە ژیانە بوومە چەرمی ئاوەسوو
خێرخواهان سەرنوێسی مەحکەمەی شەرعیەیان
بۆ نووسیم تاکو رزگاریم لە دەستەنگی بەزوو

سەرباری ئەمانەش بۆ بژێوی گوزەرانو بەڕێوەچوون، لەسەر ئەو زەوی‌و زارەی کە لە گوندی "جەوەڵبۆر" و "سێکانیان" بوویانە ناوبەناو بەکاری سەختی وەرزێری خەریك بووە، بە تایبەتی پاش کەنار کردنی لە ئیشی مەحکەمەدا، واتا لەپاش ۱۹۵۸ دا.
ئەسیری پیاوێکی گفت شیرین، زمان پاراو، بەئاکار، خەمخۆری خەڵك، کوردپەروەر، راست بێژ، بێ ریا، دڵپاك، ساكار، جەسوورو تێکۆشەر بووە. لەهەمان کاتدا رۆشنبیرو شارەزاو ئەویندارى شیعرو ئەدەبو فەرهەنگ بووە بەگشتی‌و هی کوردی بەتایبەتی. بەپێی لێکۆڵینەوەی تایبەت گوایە لەسەردەمی کۆماری میللی کوردستان (۱۹٤٦/۱/۲۲ بۆ ۱۹٤٦/۱۲/۱٦) بەنهێنی هەمو رۆژنامەو گۆڤارەکانی مەهابادی دەگەیشتە دەست ئەسیری تا کۆچی دوایی ژیانی خۆی بەڕەبەنی بەسەر بردووە. ئەسیری هەمیشە بیروباوەڕی کوردایەتی، پەیامی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری، رێنیشاندەری بووە کە چۆن بەرگری لەگەڵو زێدەکەی بکات، چۆن بەپێی هەر ئاڵوگۆڕێکی ئابووری، رۆشنبیری‌و سیاسی نەتەوەکەیەوە بچێت.
ئەسیری بە شیعرە کۆمەڵایەتی‌و شۆڕشگێڕییەکانی کە لە (دیاری کوردستان، زادی کرمانجی، پەیژە، هاوارو هەتاو..) بڵاو دەکرانەوە، وەك بڵێسە تاریکستانی وڵاتی روونا ك کردۆتەوەو چاوی خەڵکانی لە

غەفلەت زراندووە، دژی نەخوێندەواری دواکەوتوویی و جەورو ستەمی داگیرکەران، جەماوەری هەژارو بێدەرەتانی کوردستانی هانداوە.
مەلا عەبدوالخالقی شێخ حسەینی نەقشبەندی، لەناو مێژووی ئەدەبیاتدا هەمان نازناوی "ابن الاثیر" ی مێژوونووسی گەورەی کورد رەچەڵەکی، بۆ خۆی هەڵبژاردووە. شایانی باسە جگە لە شیعرەکانی لەپاش مردنی خۆی لە ساڵی ١٩٧٤ دا بڵاو کراوەتەوە، ئەسیری خاوەندی چەندین بەرهەمی ترە، کە بریتین:
١-فەرهەنگی کوردی.
٢-فەرهەنگی کوردی- عەرەبی، فەرهەنگێکی تەواونەکراوە.
٣-نامیلکەیەکی ٢٩ لاپەڕەیی، سەبارەت بەژیانی مرۆڤ، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٣ دا نوسراوەو بەنیوەچڵی ماوەتەوە.
٤-ژمارەو نووسین، نامیلکەیەکی شیعری ١٥ لاپەڕەییە دەربارەی ماتماتیك.
شایانی باسە ئەسیری جگە لەزمانی کوردی، زمانەکانی دەورووبەریشی زانیوەوەو توانای شیعریشی بەسەریاندا هەبووە. بەڵام جگە لەدوو پارچە شیعر کوردی- فارسی، تورکیە زیاترن دەنا بە هیچ شێوەیەك بەفارسیو تورکیو عەرەبی شیعری دانەناوە.
ئەسیری بەچاوی مەزنایەتیەوە لەلایەن گەورە پیاوانی وەك ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠- ١٩٤٨/٧/١٠)، حسەین حوزنی (١٨٩٣؟ ١٩٤٧/٩/٢٠)، رەفیق حیلمی (١٨٩٨- ١٩٦٠/٨/٤) و مارف چیاووك (١٨٨٥- ١٩٥٨/١/٢١)، تەماشاکراوە.

ئەسیریو شیعر

ئەسیری لە تەمەنی هەرزەکارییەوە دەستی بە شیعر دانان کردووە، بە وێنەی شاعیرانی سەردەمی غەزەلو شیعری دڵداریو ئەڤینی هۆنیوەتەوە. بەڵام هەرکە زانی باری نالەباری نەتەوەکەی زۆر گرانەو لەوە سامناکترە کە بەوجۆرە شیعرە تیمار بکرێت. هەروەها لەپاش تاقیکردنەوەو سوڕان لەناوە رێکخراوەو خەڵکانی نیشتمان پەروەری کورد، لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە، هەرچی غەزەلی دڵداری هەبووە سووتاندویەتی، خۆی لەداوی ئەو جۆرە شیعرە رزگار کردووەو پێی ناوەتە قۆناغی دووەمی شیعر نووسین. واتا لە ١٩٢١ ەوە مەبەستی نیشتمانی کردۆتە شا مەبەستی شیعرەکانی، لەو ساتەوە بیروبۆچوونی

ئەسیری گۆڕاو خەیاڵی بە ئاسمانی کوردستانە پارچە پارچە بووەکەیدا هەڵفڕیووەو تێگەیشتووە کە ئەرکی نەتەوایەتی لەنوێژ فەرزترە، هاتووە بەهەموو شێوەیەك ئەرکی (تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسوتاو بکەن) ی کردۆتە ڕۆژانەی خەباتی خۆی. تا دوا تەمەنو هەناسەی ژیانی، خۆی بۆ وێژەو نووسینی شیعری شۆڕشگێڕیو ئەوینی کوردەواریو کوردستانەکەی تەرخان کردووە.

بیروبۆچوون لە شیعری ئەسیریدا

ئەسیری لەسەرچاوەی بیرو هەستە نەتەوایەتێکەیەوە چەندین وێنەی جوانو دڵگیرو کوردستانی وەك وێنەکێشێکی شارەزا لەناو تابلۆ شیعرەکانیدا دەکێشێ. بەوێنەی حاجی قادری کۆیی بە زمانێکی ئاسانو پاراوی کوردی، مەبەستی خۆی لە قاڵبێکی ئەدەبی سەرنج ڕاکێشدا ڕاگەیاندووە. ئیلهامی شیعرەکانی وەرگرتنە لە سروشتی کاریگەری کوردستان، بایەخی بەشێوەو ناوەڕۆك داوەو مامۆستایانە ووشەی جوانو هاورەدیفی بەکارهێناوە. کەژی چڕوچیای ئەستەم، ڕەوەندو دەشتو دۆڵو چەم، گۆوەندو شاییو دیلان، ڕاووشکاری ئێلاخو کوێستان، ڕژدو هەڵدێرو بەندەن، شیناوەردو وەرزی بەهارو زەمەند، جێژوانو بۆن خۆشیی دڵداری، عەشقی پڕ سۆزیی کوردەواری، کەپرو خێوەتو ڕەشماڵ، ڕکەو هەورازو لاپاڵ.. سەدان ووشەی وەك ئەمانەو لەمانەش شیرینتر، دانە مرواری فەرهەنگی شیعری ئەسیرین. بۆ ئەم شێوە شیعرەش، باشترین نموونەی شیعری ("بێرە کوردستان" ەیەتی، کە بەشاکارترین شیعری هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی دەژمێردرێو شیعری وا مەگەر هەر لەدیوانی شاعیرانی وەك زێوەر، حەمدی، دڵدارو بەختیار زێوەردا بەرچاو بکەون.

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ
بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ
سەیری ئەو خێڵانە کە نیشتوونە داوێنی چیا
بابچین بۆ ماڵی کوردێ گەر تۆ خۆیشانت دەوێ
بتبەمە پای تاقی سەرپێڵو سەرمیلو کەرەند
پێت نیشاندەم سەد هەزار ئاساری ساسانت دەوێ
ئاوی سافو ڕۆشنی داوێنی چەشمانی چیا

لێی بنۆشە ئەم بەدەم گەر ئاوی حەیوانت دەوێ
لاوی کوردی من لەبەرکە شاڵی زاخۆو ئامێدی
گەر تۆ سەد چاتر لە رەنگی شاڵی کرمانت دەوێ
هەڵسە گەشتی چیمەنو گوڵزاری کوردستان بکە
گەر لەبۆ دەردی دەروونت، داوو دەرمانت دەوێ
رۆحو ماڵت سەرفی رێگەی میللەتت کە رۆحەکەم
گەر لەخوا لوتفی عەمیم وجودو ئیحسانت دەوێ
ئەی ئەسیری مێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە
بشمری لام وایە قەبری گردی سەیوانت دەوێ

ئەسیری یەکێکە لەو قوتابیە زرنگانەی قوتابخانە شیعرییەکەی حاجی قادری کۆیی (١٨١٦- ١٨٩٧)، پەیامی مامۆستاکەی پەیرەو کردووە، هێندەی لەبار بووبێ لەتەك شاعیرە شۆڕشگێڕو نەتەوەپەرستەکان، وەك بێکەس، ئەحمەد موختار جاف، شێخ سەلام، قانیع، موفتی پێنجوێنی، هەژار، جگەرخوێن، هێمن، رێو رەسمی ئەو شاعیرەی مەیدانی شیعری ریالیزمی کوردییان پڕکردۆتەوە، هەر یەکە بەپێی پلەی رۆشنبیریو توانستی ئەدەبیو داخوازی سەردەم ئەسپی شاعیرێتی خۆیان لە پێشخستنی ئەو قوتابخانە شیعرییە تاوداوە. ئەسیری شەیدای خاكو نیشتمان، بەم جۆرە دەردە دڵی خۆی هەڵئەرێژێو ئەڵێ:

ئەو وەختە عشقت کەوتە سەر
لەجێو رێم بووم دەربەدەر
ئەی نیشتمانی خۆشەویست
بۆچاری تۆ ئاوارە بووم
بۆ تۆ ئەسیری بوو بە پەن
دایم بە بەدناوی دەبەن
ئەی دۆتەیی شۆخی وەتەن
دڵخوامی رەنگو روویی تووم

ئەسیری لەئازاری میللەت بە ئاگا بووەو نەخشێکی دیاری لە رێنوێنی لاوەکاندا هەبووە. بۆیە باسی حاڵیان دەکاتو هانیان دەدات بۆ ئەوەی

لە دواکەوتوویدا نەژینو گوڕێ بدەنو بیری لەچارەنووسو دوا ڕۆژ بکەنەوە:

چونکە بەدبەختی بەشت ئەم دیوو ئەو دیو کردنە
پیاوی بەدخووو دەربەدەر ڕۆژێکی سەدجار مردنە
بۆ دوارۆژت نەجووڵێی تاکو چشتێکت ببێ
مەکتەبو نامەی شەهادە، ڕۆڵە خۆسەرخستنە
بەسیەتی بیریێ بکە، ئەوجا لەحاڵت تێ بگە
دەسو بردکە زوو بجولێ، نۆرەیی سەرکەوتنە

شاعیر لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام دەڵێ:

بوون بەسەر گەورە بەعیلمە، نەك بە باڵاوو جەماڵ
عیلمو کەسبی پێ دەوێ مومکین نیبە بوونی بەماڵ
عیلمو عیرفانت نەبێ، هیچی لەپێش چاوی بەشەر
هەرچەنێ زۆرت بکاتە مەرتەبەی زۆرابو زاڵ

بۆ بنبڕکردنی ناکۆکیو باری نالەباری دواکەوتوویی کە لەمێژساڵە کۆمەڵی کوردەواری گیرۆدەی بوون، ئەسیری دەرمانی ڕزگاریو سارێژبوونی بۆ دۆزیووەتەوەو دەڵێ:

بەخزمی بزانە هەموو قەومی کورد
بەراستی ئەوانن قوەتو قودرەتت
نەجاتی بدە لەم پلە سەرکەوێ
فیداکە بەراستی سەروسەروەتت
ئەگەر ئیتحادێ بە قەومت نەکەی
لەڕووی ئەجنەبی نابێ هیچ هەیبەتت
وەها بکە موتیعی قسەت بن هەموو
نیشانی ڕەقیبت بدە شەوکەتت

ئەسیری شاعیر، لەسەر وریاکردنەوەی ڕۆڵەکانی وڵاتەکەی بەردەوام بووە، هەمیشە هەوڵی داوە ڕێگای نوێ بۆ خەملاندنی بەهرەو توانای

زانستی لاوەکان بکاتەوە، تا بتوانن هۆگری ژیانی تازەی شارستانیەت بن. لە شیعرێکدا، بەپەرۆشەوە باسی کانزاکانی کوردستان دەکاتو جەوانان هان دەدات بۆ دەرهێنانیان بۆ سوودو قازانجی گشتی گەلو بەکارهێنانیان لەکاروباری پیشەسازیو ئاوەدان کردنەوەی کوردستان:

گەروکت بۆنییە، کانی خەڵوز، ئاسن لەژێر پێتە
دەسی بۆ تێوە نادەی رۆڵە، ئەم کانە لەبۆ کێتە؟
کەلاوە هەڵدرێ داییم بە ئومێدی خەزینەو زێر
وڵات زێڕە نازانی لەگەڵ خۆڵایە ئاوێتە؟!

بەڵێ، لەسەرچاوەی خاوێنی شیعری ئەسیریدا تەوژمەکان شەپۆل ئەدەنو هیچ کاتێك داچوونو خامۆشی بەخۆوە نابینن، شاعیر لەسەرەتای شیرەکانیدا لەهەر شتێك پتر بایەخێکی گرنگی بە مەسەلەی نەتەوەکەیو کێشە مرۆڤایەتیەکان داوەو پەرۆشی ئەوەیە خەڵکی وڵاتەکەی چاوکراوە، خوێندەوار، وریابنو لەحەباتدا دەست هەڵنەگرو کۆڵنەدەر بن. ئەوەتا بە وشەی ئامۆژگارییو بە رستەی شۆڕشگێڕانەی لەسەرخۆ، پڕ بە گەردوو دەنگ هەڵدەبڕێو بە رۆڵەکانی گەلە ستەمدیدەکەی دەڵێ:

جەوهەرێکی گەر تیابێ کەللە چۆن ساکن دەبێ
مەرد ئەگەر موشتاقی چشتنی بێ، چلۆن غافل دەبێ
رۆڵە ئەگەر فیکری پیاو بوونت هەبە، زوو هەستەپێ
ئیش ئەگەر تەئخیری کەی بێ شوبهە باطل دەبێ
چەند هەزار ساڵە پەرێشانو رەزیلە میللەتت
لەو زەمانە گەر بجوڵێی مەقسەدت حاصل دەبێ
گەر لەرێگەی دینو قەومت لەت لەتت کەن بتکوژن
ئەی (ئەسیری) ناوی چاکت تا ئەبەد ظاهر دەبێ

بەتێڕوانینێك لە شاعیرانی کەرکووکو دەوروپشتی، بەو راستیە ئەگەین کە ئەسیری تاکە کەسێ بووە. لەمەیدانی شیعری سیاسیو نیشتمانیدا. پێم وایە بەر لە هیچ شاعیرێك مەرجەکانی شیعری سیاسیو نەتەوەیی ئەنجام نەداوە، ئەتوانم بڵێم ئەسیری بەهۆی شیعرە بەسۆزو

ئاگرینەکانیانەوە، پلەی یەکەم شاعیری شیعری سیاسی کوردی لە هەرێمەکەدا بۆ خۆی پچڕیوە.
هەستی خۆ بە کورد زانین لای ئەسیری، هێندە بەهێز بووە، وای لێ کردووە کە سڵ لەهیچ نەکاتەوەو سوورتر بێ لەسەر بیروباوەڕیو لەسەر داواکردنی مافی نەتەوەکەی. بۆیە لە شیعرێکیدا ناڵەی لێهەڵدەستێو دەڵێ:

دایم لەفیکرو زیکری خەیاڵاتی میللەتم
بۆیە وا کزو مەلوولو بەسۆزو حەسرەتم
هەرچەندە کە تووشی تەهلوکەیی بم لەرێی وەتەن
دەم دەم، زیاد ئەبێ شەرەفو شانو عیزەتم
چارەی تۆ ئینتباهێکو عیلمو مەعاریفە
چارەی منیش فیداتی بکەم نەقدو سەروەتم

ئەسیری لە شیعرێکی تردا. زیاترو بە تینتر پێ دادەگرێتو هاوار دەکات:

تێکۆشە لەبۆ سەتوەتی جارلنت (ئەسیری)
لەم رێیە بکوژرێی مەڵێ من تووشی زیان بووم

دەڵێن: (قسە وەك خەنجەری دوو دەم وایە، ئەگەر باش بەکاربرێ بۆ برینان دەرمانو شفایە، ئەگەر ناخۆشو رەق بێتە دەر ژاری هەژدیهایە). ئێوە بۆ دڵنیایی لە بۆچوونەکانم، سەرنجی شیعرەکانی ئەسیری بدەنو بزانن بە خوێندنەوەی چەند دڵگیرو شاد دەبن. وەك باوکێکی دڵسۆز، پیاوانەو بەرووبەکی خۆشەو، ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داوەو شیعری بۆ سەرفرازی گەلو پێشخستنی وڵات نووسیوەو خەڵکی فێر کردووە کەچۆن لەچنگی دواکەوتوویی‌و نەخۆشی رزگاریان بێ. ئەسیری لەشیعرێکیدا بەناوی (هۆ جگەرخوێن) لەوەڵامی شیعرێکی (جگەرخوێن) ی شاعیردا نووسیویەتی، دەڵێ:

فەنو زانینت ئەسڵ بەرزبوونەوەو سەرکەوتنە
گەل کە نادان بوو بەشی دیلیو پولییو مردنە
رێگەکەی سەمتی قوتابخانەو دەبیرستانی گەل

رێگەیی ئازادییەو رێگا بەمیوا بردنە
چارەیی زانینەو زانستی کە پێک بێ زوو بەزوو
مۆ جگەر خوێنین کوڵینی گەل لەزەر پڕکردنە
زەر بە کۆشین دێتە دەس، گورجیو دەسوبردی دەوێ
هەر کەسێ کاری چ بێ لەو کارە چاتر کردنە
مۆ ئەسیری گەرچی وەک چیرۆکە هەڵبەستت دەڵێی
بەندی دەستوورە بەکارهێنانی کورد سەرخستنە

ئەسیری هەر بەوە نەوەستاوە، بەڵکو دێ بەبیری وردو ئاسۆیەکی فراوانەوە، وەک مامۆستایەکی شارەزاو جوگرافی ناس، هەر چوار لای سنووری کوردستانی لە شیعرێکی نۆ دێڕیداو بەناوی (سنوور) بۆ دەست نیشانی دەکا، تا نەوەی نوێو داهاتووی گەلی کورد سنووری نیشتمانەکەیان بزانن:

کورد دەزانی لەکوێ ساکینە خزمانی تۆ
کوێگرە تاپێت بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ
کێوی توورسو عومقی حەوزەکەی ئەسکەندەروون
غەربییە تا بەحری رەش سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری رەشو ئەردەهان ئاوی ئاراسە بزانە
حەددی شیمالە ئەم بۆ کۆچو جەولانی تۆ
ئەڵوەندو گۆمی ورمێ تاسەری ئاوی ئاراس
سەرحەدی رۆژهەڵاتە جۆگەو کێوانی تۆ
ئەهوازی کێوی حەمرین، ژەنگارو رێی نوسەیبین
بۆتە رەفی جنووبە رەوزەیی رزوانی تۆ
داخیلی ئەم حدودە دوازدە ویلایەت هەیە
دەڵێن دوازدە ملیۆنە نفووسی کوردانی تۆ
حاشا درۆیە ئەسڵا نفوسیان نەنوسراوە
دەکاتە بیست ملیۆنان بنوسرێ قەومانی تۆ
لەدەری ئەم سنوورە، لە ئەنقەرە خۆراسان
بلوچو ئەزربیجان، لەوێش خزمانی تۆ
وتەی ولاتی کوردە لەلای تۆ هەر وەک وێردە
(ئەسیری) ئەم حاڵەتە دەلیلی ئیمانی تۆ

١٩٩٦/٣/١٤
لەندەن

تێبینی:

جگەرخوێنی شاعیر، لە ١٩٠٣ لە گوندی هەسار لەدایك بووەو لە ١٩٨٤/١١/٢ لە ستۆكهۆڵمدا كۆچی دوایی كردووە.

ناوی راستی/ شێخ موسا كوڕی حەسەن، كوڕی محەمەد كوڕی محەمەد كوڕی مەحموود كوڕی عەلی ناوی دایكی (ئایشێ) یە جگەرخوێن، لەگوندی حەسار، لەگەڵ كچی خاڵی خۆی زەماوەندی سازكردووە، تا تەمەنی ١٢ ساڵ لە گوندی حەسار ژیانی بەسەربردووە، پاش كۆچی دوایی باوكی ١٩١٤ دا، بۆ دابین كردنی بژێوی ژیان لەگوندی (ئامود) بۆ ماوەیەك شوانیو رەنجبەری دەكاو پاش ماوەیەكی دی دەچێتە بەر خوێندن.

بروانامەی مەلایەتی لەلای شێخ مەلا فتح الله وەرگرتووەو لە مزگەوتی گوندی (تل شیری) بووە بە ئیمامو خەتیب. دواتر دەست دەكا بەكاری وەرزێریو چاندن، لەگەڵ نیرو ئامورو گاجووت ئاشنا دەبێ. لەسەر وەسێتی خۆی رۆژی ١٩٨٤/١١/٤ برایەوە سوریا، رۆژی ١١/٥ هەمان ساڵ، سەعات ٣ ی پاش نیوەڕۆ، بەپێشوازییەكی گەرمو پتر لە ٣ سێ هەزار كەس لاشەكەی لەناو باخچەی ماڵی خۆیدا بە خاك سپاردراوە، جگەرخوێن لە شیعرێكدا بەم شێوە باسی خۆی دەكات.

دسالا هزارو نەهسەدو سێ ئەزهاتم دنیایێ
بناڤێ سلتان شێخ موسا ئەز چێبوومە ژدایێ
هەتا بوم سێزدە سالی ل گوندی مەی هەسارێ
ژینا خوە من بوارند پاشی ژوێ مەدا رێ
گەه لڤرو گەه لوێ من عەزایەك مەزن خوار
یاالله ویا خوەدێ پاشی بومە خوەندەوار
من ئیجازە خوەستاند ب سەربەستی مێرانی
ژنۆكە چا خاڵ خوە ژ هەسارێ خوە ئانی



مەلا ئەسعەدی مەحوی

١٨٩٨- ١٩٧٦

"دیوانی مەلا ئەسعەدی مەحوی" یەکەم بەرهەمی چاپکراوی خوالێخۆشبوو ماموّستا مەلا ئەسعەد ی مەحوییە (١٣١٨ ك/ ١٨٩٨ز- ١٣٩٦ك/ ١٩٧٦ز) کە لە ساڵی ١٩٧٠دا پێشکەشی باخچەی ئەدەبی نازداری کوردی کردووە، ئەو شیعرانەی کە لەم بەرگەدا کۆکراونەتەوە بەشێکی کەمە لە گوڵزاری شیعری تەڕو پاراوی شاعیری بەهرەوەر و لێهاتوی ئەم شوێنەمان.

ئەم زاتە لەکاڵیدا پیاوێکی ئاینیی‌و لەخواترس‌و زیرەك‌و بێ ریا بووە، ساڵی ١٨٩٨ ی زایین لە گەڕەکی -چوارباخ- ی سلێمانی‌و لە بنەماڵەیەکی ناسراوی مەلازادەو شیعرو زانست پەروەردا چاوی ژیانی بە کوردستانی زێدو نیشتمانی هەڵهێناوە. لە ساڵانی ١٩٣٠ بەدواوە ناوبانگی سیاسی‌و نیشتمانپەروەریش چووە پاڵ شوهرەتی بیروباوەڕی ئاینیی.

ژینامەی شاعیر: [1]

مەلا ئەسعەدی کوڕی شێخ حالید کوڕی زانای شاعیری موتەسەوفو فەیلەسوفی بەرزو بەڕێزی کورد، حاجی شێخ محەمەد (مەحوی) و کوڕی شێخ عوسمان- کوڕی شێخ مەلا عوسمانی باڵخی‌یە. تەخەلوسی شیعری (ئەسعەد) ە.

شاعیرێکی حەقبێژو خواناس‌و لەباری شیعرگەتندا دەستێکی باڵای بووە، لەشاعیرانی کورد هەڵبەست‌و هۆنراوەکانی نالی‌و کوردی‌و مەحوی کاریان تێکردووە. باسی ڕەخنەو پلارو تانوت لەدەمارەکانی ناوەرۆکی‌شیعری ئەسعەد مەحوی‌دا درێژەی زۆرە، زۆربەی شیعرەکانی لە پلەیەکی بەرزی هونەری‌و فیکری دان.

لە پێشدا خوێندنی لای باوکی بووە (١٨٧٥- ١٩٦١) ئەوجا لە قوتابخانەی فەقێیان لە خزمەت (حواجە ئەفەندی) قورئانی پیرۆزو هەندێ لە کتێبە ئاینیی‌یەکانی ئەو دەمو چاخەی خوێندووە. ساڵی ١٩١٥ ی ز- نراوەتە قوتابخانەی (اعدادی) یە لە سلێمانی، هەروەتر وەك فەقێکانی ئەو ڕۆژگارە بۆ خوێندنی مەلایەتی گەڵێ مزگەوت‌و شوێنان چووە، پاش ماوەیەك بایداوەتەوە سلێمانی‌و بۆ زێدە فێربوونی زانیاری دینی دەچێتە کن مەلا گەورەو زانا نێودارەکانی وەکو مەلا حسەینی پیسکەندی‌و شێخ بابا عەلی شێخ عەبدوڵڵای تەکیەو شێخ

عومەری ئیبنولقەرەداغی. لەسەر دەستووروو پەیڕەوی ئەو ڕۆژگارە خوێندنی حوجرەی تەواو کردووەو لەلای زانای بەناوبانگی کورد، ماموّستا مەلا حسەینی پیسکەندی ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە. دوای وەرگرتنی ئەو بروانامەیە لە مزگەوتی خومخانە بە ئیمامو مودەڕیس دامەزراوەو دەستی کردووە بە پێش نوێژیو بڵاوکردنەوەی ئاینو دەرس گوتنەوە بە فەقێیان. پاشان لەبەر پیریو بێ تاقەتی باوکی ڕەحمەتی‌یەوە دەچێتە خانەقای مەحویو لەجێو شوێنی بابو باپیری دادەنیشێت، بوێرو چوستانە کەوتۆتە کارو کۆشش دژی نەزانینو دواکەتنیو پەرەپێدانی ڕۆشنبیریو بێداری. زۆر کەسی فێری خوێندەواریو نوسین کردووەو ڕەوشتو ئاکاری خواناسیو کورد دۆستیو ئامۆژگاری جوانی بەناوچە جۆربەجۆرەکانی وڵاتی کوردەواری‌دا بڵاوکردۆتەوە.

ماموّستا شاعیری سەر بە قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردیمان بووە لەمەیدانی زانستی زماندا عەرەبی، فارسیو تورکی بە ئاخاوتنو خوێندنەوە باش زانیوەو وێنەی ماموّستاو شاعیرانی سەردەمەکەی بە هەر سێ زمانەکە شیعرو پەخشانو نووسینی بڵاوکردوونەتەوەو خوێندەوارو ڕۆشنبیرێکی قابیلو بلیمەتێی چەرخەکەی خۆی بووە. لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی برایەتی) دا ئەندامێکی کاراو گورجو گۆڵ بووە، ئەم کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٣٧ دا هاتە کۆڕی خەباتی سیاسییەوەو تاکو ساڵی ١٩٣٨ بەردەوام بووە. شاعیر دوای چەرمەسەرییو ڕاونانو گرتنو ئازادبوونی لەگرتووخانەکانی کەرکوکو سلێمانی، ساڵی ١٩٤٢ بەهۆی زەبرو ستەمی پیرە کەمتیارە ئینگلیزەکانو نوری سەعیدی گۆڕبەگۆڕەوە (١٨٨٨- ١٩٥٨) لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفید بۆ ماوەی چەند ساڵێك فیرارو دەربەدەر هەڵوەدای ئەم لاولا بووەو بەتایبەتی لەشارۆچکەی "سەردەشت" ی کوردستانی داگیرکراوی ئێراندا ماوەتەوە.

ئەوەتا شاعیر خۆیشی لەژیانی ئاوارەبوونەکەی خۆی کە لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ لەسەردەشت دەبێو دەدوێو دەڵێ:

مەرحەبا ئەمڕۆ لەدڵ کرد، غەم وەرامی دامەوە
گوڵ پەرستی کاری من بوو ئێستە بێ گوڵ مامەوە
جەژنە پیرۆزە لەگەڵ کێدا بکەم گەردوونی دوون
کوندەبووم- ئاسا لە "سەردەشتا" بە تەنیا مامەوە

من لەدەس جانی وەتەن ئاوارە بووم
دڵ حەزینو سینە پارەپارە بووم
عاشقی رووتم بەرووتی
لەم گرێو قوڕتە سەرم خەی بێ خەتەر..[٢]

لەسەردەمی حکومەتی خوارووی کوردستان، لەژێر فەرمانداری شێخ مەحمودی حەفید زادەو کۆماری خودموختاری کوردستاندا گەلێ کارو فرمانی دیتووە. شاعیر خاوەنی بیرو هۆشێکی بەربلاوو خوڕەوشتێکی بەرزی مرۆڤایەتیو جەماوەری بووە، بەهۆی فەقێیەتیو چالاکی سیاسەتو کوردایەتییەوە گەلێ مەڵبەندو شوێنەواری کوردستانی بن دەست عێراقو ئێران بوونەتە جێگای ژیانی، لەگەڵ کەڵەپیاوانێکی وەکو شێخ مەحموودو محەمەد ئەمین زەکیو قازی محەمەدو رەفیق حیلمیو شێخ لەتیفی حەفیددا.. هتد تێکەڵیو دۆستایەتی بەتینو توانی هەبووەو خۆی بەهاوڕێو برای هەمو دڵسۆزێکی بەهەقی کوردپەروەر زانیوە، نامەی گەڵێکیانی بۆ هاتووەو ئەمیش بە پەخشان یان بەشیعر وەڵامیانی داوەتەوە، یان ئەم نامەی بۆ ئەوان ناردووەو ئەوان وەرامیان داوەتەوە.
ئەم هاوپەیوەندیو دۆستیەی مامۆستا مەلا ئەسعەد وەك گوتم تەنیا لە سنووری خوارووی کوردستاندا نەبووە، بەڵکو لەرووناکبرو رۆشنبیرانی کوردی کوردستانی بە ئێران بەستراویشەوە کاغەزی بۆ هاتووەو بە بیروباوەڕی کوردانەو تەواوی سۆزی خۆشەویستیو راستیو دلپاکیو وەفادارییەوە وەڵامی داونەتەوە. ئەم کارە یان ئەم پەیوەند گرتنە لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفیدا زۆر روونو رەوایە.
ئەوەتا (شێخ لەتیف) لەنامەیەکی شیعریدا کە بۆهاوەڵی ئازیزی خۆی (مەلا ئەسعەد) ی ناردووە دەنوسێ:

یادی تۆ هەروا لەدڵدا، دۆستەکەی خاوەن وەفا
رەبی مەحفوز بیت عەزیزم، تۆ لەسەد دەرو بەڵا
ماوەیەکە تۆم نەدیوە وا پەشێوە حاڵەکەم
دڵ لەلاتە، با زەمان چەوتەو چەوێڵ بێو بێوەفا..[٣]

مەلا ئەسعەدیش بەم شەوق‌و هەستە ناسکەیەوە پێشوازی لێ کردووەو وەڵامی نامە شیعرییەکەی شێخ لەتیفی بەپارچە غەزەلێك داوەتەوە کە دەنووسێ‌و دەڵێ:

دڵ لە زیندانی غەمابو نامەکەت رزگار کرد
بو بە مەرهەمی زامی جەرگو سینەکەی تیماری کرد
بۆ مژینی خونچەی لێوت سەراسەر بوومە دەم
مل شکاوە بۆنی زەرفو کاغەزی دڵداری کرد
سروەیی رەحمەت کە جوڵا هەوری تاڵی دایەبەر
باغی طەبعەم هاتە جیلوە، تۆزی حەسرەت باری کرد...[٤]

گوتمان تانەو تەشەر لەدەمارەکانی ناوەرۆکی شیعری ئەسعەدی مەجویدا درێژەی زۆرە، ئەم شیعرانەی لێرەدا دەیانخەینە بەر نیگای بیروبۆچونی خۆمان بریتین لەدەربرینی نارێکی باری کۆمەلایەتی‌و ئەخلاقی.. شاعیر دەردی کۆمەڵ دەستنیشان دەکاو بەچاوی رەخنەگرێك سەیری ناقۆلایی، رواڵەت بازی‌و ناڕاستی مرۆڤی ئەحمەق‌و کۆمەڵی کردووە.
شاعیر کە شەیدای نیشتمان بووە، دوژمنی باوەکوشتەی ئەو جۆرە کەسانە بووەو بەچاوی نزم تەماشای کردوون بەکوری رۆژی لەقەڵەم داون. چونکە تەنیا هەڵپەیان لەپێناو بەرژەوندی‌و کارسازی تایبەتی خۆیاندا بووەو بەس.
کورکی دووپێ مێنە زۆرە، کورکی چوارپێ کەم بووە
پیاوی غەمخۆر نەماوە بۆیە غەم بێ غەم بووە
عەقڵی چی؟ دانش چییە؟ بێ دانش باوی هەیە
باری کرد شەرەو حەیا ئەم عالەمە بێ خەم بووە..[٥]

بەڵام ئەم دەردی کۆمەلایەتیەی چاکتر بۆ دەرکەوتووەو بەوردی لەدەمارو خوێنی بەدەنی کۆمەلایەتیدا چۆتە خوارەوە، نوکی قەڵەمی رەخنەگرتن ئاراستەی دڵی دەستەیەکی چەپەڵی نەفام‌و شرەخۆرو وێڵ‌و رەوشت نزم دەکات کە هیمەت‌و مروەتی پیاوەتیان تێدا نابینێت. ئەم سەرنج‌و بیری رەخنەگرییە تا دێت تیژترو قوڵتر دەبێتەوە.

بەئیمدادم کەوە پیری بوخارا
منم بێکەس لەناوجانی لەشارا
ئەوی فتوا بەناحەقی نەداتن
وەکو مەنصور ئەوا ئەیکەن بەدارا.. (٦)

شێخی ئەسعەد، گەیشتۆتە رادەی ئەوە کە لە فرۆفێڵو چەوتی خەڵك بگاو بەچاوی سووك سەیری رژێمی کۆمەلایەتی پی بکاو نارەزایی خۆی لەباری ساختەکاریو پرووپووچیو نادروستی ئەو ناشێخو سۆفیو دەروێشانەی ناو کۆمەڵ دەربڕێ کە بەدیمەن ئەهلی دڵنو دەست بەرداری ئەم دونیا بوونو رێگای رزگاری ئەو دنیایان گرتۆتە بەرو لەژێر پەردەی ئایینەوە عەمامەو ریشو عەباو ئامۆژگاری کردنی مەردەمیان کردبوو بەپیشەی خۆیان.

شێخی دەس بڕ وا لەدینی (احمدی) بوو بە بەڵا
عالمی نانتێکەییو شرعی هەموو خستۆتەلا
کۆڕی زیکری گرتووە گیسکانە دەروێش کۆمەکەن
رەشبەڵەك سەیری بکەن کەوتۆتە حاڵی حالوەلا
سۆفیاتی ملو رو ریشی ریاباوزی دریژ
پی لەبەرماڵم دەنێن بوونە یەزیدی کەربەلا.. (٧)

ئەم نموونانە تەنیا بەیتی رەخنەئامێزن لەدەیان وێنەی تر کە لەسەر سفرەو خوانی خەرمانی دەوڵەمەندی شیعرەکانی ئەسعەد مەحویدا بۆ ئەم مەبەستە گوتراون.
لە مەیدانی سۆزی کوردایەتیو هەستو ئاوەزی نەتەوەپەرستیشدا ئەم تاك نیشانەیەکی زەقی گیانی شانازی زۆر بەهێزی خۆ بە کورد زانینی شاعیرمان بۆ دەردەخات.

(ئیشتراك) ی مەزبەتەی شێتانە بۆ من ناکرێ
کوردی ماهر زالمەو دەرسی عەیارێکم هەیە.. (٨)

مەبەستو بابەتەکانی شیعری مەلا ئەسعەدی مەحوی لەم بەشانە پێك هاتووە:

• کۆمەلایەتی

- نیشتمانی
- جوانیو دڵداری
- ئایینیو سۆفیەتی
- شینو لاواندنەوە
- نامەی دۆستان

لەبەرهەمەکانی شاعیر:

١-دیوانی شەسعەد مەحوی، بەشی یەکەم، سلێمانی، ١٩٧٠
٢-عقاید الرحمانیە، کتێبێکی ئایینیەو ساڵی ١٩٤٩ لە چاپخانەی مەعاریف لەبەغدا چاپکراوە.
٣-تحسیم البینیە، دەستنووس.
٤-شرح علی العقائد الرحمانیە، دەستنووس.

جگە لەمانە دیوانە شیعرێکو... یادداشتەکانی کە لەبارەی چۆنیەتی بەدیهاتنی (کۆمەڵی برایەتی) یەوەیە هەیەو لەلایەن ئەدیبی هێژا عەبدوڵڵا عەزیز خالید ٠ئاگرین) موە پارێزراوە.

کۆچی ماڵ ئاوایی شاعیر:

بەردی مەرگ لەتەمەنی (٧٨) ساڵیو لە رۆژی ٢٥ -نیسانی /١٩٧٦ دا بەدەم ئێشو ئازاری ئەخۆی شێرپەنجە لە سلێمانی کوپەی شەرابی ژینی شکاندو کۆچی تا هەتای لەئەدەبو ژیانو دنیای فانی کرد.
لەسەر گفتو وەسیەتی خۆی لەژێر دار ئەرخەوانەکانی مەڵبەندی گۆرخانەی گردی سەیوان، لاشەی ئازداری بەخاك سپاردراوە، بەڵام بەخششو یادگاری تا دنیا بێ بە ئەمری لەناوماندا دەمینێتەوە.
هەزاران سڵاوو درودی خوای کردگار لە یادی پیرۆزی مەلا ئەسعەدی مەحوی.شاعیرو تێکۆشەرو نیشتمانپەرستی راستەقینەی کورد، بۆ گیانی هەرگیز نەمری هەموو پیاوخاسانو گشت ئەوانەی بۆ رزگاری کوردستانو سەرفرازی گەلی بە ئەوەجی کورد ژیان.

سلێمانی ١٩٨٤

سەرچاوەکان:

١-بۆ کورتەن ژینامەی شاعیر تکایە بڕوانە: پێشەکی دیوانی ئەسعەد مەحموی، نوسینی ئەحمەد حسەین، بەشی یەکەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی ١٩٧٠، "مەلا ئەسعەدی مەحوی لە فەرهەنگی بەسەرکردنەوەدا"، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٦، سالی دووەم، ١٩٨٤ ل/٢٨-٣٣، نووسینی سۆران مەحوی.

٢-دیوانی ئەسعەد مەحوی، بەشی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی راپەڕین ١٩٧٠، ل/ ٨٦-١١٣.

٢-شێخ لەتیف شێخ مەحمودی نەمر، گوڵی وەریو، سلێمانی چاپخانەی راپەڕین، ١٩٧٥/ ل/٦٢.

٤-دیوانی ئەسعەد مەحوی، هەر ئەو سەرچاوە، ل/ ٢٧-٢٨.

٥-دیوانی ئەسعەد مەحوی، ل/٨٨.

٦-دیوانی ئەسعەد مەحوی،ل/١١

٧-دیوانی ئەسعەد مەحوی،ل/١٠١-١٠٢.

٨-دیوانی ئەسعەد مەحوی،ل/٩٤.

قانع

١٨٩٨- ١٩٦٥

قانع شاعیری میللی‌و چەوساوەکان

مردوو ئەوانەن کە ناویان لەسەر رووی زەویدا نییە، ئەو شاعیرو ئەدیبو نووسەرو خاوەن بیرانە نەمرن کە نووکی خامەیان بۆ خزمەتی زمانو گەلو مرۆڤایەتی تەرخان کردووە. ئەو کەسانە زۆر دەهێنن‌و زۆریش هەڵدەگرن لەسەریان بنوسرێ.

یەکێك لەو پیاوە نەمرو خزمەتگوزارانەی مێژووی ئەدەبیمان کە وەك رەمزێکی هەمیشەیی لەویژدانو هەستی رۆڵەکانی نەتەوەکەماندا دەمێنێ‌و هەرگیز لەبیر ناکرێ "قانیع" ی دۆڵاشییە.

من لەخۆمەوە نەهاتووم بڵێم "قانیع" نامرێت، بەڵکو لە ئەنجامی کردەوەی چاکو باوەڕی بەرزو چاکەخوازی‌و خزمەتکردنی گەلو نیشتمانییەوە ئەو بڕیارە دەدەین. چونکە قەڵەم بەدەست بووە. لەگەڵ قەڵەم نووسی کزە دەخاتە جەرگی زۆردارو کۆنەپەرستانو تەختو بەختیان دەهێنێتە هەژان.

لەم رۆژانەدا -٨٠- هەشتا ساڵ بەسەر لەدایك بوونی شاعیری ناسراوی کورد "قانیع" دا تێدەپەڕێت کە یەکێکە لەریزی پێشەوەی شاعیرە ناودارەکانی گەلەکەمانو بەمشورخۆرو لایەنگری جوتیارو پاڵەو کرێکاران دەژمێردرێ. پێم وایە هەر یەکێك لە ئێمە باش دەزانێ بەشی زۆری کرێکارو فەلایان زۆربەی شیعرەکانی شاعیریان لەبەرکردووە کە بێگومان ئاشکرایە هۆنراوەکانی بوون بە ویردی سەر زمانی چینی رەنجدەرو زەحمەتکێشان. لەمەوە بە قانیع دەوترێ شاعیری میللی‌و چەوساوەکان، نەبادا هەر لای ئەم چین‌و دەستەیە بەڵکو لای رۆشنبیرەکانیشمان جێگەیەکی باڵای وەرگرتووە.

قانیع شاعیرێکی بەدەسەلاتو بەناوبانگ بووە، کورد پەروەرێکی دڵسۆزو تێکۆشەرێکی بوێرو پێشکەوتنخواز بووەو هەرگیز سەری بۆ نەیارو دوژمنانی گەل شۆڕ نەکردووەو هەمیشە بێ پەروا بەگژ بیروباوەڕی پووچەڵانەی رەگەزپەرستی‌و کۆنەپەرستی رژێمی پاشایەتی کۆن‌و رزیودا چووەو بەرگری لەئاواتو خواستەکانی گەلو وڵاتەکەی کردووە. لەپێناو دامەرزاندن‌و چەسپاندنی رێبازی ریالیزمی‌و نەهێشتنی خوێن مژین‌و کەڵەگایی‌و لابردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی‌و چینایەتی‌و مرۆڤایەتی تێکۆشاوە. ئەمە جگە لەوەی هەرگیز دەستی لەکەس پان نەکردۆتەوە، ئەوەی بەرەنجی شانو ئارەقی

ماندوێتی ناوچەوانی خۆی پەیدای نەکردایە فیزی نەدەهات داوای یارمەتی لەکەس بکات.

لەم بیرەوەرییەدا بەکورتیو بێ خاترگرتن شیکاری هەندێ لایەنی شیعرەکانی دەنووسمەوە تاکو پتر بەلای نەوەی نوێی گەلەکەمانەوە ئاشنا بن. ئەویش لایەنی ئەو شیعرەی کە تێدا ئامۆژگاریو سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر گەلو نیشتمانە لەت لەت بووەکەی دەربڕیوە.

قانیع لەماوەی ژیانیدا (١٨٩٨- ١٩٦٥) گەلێ ناخۆشیو چەرمەسەریو دەردەسەری زەمانەی دیتووەو کارەساتو رووداوی یەکەمو دووەمی جەنگی جیهانی چەشتووە، وەکو رووناکبیرێکی زرنگو شاعیرێکی شۆڕشگێڕانەی بەراستی رووداوەکان ناخی ناوەوەی دەورووژێنێو هەستی خۆی دەربڕیوە. لەسەرەتای شەڕی ئەنگوست لەچاوی دووەمی جیهانیدا بیروباوەڕی تێکەڵ بە رێبازێکی ئەدەبی شۆڕشگێڕی ئایدیالی بووەو لەناخی ئارەزو و ویستەوە هەستو خرۆشی سۆشیالیستی جۆش سەندووە. لەشیعری "قەلاچۆی دوژمن" دا دەنووسێو دەڵێ:

کۆمەڵی سۆشیالیزم بونیاد بنێن
تاکو ببنە نموونە لە بۆ جیهان
کۆمەڵی بن پڕ لەبرواو یەکێتی
ئاگرێك بن بۆ گیانی زاڵمان..

شاعیری نەمر شێخ محەمەدی "قانیع" لەکۆشی خێزانێکی لێقەوماوو لە بنەماڵەیەکی ئایینیو دەستەلاتداری مام ناوەنجیدا لەدایك بووە، کوڕی شێخ عەبدولقادر، کوڕی شێخ سەعیدی دۆلاشییەو لەنەوەی (کابل) ی مەریوانن. دایکیشی لە شێخەکانی (کەولۆس) بووە لەناوچەی شارەزوور لەمانگی سێبتەمبەری ساڵی ١٨٩٨ لە ئاوایی ریشێنی بناری هەرێمی شارەزور پاش (١٤) خوشك چاوی بەژیانو کولو کەسەری هەڵهێناوە، تەمەنی (٤٠) رۆژ بووە کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، دوو ساڵان بوو دایکیشی رووی لەولاتی خامۆشان کرد. شاعیر تووشی تالاوی سەرگەردانیو نەهامەتی دەبێو لەجیهانی ئاوارەییدا دەژی، لەگەڵ ئەوەشدل تووشی دەردی دژوارو چەوساندنەوەی چینایەتی دەبێ، هەژاریو کوێرەوەی یەخەی دەگرێو بۆ ئەوەی خۆی پێ بگەیەنێ روو دەکاتە حوجرەو مزگەوتو دەست دەکا بە خوێندنو

لەلایەن (ئاغا سەید حوسێنی جۆڕی) یەوە یارمەتی دەدرێ. ژیانی شاعیر، لەژیانی شاعیرانی دیکە کەمتر نەبوو کە پڕیەتی لەئێشو ئازارو مەینەتیو راونان. بەهۆی فەقێیەتیەوە گەشتی: مەریوان، سنە، سابلاخ، بانە، سەقز، بۆکان، شنۆ، کۆیەو هەولێرو... کردووە.

قانیع هەوڵی ئەوەی داوە چ بە شیعرو چ بە قسە ئەو هەستو باوەڕەی لە مێشکیدا بووە لەگیانی زەحمەتکێشو چەوساوەکانی لادێکاندا بچێنێو پەرە بە بەرزکردنەوەی رادەی هۆشیارییان بدات تاکو ئەوەیەکی نیشتمان پەروەرو نوێخواز بێنێتە کایەوە.

شیعرەکانی قانیع دروەشەدارو گرشە بەخشە وەکو ئەستێرەی ئاسمانو هیچ ئەنگو بێزاری تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو خاوێنییو پاکی بەرگی هەرە جوانیەتی:

براین غایەتان یەك بێ، برایی غایە یەك بوونە
ئەوەی کۆمەك بەفیکرت بێ لە هەر لابێ براتانە

قانیع رۆڵەی دڵسۆزو نەتەوەو وڵات، هەمیشە کات بەپێی بڕشتو لێهاتوویی خۆی بۆ ئاواتو ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەی، بۆ بەرزیو پێشکەوتنی کۆمەڵەی کوردەواری، دوژمنایەتی نەریتو بیروباوەڕی کۆنو رزیو، بۆ سوودو قازانجی چینی زەحمەتکێشانی خەڵکی کوردستان خەباتی کردووەو هەرگیز ترسو لەرزی رێگای خەباتو تێکۆشان وەری پێبەرنەدا، بەڵکو لە پێچەوانەوە، ئەمانە هاندەری بوون کە گیانی شیرینی خۆی لە پێناو دواڕۆژێکی گەشتردا بۆ خەڵکە رەشو رووتەکانی وڵاتەکەی ببەخشێ.

ئەوەتا مامۆستا قانیع لە رۆژە رەشەکانی ژیانیشیدا ئەوەندە دڵو دەروونی فراوانو گەورە بووە، گرتنو لێدانو زەبروزەنگ چۆکی پێدانەداوەو هەرگیز باوەڕی بەسەرکەوتنو بەدواڕۆژی ئازادیو کامەرانی لەق نەکردووە. قانیع لەگەڵ وریای کوڕیدا ساڵی ۱۹٦۳ لە زیندانی (قەجەر) ی تاراندا بەند دەبن، ئەم شیعرەی بەرەوەی لەم زیندانەدا نووسیوە کە باری تەندروستی ناڕێکو زۆر نەخۆش بووە لەکاتێکدا کە بە جوانترینو بەرزترینو دیارترین شیعری قانیع دەژمێردرێ، ناوو ناوناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووەو بوە بە وێردی زمانی هەموو خوێنەرو نەخوێنەواری کورد.

ئەمە تەواوی تێکستی تابلۆی ئەو شیعرەیە کە لە بەندیخانەی -قەسری قەجەر- دا وتوویەتی:

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە
زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زڕەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرەکەن وەك زێوەری شاهانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێو، خوێنم خەنەش بۆ دەستو پێ
حەڵقە حەڵقەی پێوەندم، بۆ پلپڵەو لەرزانەیە
گەرچی دوژمن وائەزانێ من بەدیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم (قوتابی خانە) یە
بیری ئازایدم لە زیندانذا فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژنەی هیوای بە بەندیخانەیە
گرتنو لێدانو کوشت عامیلی ئازادی‌یە
تۆپو شەستیرو کەلەپچە، لام وەکو ئەفسانەیە
چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ رزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبستە کردەوەی شێرانەیە
چەکی شۆڕشگێڕی من نووسینو بیرو باوەڕو
راپەڕینە، هەڵمەتی پڕ نەعرەتەی کوردانەیە
گەر بە ئازادی، نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەریو سەردانەواندن.. کاری نامەردانەیە
(قانع) م ئەمڕۆ لە زیندانا بە (ئازادی) دەژیم
سەد هەزار نەحلەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە

قانیع دادو فوغانێتی لەدەست داوو دەزگای ئیمپریالیزمو دوژمنانی چەوساندنەوەی نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو چینایەتی، رۆڵەی وڵاتەکەی هان دەدا بۆ راپەڕینو خەبات کردنو هەستی نیشتمانیان فرە توندو تیژ دەکا تا نیشتمانی ئازیزیان لەچنگی داگیرکەرو چاوچنۆکان رزگار بکەنو باروبنەی بێگانەو نامۆ لە کوردستان توڕدەنە گۆڕەوە، هیوا خوازە رۆژێ بێ هێزو بازووی گەل رای بماڵێ.

حیلفی بەغدای شومی فاشستی کە هاتە گۆڕەوە
بۆ نیازی پڕ لە کینەی دوژمنی سەرشۆڕەوە
مامەکی پەیمانی (سەعد ئاباد) ە پەیمانی بەغا
خۆزگە: میللەت رای ئەمالی و تووڕی یەکردە گۆڕەوە

بەم جۆرە پڕ بە دەم دەچریکێنێ و میللەت ئاگادار دەکاتەوە تا شوێن قسەی خەڵکی بەدو چەقەو هەرای پیاوی خوارو خۆپەرست نەکەوین، راستییەکە ناشاردرێتەوە دەبێ خۆمان بە کەڵکی خۆمان بێنین.
لە (شیوەنی ئاگراوی) دا مامۆستا قانیع دەنووسێ و دەڵێ:

کوا ئەو دڵسۆزە ئەیووت (داشدیاری میللەتم)
چی بەسەرهات؟ کوا لەکوێیە؟ گیری داوی مەینەتم
گەل بەهێزی دەستو بازوو، فیکری خۆی رزگار ئەبێ
هەرچی بڕوای کرد بە خەڵکی، کاری ناهەموار دەبێ

لەشیعری (سکالای نەسرین) دا قانیع باوەڕێکی تەواوی بەمەسەلەی ئافرەتان بووەو بەرەوویەکی گەشەوە لەگەڵیان دەدوێ: لەو بارەوە بەڵگەی راستی ئەم بۆ چوونەمان پێش چاو دەخاو دەڵێ:

سلام علێك مامەی ئیختیار
علیك السلام کیژۆڵەی نازدار
مامە بە ئاشنا دێیتە پێش چاوم
رۆڵە گیان رەنگە من زۆر گەڕاوم
بێ قەیری نەبێ ناوت نازانم
ناوم قانعەو شەیدای نیشتمانم
تۆی مەلا قانیع شاعیری هۆزی؟
دایم چاوەڕوان بۆ بەرزی کۆزی؟
رۆڵە گیان بەڵی قانعم ناوە
بۆ خۆمو بۆ تۆ جەرگم سووتاوە
مامۆستا ئێمە گشت بەشخوراوین
بەڵام لە لادێ تەواو فەوتاوین
ئەوەڵ تا ئاخر هەر بەشخوراوین
لەناو کۆمەڵدا زۆر لێکراوین
گەر بڵێم ئەمشەو ئەچمە سینەما

ئەلێن تۆ کچی حەیات بۆنەما
هیچ خەفەت مەخۆن دنیا گۆڕاوە
کورد لەخەو چاوی چاك هەڵهێناوە
پێتان ئەخوێنن زۆر بەئارەزوو
بە مەیالی خۆتان ئەتان دەن بەشوو..

کۆچیماڵئاوایی

لەرۆژی (٧) ئایاری ١٩٦٥ لە تەمەنی (٦٧) ساڵیدا کۆچی دوایی لەژیانو لەدنیای شیعرو ویژەی کوردی کردو درایە دەست دنیای نەبوونو لە گوندی (لەنگەدێ) ی ناوچەی (شلێر) و لەسەر خواستی خۆی لەگۆڕیچەی (شێخ ئەورەحمان) بەخاك سپێردراوە.
هەزار درودو سلاو لەگیانی پاکو هەرگیز نەمری (قانیع) ی شاعیری گەلو نیشتمات لە بیرەوەری هەشتا ساڵەی لەدایك بوونیدا، ئەو شاعیرەی تا هەتایە شیعرە شۆڕشگێڕانەو میللی‌یەکانی لە ئاسۆی دڵو دەروونی کوردو مرۆڤایەتیدا دەدرەوشێتەوە.
سلێمانی- ١٩٧٨

سەرچاوەکان:
١-شیعرەکانی "نامەی قانیع" بەغدا، چاپخانەی دار التظامن، ئەهلی، ١٩٧٤.

حەقیقی

١٩٠٢-١٩٩٧

حەقیقی

بەهۆی باروودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی کوردستان و زوڵم و زۆری کوردخۆران و تەڵەو داوی سەر رێگە، وابووە زۆر شوێنەوارو ئاکاری باشی شاعیرو ئەدیبو زانایانی بەنێوبانگی گەلی بێدەرەتانی کورد بەنیوەچڵی و پچڕ پچڕ بنوسرێتەوە، یان لەبەر دێومڵۆکەی نەخوێندەواریو کەمتەرخەمی و بەتەنگەوە نەهاتن و زۆر هۆی دیکە کەوتوونەتە بەر گێژاوی لەبیرچوونەوەو بوونە خۆراکی مارو مێروو.. جاری واش بووە بەرهەمی بەهرەمەندان، لەچنگی بوغزو رکەو کینی فەوتان پارێزراون و بەهۆی کەسانی دڵسۆز بەئەمەکو ماندوویی نەناس ژیاوانەتەوەو لەنێو مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەگەڵ ناوی خاوەنەکەی جێی بۆ کراوەتەوە. مەبەستی ئێرەمان، باسی چۆنیەتی ژیان و بەسەرهاتی شاعیرێکی کەم ناسراوو بەهرەمەندی کوردە لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

نەتەوەکەمان وەچەی شاعیرو ئەدیبی.. وا کەم نەناسراوی کەم نیبە، بەڵام بەداخەوە وەك لێرە بەپێش گوتم لەسۆنگەی زەبرو زەنگی پیاوخۆران و نەبوونی زەمینەی رەخساوو چاپەمەنی و راگەیاندنە جۆراوجۆرەکانەوە ئێجگار پیاوی گەورەو کارامەو هەڵکەوتوومان بووەو هەیە کە جێی شانازیو سەربەرزی میللەتەکەمانن لەخانەی فەرامۆشیدان. بۆ نموونە حەسەن سەیفی قازی [1] شێخ ئەحمەدی سریلاوا [2]، سەید کاملی ئیمامی [3]، خاڵەمین مەلا غەفوری دەباغی، خالیدی حیسامی (هێدی)، رەشیدی زەرزا، سوارەو هاوار.. لەتەك شاعیری نیشتمانپەروەرو مەل خۆشخوانی ئەم شوێنەمان مامۆستا حەقیقی".

پوختەی گەشتی ژیانی حەقیقی شاعیر

لەساڵی ١٩٠٢ ز، لە گوندە خنجیلانەکەی "مەرجان ئاوای" موڵکی خۆیان و سەر بە مەڵبەندی زەنوێرو سازگاری دەشتی حاجی حەسەن، بۆ یەکەم جار چاوی ژینی لەباوەشی چیا سەربەرزەکانی کوردستان پشکوت.

ناوی راستی، عەباس کوڕی عەلی پاشا کوڕی ئیبراهیم ئاغای تاڵاو کوڕی شێخ ئاغا کوڕی شێخ بەیرەم ئاغای باپیرە گەورەی عەشیرەتی دیبوکرییە، دیبوکری هۆزێکی ناو بەدەرەوەو بەنێوبانگو لەمێژینەی

کوردە، چەندین ژنو پیاوی ئازاو قارەمانو بوێرو چانەترسیان تێدا هەڵکەوتووە، بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی نەتەوایەتیو نیشتمانی لەخۆبردوویی‌و فیداکاریو دلێری بوون لەناوچەکەدا ئەم شاعیرە دیارییەکی هەرە هێژاو رۆڵەیەکی هەڵکەوتوی ئەم بنەماڵەیە، کە دەبێ پێی بنازین، نازناوی شیعری لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا "حەقیقی" یە، ئێستا دانیشتووی شارە دڵگیرو شیرینەکەی "بۆکان"ە.

لەمێردمناڵیەوە بەگوێرەی رێورەوشتی خوێندنی ئەم دەمو وچاخە لەگوندی "مەرخۆر" دەنێردرێتە قوتابخانەی خۆماڵی "حوجرە"و لەلای مەلا قادر ناوێك، ئەلفو بێکە فێردەبێ. قورئانی پیرۆزو هێندێ وردە کتێبی فارسی ئەو سەردەمەی وەك: سمایل نامەو ناگەهانو ئەوی شودەو جورم بەخشی خوێندووە. کە شەڕی یەکەمی دنیادا گڕ قەوما زۆر ناوچەی ئێرانیشی گرتەوە، تایبەت ئازەربایجانو کوردستان بوون بە جەهەندەمی شەڕی لەشکری رووسو رۆم لە خۆرهەلاتی گڕگرتووی ناوەڕاستدا گەردەلوولی رۆژگار وایکرد ماڵە بابی شاعیر لەزێدو نیشتمان پەرت بنو بەخاوو خێزانەوە پەنایان بە دەوروبەری سلێمانی برد، بۆ ماوەیەکی نادیار زەمانە لەو هەرێمەیان دەپەستێوێ، پاش هێمنی‌و ئارام بوونەوەی وڵات لە کە زوڵمو لاساری وردە وردە تەمو مژی رەوییەوەو بەرەو هەواری ژیانگە بایاندایەوە. هەر لەو سەرو بەندانەدا لە خزمەتی باوکی کتێبی گولستانو بوستانی سەعدی شیرازیو کیمیای سەعادەتی ئیمام محەمەدی غەزالی خوێندووەو دەرکی ئەدەبی فارسی لێکراوەتەوە.

دێوی مەرگ کە باوکی شاعیری راماڵ کردو بنەوبارگەی بۆلای بارەگای هەق تێکنا، بۆ ماوەیەك پەکی خوێندنی دەکەوێو لەو ماوەیەدا بەردەوام دەست بە خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی فارس دەکات، لەئاکامی خوێندنەوەی زۆر، زمانی شیعری پژاوەو رۆژ لەدوای رۆژ زەوقی شاعیری پەرەی ستاندووەو کانیاوی بەهرەی شیعری زیادی کردووە. بێکاری ئەوکاتی شاعیریش بۆخۆی دەرفەتێك بوو بۆ زێدەتر خوێندنەوەو شیعر نووسین.

بۆ درێژەدان بەخوێندنو خۆگۆشکردن لەگەڵ خاڵەمیندا رێگەی زانست دەگرێو دەچێتە حوجرەی "ئێسکی بەغدا" و ماوەیەك بەسەر دەبات.. ئەوجا لەتەك سەید کامیلی شاعیر بۆ خوێندن روو دەکاتە قوتابخانەی باخچە[٤]. دیسان بۆ جارێکی دی قوتابخانەی "ئێسکی بەغدا" کە

دەگوێزرێتەوە ئاوایی قولقولەو ئی حاجی بایز ئاغای ئیلخانیزادە بووە، بەسەردەکاتەوەو بڕێتر دەخوێنێ. پاش تەواوکردنی "سرفو نەحوو مەنتیق" لە ساڵی ١٩٣٤ نیشتەجێی مەهاباد دەبێ‌و لە دائیرەی دارایی دامەزراوەو لەگەڵ کچی خاڵیدا زەماوەندو تەدارەکی سازکردووە. ساڵی ١٩٦٣ز خانەنشین کراو خوا پێنج کوڕو چوار کیژی بێ پەخشیوە. شایانی باسە؛ حاجی بایز ئاغای مامی شاعیر، پیاوێکی هونەردۆستو زیتو وریاو دنیا دیدە بووە. بەسێ زمان فارسی، عارەبی‌و تورکی شیعری ڕەوان بوو، هاندەرێکی بەهێزو پاڵپشتێکی قایم بوو بۆ شاعیرەکەمان کە زیاتر ڕێچکەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بگرێ‌و لێی لانەدا.. بەقسەو گفتی خۆی ئەوی هەیەتی لەبەختو چاوی ئەوی دەناسێ.

حەقیقی‌و مەبەستی شیعری

لەباری زمانەوە شیعرەکانی سادەو پەتی‌و ڕەوانن، بە چەشنێکی ساکارو لادێیانە گوتراون. پڕن لەبۆن‌و بەرامەی وشەی ناسکو چەلەنگو شیرین‌و گرشەدارو هەست بزوێن‌و رازی شادی. خوێندەوارو نەخوێندەواری کورد زوو لێی حاڵی دەبێ، تێکۆشاوە وشەی ڕەسەنی کوردی بەکاربێنێ‌و بۆ بوژاندنەوەی زمانەکەمان ئەوەندەی لێی دەزانێ‌و شارەزایەتی شەن‌و کەوی بکاو وشەی نامۆو لاوەکی‌و داتاشراوی خوێنتاڵێ نارەسەنی لێ دەرباوێژێ. بە واتای فرە جوان رازاونەتەوە بە تەشبیهی نایاب ئاخنراوە. ئەمە لەلایەك، لەولاکەی کەشیەوە سەرنج بدەین تێدەگەین شیعرەکانی وەك شاعیرانی کۆمەڵایەتی دیکەی کورد، لەرووی مەبەستو ناوەرۆکەوە بەهێزە، پتر بەو باسو خواسانەوە خۆی ماندوو کردوە کە بەرەی میللەت تێی دەگەن‌و حاڵی دەبن، بەڵام لەبارەی هونەری شیعرییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی بەهونەری شیعر نەداوە. لە بارەوە تکایە بڕواننە ئەم چەند بڕە شیعرانە:

تاخوا حەزلەکا ئازاو نەترسن
بۆ مەردو ڕەندی لێیان مەپرسن
شێری شکارن ئازاو بەکارن
ئەمما داخەکەم نەخوێندەوارن
هەر بۆیەش ئاوا لێك نامۆو سڵن

داوا یەکێکەو تێیدا دوو دڵن
ئاخر هەتاکەی وابێ بەشی تۆ؟
کەی ئاوا نەبێ ڕۆژی ڕەشی تۆ؟(١)

ركەو هەورازو نشێوو چڕیو دوندی بەرزو ڕەوەزی ئەستەمی زۆر دیوەو بە پەنا ڕووباری خوڕێنی هەست بزوێنو مێرگو دەشتو موچەوەزاری دلڕفێندا ڕابردووەو بە بەژنو باڵای دیمەنی شۆخو شەنگی خوڕسکی کوردستانو ژیانی سادەی ڕەشو ڕووتی خەڵکی کوردەواریو کارەساتی خوێناوی مێژووی وڵاتی هەڵگرتووەو بە بیروخەیاڵو وردەکاری ناسکی شاعیرانەی خستۆنێتە نێو چوارچێوە میحرابی شیعرەکانییەوە کە کورەی دەروونی سوورەوەبووی جۆش داوەو سەرچاوەو ئیلهام بەخشی بوون.

بەهارە مانگی خۆشی بانەمەڕ سەیری‌کە بیبینە
دەوروبەشتو چیاوو کەژی دنیا هەموو شینە
چیا غەملی، گیا شین بوو، چەم ڕازاوە، گوڵ پشکوت
لەهەر لا تێیەفکری سوێسنەو بەیبوونو نەسرینە
دڵۆپەی شەونمی پەلکی گوڵو بۆنی شنەی شەوبۆ
مەناسەی ساردی فەرهادەو تکی فرمێسکی شیرینە
عەزیزم پایزە، کاتی زەکاتەو وەختی خەرمانە
بەهاری مەیلەکەت زستانە، ئەمما لێرە هاوینە
"حەقیقی" ئەو بەهاری سوورو شین پەندێکە بۆ ئێمە
بەهاری عومری ئێمەش دەمێ سوورەو دەمێ شینە(٢)

حەقیقی شاعیرێکی گەش بینە، هیوای بە ئێستاو دوارۆژو چارەنووسی مرۆڤو ژیانی ئازادیو سەرفرازی میللەتی کورد هەیە.
حەقیقی نموونەی شاعیرێکی باشی ژیانو میللەتە، چاک چاک دەزانێ کە شیعر زمانی جەماوەرەو جەماوەریش کەرەستەیەتی. بۆیە هەر ئەو جۆرە شیعرە بەشیعری گەل دەناسرێو لەگەڵەوە بۆ گەل دەمێنێتەوە کە دەبێ شیعر بۆ بەرژەوەندی ئاپۆرەی کۆمەڵانی خەڵك بنووسرێ ژیانی تاڵو پڕ کوێرەوەریو خەمو پەژارەی زەحمەتکێشو ڕەنجدەرانی گەل بگۆڕدرێتەوە بەهەتاوی بەختەوەریو دێوەزمەی تاریکی،

ناهومێدیو سەهۆڵبەندانی بن دەستی بتارێنیو نەمێنێ. هەر بۆیەشە شیعرەکانی دەخاتە قاڵبێکی واوە کە حەشاماتی نەتەوە بتوانن لە خوێندنەوەی تێی بگەنو کەڵکو سوود لێ وەربگرن.
ئەوەی پێویستە بگوترێ: یەکێتی بابەتو پشت تێکردن لەمانای تاکە شیعر مەرجێکی گرنگی شاعیری راستەقینەی ئەم سەردەمە جەنجاڵەیە کە ئەوە لای شاعیر روونو ئاشکرایە، یەکێکی دی لە خاسیەتەکانی شیعری شاعیر ئەوەیە کە سۆزی ئەڤینو بیری سیاسی تێکەڵ بە شیعرەکانی دەکاتو باشیش سەرکەوتووە.. لەوەسفی "بەهار" دا ئاوا زمانی شیعری دێتەگۆ:

بەیاری رۆژی رووتو پەرچەمی شەو
بەرۆژی روون دڵت بردم بەشەو خەو
قسەن پەیمانی ئەتلانتیکو وەرشەو
ئەوان با هەر لە فێڵێ بن لەمەو لەو
ئەمن پەیمانی تۆ ناشەم بەناتۆ(٨)

بە تێڕادیوی لەخۆمان دەتوانین بڵێین: ئەم شاعیرە یەکێکە لەو ئەستێرە گەشو پرشنگدارانەی ئاسمانی کوردەواریمان کە جێگەو پلەوپایەیێکی دیارو شیاوی لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی بۆ خۆی داگیر دەکات.
حەقیقی لەکانی دڵەوە گەلو نیشتمانەکەی خۆی خۆ دەویو دەیپەرستێ.وەك مرۆڤێچکی هۆشیارو شاعیرێکی کۆمەڵایەتی هەستی بە چارەڕەشیو بەدبەختیو ئازارەکانی نەتەوەی کڵۆڵو ستەمدیدەی کورد کردووە لەنێو تاڵو سوێری کێشەو گرفتی کۆمەڵی خەڵکدا ژیاوەو پێگەیشتووە. گومانی تێدانییە ئەوە براوەتەوە کە دەردی نەزانیو نەخوێندەواری دەردێکی ئێجگار کوشندەی باری پاشکەوتوویی نەتەوەی ئێمەیە، شاعیر دەبینێ کە کچو کوڕی وڵاتەکەی نوقمی نەزانیو نەخوێندەواری بووەو لەمافی بەئازادی خوێندنو نووسینو بیروباوەڕ دەربڕین دوورە بەشەو دابو نەرێتو جلو بەرگو مۆسیقاو هەڵپەرکێی میللی کوردی.. لێزەوت کراوە، شاعیر دێ، زیانی نەخوێندەوارییو کەڵکو پایەی زانستمان بە تەعبیرێکی شاعیرانەو وەستایانە لەشیعری "عیلمو زانین" دا نیشان دەداو دەنووسێ:

خەیاڵێکی نەکەن وەختو زەمانێکی هەیە خوێندن
لەبێشەکەرا زەمانی خوێندنێ تا کاتی تەلقینە
مەڵێن بۆ نێرو مێ فەرقی هەیە، فەرموویەتی فەرزە
لەسەر کوللی موسڵمانێ چ مێ بێو چ نێرینە
"حەقیقی" وەك نەزانێن ئافەتە بۆ دینو دنیایە
حەقیقەت عیلمو زانین زیبی دنیاو زێوەری دینە[9]

هەر بەوەندە رانەوەستاوە، بەراوێژی شیرینو هێمنیو لەسەرەخۆ ئەم مەسەلە لەگەڵ فێرکاری قوتابیان کەزمانی هۆشیاریو پێگەیاندنی منداڵانی دوارۆژە دوویاتە دەکاتەوەو دەڵێ:

ئەی موعەللیم ئەی فریشتەی رووی زەوی
ئەی سروشتو رێو رەوشتت مەعنەوی
تۆ دەبی منداڵ حۆلن دەخوێنێتەوە
ئەو لەوی دەکوتێ بە مستان ئەم لەوی
بۆ بەیانی باشی دەرسی بێچوان
تا بەیانی بێوچان دڵناکەوێ
داری خۆشی کەی بەبێ تۆ دێتەبەر
سەرووی نازی، نەخلی بەرزی نانەوی
خوێندنە هۆی راپەڕینی هۆزەکان
هەر بەوی خەڵکی زەوی چوون بۆ جەوی
با هەر ئی تۆ بێ کەلیمەی کۆڵنەدەر
راپەڕە، تێکۆشە، باهەر سەرکەوی
گیانەکەم پەندی حەقیقی بگرە گوێ
تا بەفریات بێ خودای بەرزو نەوی[10]

لاوانەوەو پیاهەڵدانی کۆچی دوایی شاعیری نەتەوەپەرستی کوردو تێکۆشەری رێگای خەباتی رزگاری کوردستان، خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن (١٩٢٣- ١٨/٤/١٩٨٦) دا بە شیعرێکی یازدە بەیتی بەشداری خەمو دڵتەنگی مردنەکەی کردووەو بەم دێڕانە زوخاوی دڵی هەڵڕشتووە:

کەو و کوڕ کوڕ لەسەر لوندی چیای شین
دەناڵێنن لەشینی مەرگی مێمن
گوڵی باغی ئەدەب ژاکا لەناکاو
بەبێ وی زەردە رەنگم وەك بەمێ من
لەدووریت تازە دڵخۆش بم مەحاڵە
بە نەغمەی بولبولو قاسپەی کوێ من
بەبێ تۆ جەرگی من سووتاوە "مێمن"!
ئەمن ئاوام، ئەتۆ چۆنی بەبێ من؟
رەفیقان دڵ بریندارە "حەقیقی"؟
دەوای ئەو زامە داواکەم لەکێ من[11]

ئەڵمانیا- ١٩٨٩

ئاکام:

ئەم کورتە هەواڵدانێکی سەرەتایی بوو دەربارەی حەقیقی شاعیر. لێرەدا باسی هەموو لایەنەکانی شیعری ئەم شاعیرە تاوتوو نەکراوە، ئاواتەخوازم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرە لەلایەن دۆستو لایەنگرانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردییەوە بۆ باشتر هەڵسەنداندنی ئاسۆیەکی لێکۆڵینەوەی فراوانی بۆ برەخسێ.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١-شاعیری پایەبەرزو کوردپەروەر ی هەڵکەوتووی ناوچەی موکریان، ئەبولحەسەن سەیف القضات، کوڕێ میرزا قاسمی مامی پێشەوا قازی محەمەدی شەهیدو لە ساڵی ١٨٧٨ ز لەشاری مەهاباد لەدایك بووە. لەتشرینی ١٩٤٦ بۆ دواجار چاوی ئارامی لێکناو بادەی شەهادەتی مەرگی نۆشی‌و لاشەی پیرۆزی لەخانەقای شێخی بورهان بەخاك سپاردراوە.

پیاوێکی زاناو رۆشنبیرو سیاسی کۆمەڵایەتی‌و سۆفی بووە، ئەگەرچی بۆ خۆی لە بنەماڵەیەکی پۆشتەو تێرو تەسەل بووە، بەکاری مڵکداری‌و کشتوکاڵییەوە هۆگر بووەو لەم مەیدانەدا کەم کەس توانیویەتی دەسکەنەی لەدوو بکات. شایانی باسە، حەمە حوسێن سەیفی قازی شەهید کوڕی ئەم شاعیرەیە.

٢-شێخ ئەحمەدی سریلاوا (حیسامی)، خزمێکی زۆر نزیکی قازی محەمەد بووەو برای دکتۆر جەوادی قازی‌و مامی محەمەدی قازی نووسەر وەرگێراوە. (١٩٠٩-١٩٩٨/١/١٢ن).

٣-شاعیری بەراستی گوشراوی هاوچەرخمانەو سەر بە ماڵی قوتابخانەی شیعری دەوڵەمەندی کلاسیکی کوردی، کامیلی ئیمامی زەنبیلی لە ساڵی ١٩٠٤ هاتۆتە دونیا، لە ١٨٩٨ لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا بارگەو بنەی بەرەو لای یەزدانی‌پەروەردگار پێچایەوە.

٤-باخچە: گوندێکە لە گوندەکانی (فەیزوڵا بەگی) و دەکەوێتە ٢٤ کیلۆ مێتری رۆژهەڵاتی بۆکان.

٥-بۆ ژینامەی شاعیر تکایە بۆی بروانە: دیوانی حەقیقی چاپی دووەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ورمێ ١٩٨٨و گۆڤاری سروەی ژمارە: ٣ هەمان دەزگای چاو بڵاوکردنەوە.

٦-دیوانی حەقیقی، چاپی دووەم، هەمان سەرچاوە ل: ٩٣-٩٤.

٧-دیوانی حەقیقی، هەمان سەرچاوە ل: ٥٦-٥٧.

٨-دیوانی حەقیقی، هەمان سەرچاوە ل: ٤٩

٩-دیوانی حەقیقی، هەمان سەرچاوە ل: ٩٥

١٠-دیوانی حەقیقی، هەمان سەرچاوە ل: ٩١-٩٢

١١-دیوانی حەقیقی، هەمان سەرچاوە ل: ١٩٠

*حەقیقی، لەشەوی ١٩٩٧/١/١٨ دا کۆچی دوایی کردو لەشاری ئازیزی بۆکان بە خاك سپاردراوە، گیانی شادبێ..

فائق بێکەس

١٩٠٥-١٩٤٨

فائق بێکەس

دیوانی شاعیری نەمری کورد (بێکەس) هاتە بەر دەستمو خەریکی خوێندنەوەی بووم، ئەم کتێبە بە هەوڵو کۆششی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم کۆکراوەتەوەو ساڵی ۱۹۷۰ لە بەغدا لە چاپخانەی شەفیق چاپ کراوە، پاش چاوپیاخشاندنو خوێندنەوەی بابەتەکان ویستم بەچەند وشەیەك رێز لەم زاتە بزورگەوارەی نەتەوەکەمان بگرمو بە قەڵەمە شکاوەکەم شتێکی لەسەر بنووسم.

بێکەس ناوی راستی فایەقە، کوری عەبدوڵڵا بەگی کوری کاکە حەمە کوری ئەلیاسە قووچە. سەرناوی شیعری (بێکەس) ە، لە ساڵی ۱۹۰۵ زدا لە گوندی سیتەك مەڵبەندی ناوچەی شاربازێر کە (۳۰) سی کیلۆمەتر لەسەرووی خۆرهەڵاتی سلێمانییەوەیە لەدایك بووە. ماڵو باوانی لە (قەڵاچوالان) ەوە هاتوونەتە سلێمانی، لە ساڵی (۱۹۱۱) دا باوکی بە کاروباری دەوڵەت چووە بۆ خانەقینو لەوێوە بۆ بەغدا لە بەغداوە دەنێرێ بەدووی خێزانەکەیاو لەوێ نیشتەجێ بوون. پاش ماوەیەك ئەوان لە بەغدا بەجێ دێڵێو -خۆی دەچێ بۆ ئەستەمبوڵ ساڵی (۱۹۲۹) لە (مەرعەش) لە تورکیا چرای ژینی بۆ ئێجگار کوژاوەتەوە. کاتێ کە لە بەغدا بوون لە ساڵی ۱۹۱۷ دا لەبەر هەژاریو بێ دەرامەتی، لە ساڵی ۱۹۱۸دا لە بەغدا (حەبەخان) ناوێك كە هاوسەری ئەفسەرێکی خەڵکی سلێمانی بووە دەیانباتەوە بۆ سلێمانی بۆ لای حاجی ئەمینی مامیو لەبەر ئەوەی بێکەس لاوێکی هۆشیارو زرنگو تێگەیشتوو بووە کاتێ کە چۆتە قوتابخانە لە پۆلی سێیەم وەردەگیرێو تا ساڵی ۱۹۲۳ بەردەوام دەبێ، هەموو ساڵێکی خوێندنی بە پلەی یەکەم دەرچووە، هەر لەو ساڵەدا لەسەر قسەی مامی دەست دەکاتەوە بە خوێندن، لە قوتابخانەی (علمیە) ی کەرکوك وەردەگیرێ لەوێ بۆی نالوێ خوێندن درێژە پێبدات. لە ساڵی ۱۹۲٤-۱۹۲٥ دا لە ((دار العلوم))، لەبەغدا درێژە بە خوێندن دەدات، دیسانەوە لەوێش بۆی ناگونجێ لەبەردەم بژێوی خۆی بخوێنێ، لە ساڵی (۱۹۲٦- ۱۹۲۷ دەگەرێتەوە بۆ سلێمانی کە تەنها پۆلی یەکەمی ناوەندی تیا بووە ناچار دەبێ رووی لێدەنێ؟ بێکەس لەزماندا عەرەبیو فارسی زانیوە کەمێکیش شارەزای لە ئینگلیزیدا بووە، لە ساڵی ۱۹۲۸ دا بووە بە مامۆستای (زانستی) و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودی مەزن (۱۸۸۲- ۹-۱۰/۱۹٥٦) دا مامۆستای قوتابخانەی (مۆرتکە

بووەو پاشان دەکوێزرێتەوە بۆ (تەویلە). لە سالی ١٩٣١دا میری ئەوکاتە لەسەر کار لای دەبات بە بیانووی ئەوەی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو بیروباوەڕی کوردایەتی لەناو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بلاو دەکاتەوە.
لە سالی ١٩٤١دا دەولەت وەری دەگرێتەوە بە مامۆستاو تا کۆتایی ئەو سالەی کە گیانی بەخشی، لەقەرداغو سلێمانیو سورداشو هەلەبجەدا بەوانە وتنەوە خەریك بووە[1]
شیعری بێکەس شایانی لێکۆلینەوەیەکی وردەو پێویستی بەوەیە بە درێژی لەسەری بنووسرێ[2]. بێکەس وەك رۆلەیەکی هۆشیارو شاعیرێکی کوردپەروەری دیار، کە بۆخۆی کارێکی بچووك نییەو کەسانی شارەزاو خامەرەنگینی کارامەو لێهاتووی دەوێ لەماوەی سالانی تەمەنی ژیانی شاعیرێتیدا توانیویێتی پلەو پایەیەکی ئەدەبی بەناوبانگی هەبێو شوێنەوارێکی گەورەو زۆر پارچە شیعری بەهێزو هونەرمەندانەی بۆ بەجێ هێشتووین.

شاعیری گەل:

یەکێك لە نیشانەکانی شاعیری رەسەن لەوەدایە، لە شیعرەکانیدا شتێکی وا دەربرێ بکەوێتە سەرزاری جەماوەر یا لەقازانجو بەرژەوندی ئەواندا بێ باسو خواسێکی هێمنانەی پێوە دیار بێو بەسەر کارەساتو تەقینەوەدا زال بێت، یان بێ هەلچوونو سەرلێشێواندن ئاوێنەیەکی بریقەداری رۆژی خۆی بێو ناوەرۆکێکی پوختی هەبێ کە مرۆڤی نەتەوە لەشوێنی دەگەرێتو لەکۆمەل جوێ نابنەوە، لەهەمان کاتیشدا بەرپەرچدانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی راستی هەموو هەرا هەراو بۆشیو درۆو دەلەسەی هیچو پوچو لەرێ لادەرانەیە کە دوورن لەژیانی واقیعو لەبیری پێشکەوتنخوازانەو لە مەبەستە پوختەکان بەدەرنو لەسەر زەمینی واقیع نەوەستان. ئەمە لەولاوە بوەستێ، لەم لایەی کەشەوە بەرهەمێك خاوەنەکەی دەکا بەشاعیر بەرهەمەکە دەبێ لەناخو ئارەزوو و ویستی گەلەوە سەردەربێنێو هەستو خۆشی راستەقینەی گەل بۆ مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە بخاتە رووو رەشو رووت و برسیەکانی ئەم سەرزەوییە پەروەردە بکا ئەوجا بایەخێکی ئەدەبی هەیە، شاعیری شۆڕشگێڕی راستەقینە "لەپێناوی ساڕێژکردنی زامەکاندا تێ ئەکۆشیو خۆشی تا چەند بۆی بلوێ ئەو بیرانە بەکردەوە

بسەلمێنی ئەوا لای جەماوەر گەورەتر دەبێ نموونەی ئەو جۆرانە وەك حاجی قادری کۆیی‌و بێکەسی نەمرە.[3]

شیعر لای بێکەس:

بێکەس کارەساتە خوێناوییەکەی (٦) ی رەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠- بەر دەرگای سەرای شاری سلێمانی دیوەو یەکێك بووە لە سەرکردەکانی ئەو راپەڕینە دلێرانەیە، شاعیر لە ئەنجامی هەراکەدا سەری بە قۆناغە تفەنگی جەندرمەکانی رژێمی پاشایەتی گوێ لەمستی بەریتانیا بریندار کراو خرایە بەندیخانەوە، لەناو بەندیدا بوو سروودی (ئەی وەتەن) ی شۆڕشگێڕی هەڵبەستو کردییە دیاری‌و پێشکەشی گەلەکەی کرد تاکو تێکۆشن‌و کۆڵنەدەن لە مەیدانی خەباتو گیان بازی بۆ دواڕۆژێکی روونتر، لەگەڵ ئەوەی هێزی تاریك سەرکەوت، بەلام خەڵکی کوردستان زیاتر هۆشیار بووەو باوەڕی بەهێزتر بوو کە پێوەندی دەستو بێ دەکرێتەوەو دوژمن دەبەزێنرێ.[4]

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆمە شێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندیی‌و ئەسارەت پێ بەتەوقو کۆتەوە

دیاری کردنی سەرکەوتوویی یا لاوازی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ بیرو فەلسەفەو ئەو وشە دەربڕاوانەو ئەو تاقیکردنەوە وردو دڕشتانەی شاعیرەکەو ئەو رۆشنبیرییەی هەیەتی، هەروا لەگەڵ لایەنە زگماکیە تایبەتییەکانیدا. ئەم شیعرە لەرووی ماناو دەربڕینی هەستو بیرەوە ساکارو رەوانو ئاشکرانو زوو مەبەست بەدەستەوە ئەدەن، خوێنەر کە دەڕوانێتە ئەم شاکارەی هەستی خاوێنی تێکەڵ ئەو دیمەنە ناوازانە دەبێ، شاعیریش چەندی لەدەست بێ بۆ دڵخۆشی مرۆڤەکان وەستایانە وێنەی ئەو واقیعە سروشتیە پڕ لە نهێنییانە دەگرێو ئەو وێنانەش مرۆڤ وا لێ دەکەن لە خۆشیانان شاگەشکە دەبێ. شاعیر لەم شیعرەیدا ئیلهامی لە سروشتی ولاتەکەی وەرگرتووەو ئەڤینی تەڕو تازەی دیمەنی شاخی گۆیژە دڵو دەروونی شاعیر دێنێتە جووڵەو بەسەر ئاوو هەواو خاکو وەتەنو ئازایی‌و جوامێری کورددا هەڵدەڵێ‌و تابێ لەخۆشیانا دەنگی لێ بڵند دەکاتەوەو دەچریکێنێ:

شاخی رەنگاو رەنگی گۆیژە باعیثی کەیفو سروور
هەربەمە بەرگی ئەپۆشێ، گا سپی گا سەوزو سوور
وەصفی قەومی کورد ئەکەی تۆ بەم هەموو رەنگانەوە
رەنگی سوورت شامیە بۆ کورد کە قەمێکن جەسوور
بەرگی بێ گەردو سپیشت دیارە وا هاوار ئەکا
قەومی کورد دڵ سافو پاکن میللەتێکن بێ قسوور
بەرگی سەوزیشت ئەڵی ئەم خاکە هەر شینایی یە
پڕ لە دەغڵو دانو کانی، سەربەرزو پڕ لەنوور
ئەی وەتەن شایانی فەخری واجبە مەدحت بکەم
دارو بەردت عەینی گەوهەر خاکو خۆڵت وەک بلوور

وەك دەزانـن بەشـیعری بـەرزی نیشـتمانی‌و خۆشەویسـتی‌و خـاكو نەتەوەپـەروەری نـاوی رۆیـوەو زۆر بەرهـەمی ئازایانـەی بـۆ گـەلو خاكەكەی تـەرخان كردووە، پێـم وایـە، ئەگـەر دڵسـۆزی‌و ئەمـەكداری‌و خۆشەویسـتی نیشـتمانو نەتەوەكـەی نەبوایـە ئـەو شـیعرە گـەورەو مەزنانەی تیشكی رووناكی چاپیان نەدەدی‌و بێكەسیش ئەو پایە بەرزو ناوو ناوبانگە زلەی نەدەبوو. ئەم شیعرەی راستییەكە دەبێ لـە پێش چاو بگیرێ،بانگێكە بۆ ئازادی‌و ئامانجی رێـی راسـتی ئاشـكرا دەكـا، نیشـانەیە بـیری كۆنەپەرسـتی‌و نەژادپەرسـتی ریشـەكێش دەكـا، بانگهێشـتنێكە بـەپیرەوەچوونی مـرۆڤ هۆشـیارو بێـدار دەكاتـەوەو ئاواتو ئاكاەو مەبەستی گەل سەردەخا. شایانی گوتنە كاتی دانانی ئەم شیعرە دوای راپەرینەكەی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ی گەلانی عێراق بووە.

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداكاری ئەبەد سەر ناگرێ

فایەق بێكەس بە چامەیەكی وەك (٢٧ ساڵە..) ناوبانگێكی زۆری پەیدا كردووەو مەرزو سنووری دووری وڵاتی شكاندووەو خۆیشی بەكردەوە سەلماندوویەتی. ئـەم شـیعرە لـە رێگـای هـەجووی كاربەدەسـتێكی ئینگلیزییـەوە هێرشێكی ئازایانە دەباتـە سـەر ئیمپرالـیزمی جیـهانی‌و

هەموو داگیرکەرانی گەلو نیشتمان، کاتێ باری کورد لەژێر رکێفی چەوسێنەرانی بەریتانیا بە کولەمەرگی دەبینێ کاربەدەستەکەیش (مێجەر ئەدمۆنس) بوو راوێژکاری کاربەدەستی وەزارەتی کاروباری ناوەوە، لەسالآنی دوای جەنگی دووەمی جیهاندا بەبۆنەی گەرانەوەی بۆ بەریتانیا، لەسلێمانی ئاهەنگێکی بۆ رێك دەخەن بێکەسی پاڵەوانیش خۆشەویستی نیشتمانی ئازیزی دەی هەژێنێو ئەوپەری جۆشی هەڵدەستێو ئەم شیعرەی بەبێ ترسو پەروا، بەبێ ماستاو کردنو سەرشۆرکردن رووبەرووی ئەندمۆنسو حکومەتە داتاشراوەکەی وتوومو وەك نارنجۆك بەروویا تەقیەوە کە ئەدمۆنس ئەو کاتە خۆی هەموو شتێك بووە لەو سەردەمەدا کە دەڵێم ترس لەکن مرۆڤی شۆرشگێر سیفەتی ترس لە هەندا سوور بوون لەسەر بەرگری کردنی شەرەفو خواستو ئیرادەی مەسەلەی جەماوەرو سەربەستیدا گشت رووە سەلبییەکانی پووچ دەبنەوەو دەبێتە قەڵایەکی سەخت، یان هێزێکی کاریگەر لەمەیدانی خەبات کردن بۆ پاشەرۆژێکی ئازادو بەختیارتردا. قەسیدەکە هەمووی تووڕەییو بێزاری دەردەبرێو پەردەی بێشەرمیو بێ ئابڕوویی لەرووی دوژمنی مل هوڕو چاوچنۆکەکانی هەڵدەماڵێ. لەم قەسیدە شیرینە پڕ لە هەستوخۆشەویستییەی هونەرمەندی رەندو قەڵەندەر (بێکەس) ئێستاش خوێنەر بە خوێندنەوەی رەحمەت دەنێرێ کە وەکو بەرهەمێکی بەرز جێگای خۆشەویستی لەدڵی کۆمەلآنی خەڵکیدا گرتووە، شاعیر لەم شیعرەیدا وێنەی تەواوی راستەقینەی هەستو تاسەی دەروونی دەگرێو زریکەی لێ هەڵدەستێتو پڕ بە دەم هاوار دەکاتو دەڵێ:

بیستو حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بە نانو ئاوو جلو بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێرانو رۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیلو رەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناحەق وا سووکت کردم؟!
بیستو حەوت ساڵە تاڵە ژیانم
لەژێر دەستی تۆ زۆر پەرێشانم

لە ئینسان ناچم، عەینی حەیوانم
کەی رزگار ئەبم ماڵی وێرانم
وا بەخۆت لەڵێیت (حامی) گەلانم
گونامم چی بوو بەم نەرنەت بردم؟!
بۆچی بەناحەق وا سووکت کردم؟!
بیستو حەوت ساڵە دڵم لێت پڕە
ئەحواڵم بەدەست تۆوە زۆر شڕە
صەد بڵێن بیدەی لەلای من ترە
بەسیەتی ئیتر ئەم وڕە- وڕە
نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدڕە
گونامم چی بوو بەم نەرنەت بردم؟!
بۆچی بەناحەق وا سووکت کردم؟!

پارچە شیعری (قەومی کورد).. کە بەبۆنەی هاتنەوەی لاشەی چوار ئەفسەرە قارەمانەکانمانەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٧ دا وتراوە کە لەبەغدا لەلایەن رژێمی نەگریسو چەپەڵو دابڕاوی تەختی پاشایەتییەوە بەپەتاکران، ئەم چەند دێرە دەنگو هاواری شۆڕە سوارو شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەمانە کە بە هەناسەیەکی پاکو بزوێنەری ویژدانو هەستی مرۆڤانەیەوە لەبابەت ئەو رۆژگارە رەشەوە دەدوێو بە ئەستانێکی جوانو وردەوە خۆستوونیە دێڕی شیعرەوە. ئەوەی شایانی باس بێ شاعیر بیرو هەستی خۆی لە قاڵبی شیعردا بە زمانێکی سادەو بێگرێو گۆڵ دارشتووە تا خەڵکە ساکارو رەشو رووتەکان سوودی تەواوی لێ ببینن، نەی ویستووە گوێگرو خوێنەر بەدەست مەبەستو ماناکانییەوە ماندووبن. چونکە مەبەستی شاعیر زیاتر لایەنگیری ئایدۆلۆژییەو باری دوواکەوتوویو پلەی رۆشنبیری ئەو دەمەی گەلەکەی هەڵدەسەنگێنێ. لەم دوو تاکەی بەرەوەدا لە مرۆڤی هەلپەرست (ئینتیهازی) و بێ سفەت دەدوێ ئەو کەسانەی کە بۆ قازانجو سوودی تایبەتی خۆیان تێدەکۆشن، بە مەرجێك ورگو گیرفانی خۆیان پڕبکەن، "دز بازاڕی شێواوی خۆش دەوێ" مەسەلەیەکی راستە لەگەڵ مەڕان لەشێنو لەشایی گورگان چۆپی کێشن.

بەڵام ئایا ژیان هەوەسە؟ هەر بەم خۆزە هەڵدەسورێو هەر بەئارەزوو و کامی دڵی ئەم چەشنە بنیادەمانە رەورەوەی ئەم چەرخە کۆنەی گەردوون دەخولێتەوە. حاشا.

گەرچی هەندێ کەس خەریکن وەکو گیرفان پڕ ئەکەن
شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەر سەرین
پیاو ئەبێ دائیم خەمی قەومو وڵاتی خۆی هەبێ
ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا ئەوەی ئەم خاکە نین

بێکەس کەم ژیا بەڵام کەڵ ژیا. لەتەمەنی (٤٣) ساڵیدا، لە رۆژی ١٩٤٨/١٢/١٨ بە نەخۆشی تەوژمی خوێن مەرگ لە هەڵەبجە دڵە گەورەکەی بێکەسی لە چنگ ئەو نەخۆشییە کوشندەیە رزگار کردو لە مەڵبەندی نازداران، لە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی چووە ئامێزی خاکی دایکی کوردستانو مۆمی ژیانی کوژایەوەو بە یەکجاری پێڵوی چاوەکانی لێك نا، هەر بە جەستە مردووە، بەڵام هەتا هەتایە ناو و شیعرە ئاگرینەکانی دەمێنێو لەدڵ دەگەشێنەوەو سەوز دەبنەوە.

سەرچاوەکان:

١-مامۆستا عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، چ ٢، ١٩٧١.
٢-دیوانی بێکەس، کۆکەرەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، چاپخانەی شەفیق، ١٩٧٠، ل١.
٣-پاشبەندی کوردی عێراق ژمارە (٢٨) تەمموزی ١٩٧٩.
٤-مامۆستا دوکتۆر مارف خەزنەدار، "شیعری سیاسی، کوردی لە کوردستانی عێراقدا.." بڕوانە گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە (١٥).

بەختیار زێوەر

١٩٠٨-١٩٥٢

بەختیار زێوەر

ویستم رستێك سەرنج و بیروڕای هەژارانەم بە یەك دوو زاراوەی ڕاچەنیوی کوردانە سەبارەت ژیان و کپیی خەرمانە دیوانی بەچاپ نەگەیشتووی شاعیرێکی لەیاد چووی کورد تاوەدەم بەمەبەستو نیازی خزمەتگوزاری ئەدەبی کوردو بەتەماشاکردنی چاوی بینەری هێژای ئەم ڕۆژگارەو نەوەی نوێی پێ گەشبێتەوە کە پێم وایە تادەرخستنی ئەم سەرە هەودایە لەهەمێزی گەرمی گۆڤارانو ڕۆژنامە دوور بووە بەکەڵك وەرگرتنم لە شوعلەی کتێبی "کاروانی شیعری نوێی کوردی" کاکەی فەلاحیشەوە.

ئەو شاعیرە پشت گوێ نراوو وێڵ کراوو خانەدانە کە ناوی لەبەرهەمی بڵاوترەو بە هەموو ئاقارو کەلو کولێنێکی کوردستان بە گشتیو ناوچەی سلێمانی بە تایبەتی گەیشتووە بە لەقەب بە "بەختیار زێوەر" ناسراوە[١].

ناوی راستی خۆی "فائق" کوڕی شاعیری پایەبەرزو یەکەم سروودنووسی کورد مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا زێوەر کوڕی محەمەد ئەفەندی کوڕی مەلا رەسووڵ کوڕی مەلا حسەینە.

گەشتی ژیانی:

بەختیار بە گوێرەی نووسینی خۆی ساڵی ١٩٠٨ ی زایین [٢] لە بنەماڵەیەکی ئایینیو شیعرو ئەدەب دۆست لەدایك بووەو لەگەڕەکی "کانی ئاسکان" ی شاری سلێمانی پێی نایە سەر تەختی زەوی، وەك گشت مێردمنداڵانی ئەو دەمو چاخە، لەسەرەتای تەمەنی ژیانیدا نراوەتە قوتابخانەی خۆمانە (حوجرە) و پاشان قوتابخانەی رەسمیو پۆلی شەشەمی بەرایی تەواو کردووە. ئەوجا چۆتە بەغداو دەورەی برین پێچی ئاژەڵانی بینیوەو لەسەر ئەو ئیشە دامەزراوە. شارو دێهاتەکانی هەرێمی سلێمانیو هەولێر گەڕاوە بۆ ماوەیەکیش لە (پردێ - ئاڵتوون کۆپری) بووە، ساڵی ١٩٤٦ کە فێرگەی ئێواران لە سلێمانی کرایەوە، بەختیار بێ گوێدانە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیو شاعیری دەبێ بە قوتابییەکی ئەو قوتابخانەیەو لە ساڵی ١٩٤٨دا کارنامەی سێی ناوەندیی تیادا وەردەگرێت.

بەختیار هەر لەشکڵیو کاڵیدا نەخۆشی مێشك (اعصاب) ی بووە. بە تایبەتی ساڵی ١٩٤٨ بەهۆی دوعاخوازی باوکی (١٨٧٥-١٩٤٨) یەوە

که لەدەست پیرەژنی فەرهاد کوژی ئەم کۆنە دنیایەدا رزگار هاتو بوو بە میوانێکی نازداری قەبرساتانی (گردی جۆگا) لە سلێمانی، ئێجگار بەدەستی نەخۆشی‌یەکەیەوە لەناو پەرێشانی‌و هیلاکی‌و گرفتاریدا دەتلایەوەو تووشی خەمو پەژارەیەکی ئەستوور هاتو دنیای لەبەرچاو تاریکو رەش کردبوو، کەچی بەپێچەوانە لە شیعرەکانی‌دا هومێدو بەرچاو روونی‌و دوارۆژی روون دیارە.

لەبەغدا عەمەلیاتی مێشکیان کردووەو کاسەی سەریان هەڵگرتووە، دوای شەش مانگ، لە رۆژی ۳۱ کانوونی یەکەمی ۱۹۵۲ لە تەمەنی چلو چوار ساڵیدا تۆماری ژیانی پێچایەوەو مەرگ دەستی نایە بینی‌و گوڵی تەمەنی ژاکانو هەڵوەران. داخو غەمو خەفەتێکی زل خستە نێو دڵی ئەدەب دۆستو نیشتمانپەروەرەکانی نەتەوەکەمان بە تایبەت دەروونی شاعیرو نووسەرانو دۆستانو هەڤاڵانی. مردنی بەختیار، ئەمیش وەك مەرگی کتو پڕی نووسەرانو بەهرەمەندانی دیکەی کورد زیانی خۆی گەیاند.

لەگەڵ نەمراندا گیانی پاکی بە پەروەردگاری خۆی‌و لە گۆڕخانەی (گردی جۆگا) لە سلێمانی، لە تەنیشت باوکی‌یەوە بە خاك سپاردرا.[٣]

ئەوەی شایستەی گوتنو نووسینە شاعیرمان هەر لە منداڵیەوە لە بینایی چاوێکی بێبەش بووە، دوو ساڵ پێش لەدنیا دەرچوونی زەماوەندی سازکردووەو بێ نەوە سەری ناوەتەوە[٤]. لەو ماوە کەمەی تەمەنی ژینی پڕ لە ناسۆری‌و دەردەسەریدا هێندەی توانیبێتی‌و لەباریدا بووبێ‌و بۆی رەخسابێ لە ئەرکی سەرشانی خۆی سستی نەنواندووە.

بەختیار شاعیرێکی بەدەسەلاتی دنیای ئەدەبی بووە، خزمەتێکی بەنرخو هێژای میللەتو گەنجینەی ئەدەبی کوردی کردووە، بەو دیوانە شیعرییەی لاپەڕەیەکی گەشی لەمێژووی کۆمەڵو مرۆڤایەتی بۆ خۆی تۆمار کردووە.

بەختیار زێوەر، جوانێکی خووڕەوشت بەرزو پەسەند بووە، هەمیشە چاوی لە بەزەیی خواو بە ئیتاعەتو مرۆڤ دۆست بووە، قورئان خوێنو نوێژو رۆژوگرێکی پاك بووە، یەزدانی گەورەو گرانو نەمر بە میهرەبانی خۆی چاکەی کردەوەی بداتەوەو بیپارێزێ.

لەمەیدانی خەباتی نەتەوایەتی‌و جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەشیدا درێغی نەکردووە. یەکێکە لەریزی پێشکەوتنخوازەکانی کورد، شاعیرو

خەباتکەرێکی چالاکو نەترس بووە، لەکۆڕی تێکۆشانو سیاسەتی حیزبی (پ- د- ك) کاری کردووە.

بەرهەمی:

بەختیار زێوەر، بەپێی دیوانە دەستخەتەکەی خۆی بەرهەمی شیعرنووسینی کردووە بە دوو جۆر یا دوو بەشەوە: پلەی یەکەم- لە ١٥ ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٥ تا ١ی مارتی ١٩٢٨ شیعری گوتووە، پلەی دووەم- پاش وازهێنانێکی دوورو درێژ ٩ ساڵو ١٠ مانگ شاعیر بێ ئەوەی لە سۆنگەی ئەو وەستانە بدوێ، لە ٣ ی تەمووزی ساڵی ١٩٣٨ ی میلادیەوە دەست بە شیعر نووسین دەکاتەوە تا ٢٠ ی ئەیلوولی ١٩٥٠، دوایی تەنگو چەڵەمەی نەخۆشی‌یەکەی تینی بۆ دێنێو بڕستی پێ ناهێڵێ. لەدنیای چیرۆك نووسینیشدا بە چەشنی ئەحمەد موختار جاف، تاقە یەك چیرۆکی نووسیوەو وەك ئەویش مەبەستی راستەوخۆ رەخنەگرتن بووە لە کۆمەڵ، بە تایبەتی لەو لایەنانەوە کە پتر پەیوەندیان بە شەخسی خۆیەوە هەبووەو کاریان کردۆتە سەر هەستو بیرو هۆشی. بەڵام لەشێوەدا زیاتر پەیڕەوی چیرۆکەکەی جەمیل سائبی کردووە، چونکە ئەمیش نەك بەخەو، بەڵکو لەرێگەی خەیاڵێکەوە رووداوەکانی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە[٥].

نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت، بەختیار شارەزاییو بڕشتی وەرگێڕانی بەسەر زمانەکانی عەرەبیو فارسی‌دا هەبووە. شەش شیعری عەرەبی لەپارچەکانی جەمیل سیدقی زەهاویو محەمەد بەهجەت ئەسەریو ئەحمەد شەوقیو کامیل گەیلانی بەشیعر گۆڕیوەتە سەر زمانی شیرینی کوردیو پێنج خشتیەکیەکی لەسەر غەزەلێکی حافزی شیرازی (؟ - ١٣٩١ز) تەخمیس کردووە[٦].

رێبازی شیعرگوتنی بەختیار زێوەر

بەختیار زێوەر لەهەوەڵ دەست پێکردنی کاری ئەدەبیدا بەشێوازی کلاسیکی کۆنو لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە شیعری وتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥ واتە: هاوڕێی شاعیرانی ئەو دەورو چەرخە بووە، ئەو شاعیرانەی کە لەدەست پێکردنی شیعر نووسینیانەوە لەسەر رێو شوێنو کەرەستەی دەربڕینو شێوەی کلاسیکی زمانی شیعریان پژاوە.

هەر خوێنەرێك یان هەر كەسێك بەوردی لەدیوانە بەجێماوەی دەستنووسەكەی شاعیر تێ هەڵڕوانێ بۆی دەردەكەوێ كەچێ پەنجەی لەژێر كارتێكردنی رێبازی زێوەری باوكی بەتابلۆی شیعرەكانیەوە دیارە، بە تایبەت لە سرود دانـاندا چونكە (زێوەر) جگە لەوەی كە شاعیرێكی باڵادەستی كلاسیكی بوو، زانایەكی ئایینیو زانست خوازو كۆڕ گەرمكەر بوو. بەچكە سۆنە لەسەریەتی مەلە فێربێ، ئەوەتا بەختیار لەیەكەم پلەی شیعر نووسینو لەمەیدانی شیعری -غەزەل- دڵداریو خۆشەویستیدا لەسەر پەیڕەوكردنی شیعری كلاسیكی دەڕوات. ئەم پارچە وێنەی زمانو شیعر نووسینێتی:

بێ شەوق قەمەر وەختێ كە هەڵدێ لەمیلالا
مۆمێكە لەچاو حوسنی رووخی دولبەری واڵا
شێتی لەبی تۆم، وێڵمو مەجنوونی بیابان
پەروانەیە دڵ، وێڵە بەدووی دیمەیی كاڵا
لەم رێگەیی پڕ تابو غەما فائیقی زێوەر
سووتانە، بەشی مردنە، حیسەیی لەمائالا (٧)

بەهەڵداوانەوەو سەروبن كردنی لاپەڕە شیعرەكانی ئەو راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە كە بەختیار زێوەر بەیەكێك لەشاعیرە هەڵكەوتوو نیشتمانپەروەرەكانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێ، شێوازو شەقڵی شیعر نووسینی بریتییە لە: دڵداری، كوردایەتی، وەسف، كۆمەڵایەتی، زانست پەروەری، ئامۆژگاری، سروود بۆ منداڵان، بەرەنگاربوونەوەی بیروبۆچوونی خەرافیاتو پڕو پووچ.
لەبەشی شیعری نیشتمانیو سۆزی كوردایەتیەوە بەختیار زێوەر بە هەستو گیانێكی خاوێنو بێگەردەوە زۆر بەهرەو تینو توانای خۆی لەم شارێیەدا تەرخان كردووە، هەنگاوی باشی ناوە لەبەر چاوخستنی نموونەی راستی ژیان. دیوانەكەی بەر لە هەر شتێكی دیكە زیاتر بەم ئارەزو شەوقە پاكەوە شەپۆل دەدات.
فەرموون سەیری شیعری (میللەتێك) بكەن كە بە تەلی هەستی بەرزی شاعیرانەی نوسیویەو دەڵێ:

میللەتێك میوای بەرزی ژیان بێ
تینوی ئازادیو دیلی زەمان بێ
بەندیو هەژاری زۆر لاگران بێ
مێزی مەردانەی کە هاتە گەردوون
وەك ئەتۆم زەمین دێنێتە جونبوش[8].

شیعری ئەم پلەی دواییەی بەختیار، بە بەرگی رەش بینیو ورەبەردان نەڕازاندۆتەوە لەدەریای ئازارو شینو گریانو هەنسك رشتندا غەرق نەبووە. بە پێچەوانە بەرەو پێش چوون لەناو سەرجەمی شیعرەکانی ئەم پلەیەی شاعیردا دیارە، وردە وردە کەوتە گۆڕینی شێوەو ناوەرۆکی شیعری کوردی بەرەو هەواری ریالیزم، بەم چەشنە وەك کوردێکی کۆڵنەدەرو جەربەزە دەچێتە کۆڕی خەباتو قەڵەمی بەهەقو ئازادیپەرستی هەڵدەگرێو شیعر بۆ دواڕۆژی ژیانو کامەرانیی ئاپۆرەی گەلو خاکەکەی دەنووسێ:

ئەمەوێ عالەم تێبگەیەنم
بیری نوێ لەناو کورددا ئەچێنم
رەگی بیری کۆن لەبن دەربێنم
دەسیسەی ناپاك
دەنێمەناو خاك
ئاواتی دوژمن
دەردێنم لەبن
نامەوێ بژی کۆنەپەرستی
ئاو ئەدەم بەخوێن گوڵی سەربەستی
پێم قوت نادرێ دیلیو ژێر دەستی
بەدەنگی دلێر
وەك بێچووە شێر
هاوار ئەکەم من
بڕوخێ دوژمن[9]

لەساڵەکانی چل بەدواوە بەختیار زۆر بە هۆشیاریو ژیرانە رووی کردۆتەوە مەڵبەندی پاراویو دەوڵەمەندکردنی زمانە شیعرییەکەی،

ئەوەندەی کە لە عۆدەی ھاتبێ لە ووشەی عەرەبی‌و فارسی کەم کردۆتەوە. ئەم پێشکەوتن‌و گۆڕانە تەواو بە بەرھەمی دوای چلەکانەوە روون‌و ئاشکرایە. بەوێنە بڕوانە: پارچەکانی مامۆستای دڵسۆز ٢٦-٢-١٩٤٧ وتاری کوردێك ٢١-٨-١٩٤٧، بەستەی جوتیار ٩-١٢-١٩٤٧، میللەتێك ٩-٢-١٩٤٨[١٠]. ھەر وەك وتمان لەبارەی گۆڕین‌و نوێ بوونەوەی بابەتی شیعری‌و جۆری دەربڕین‌و ناوەرۆك‌و کێشی شیعرەکانیشیەوە ئەم سەرکەوتن‌و نوێخوازیە بە روخساری شیعرەکانیەوە بەدی دەکرێ، خوێنەر ھەست دەکات کە بە سەلیقەی وردو دەربڕینی ھەستی ژیرانەیەوە بەرەو ھەوارگەی ریالیزمی شۆڕشگێڕانە بۆتەوەو تێکەڵی زەحمەتکارو بەرەنگاری کورد بووەو بۆ ئەوان خەریکی نووسینی بەرھەمی ئازایانەیە، شیعری دەمو راوێژ خۆشی بەختیار زێوەر پڕیە لە ئامۆژگاری بەسوودو رێ نیشاندانی بەکەڵك. بەسەرھاتی جەماوەری زۆر لێکراوو ستەمدیدەی نەتەوەی بێ دەرەتانی کوردو کارەساتی خوێناوی مێژووی کوردستانمان دێنێتەوە بیرو لێ نزیك دەخاتەوە تا بەھێزو گوڕی مەردانەی خۆمان باسکی لێ ھەڵماڵین.

بارزان[١١]
ئەوجێیە خۆشەی ناوی بەرزانە
مەڵبەندی کوردو جێی سەربەرزانە
قەڵای کوردمان
چاوی نیشتمان
بۆ کورد پشتیوان
خوێنی بێگانەی تێدا ھەرزانە
(٢)
ئەو دڵ پاکانە فەخری وڵاتن
بۆ بەرزیی ئێمە زۆر بە ئاواتن
بەماڵ‌و بەسەر
بەخوێنی جگەر گشت بوونە سەنگەر
بۆ سەربەستی کورد زۆر بە ثەباتن
(٣)
چەند جار ھەستاون بەرامبەر دوژمن

شەڕیان کردوە تێکڕا پیاو و ژن
لەشەڕدا پسپۆڕ
کوردی سلاح شۆڕ[12]
دوژمنیان چاوشۆڕ
کۆڵیان نەداوە لەڕێی سەرکەوتن
(٤)
ئەی خوێن پاکانی خاکی کوردستان
درێغی مەکەن بۆ خێڵی بارزان
لەمەر کوێیەین
لەرقی دوژمن
قەسریان بگرن
چونکە بۆ ئێمە بوونە پشتیوان[13]

لەوسفو پیاهەڵگوتندا بە من وایە لەشاعیرانی دیکە کەمتر نەبووە. بڕوانە دیمەنی هەمەرەنگی شەنگو شۆخی پارچەی "پیرەمەگروون" بە راستی زۆر چاك دەسەڵاتو توانای شیعرو شارەزایی شاعیرمان بۆ دەردەخات کە چۆن لەسروشتی خۆرسك وردبۆتەوە، هەتا بڵێت تەبیعەتی فرەجوانو ناسکو باڵای لەسروودی "پیرەمەگروون" دا بۆ هاتووە، شێوەی ئەم هونەرەو وەسفە بەرزەی گەیاندۆتە ئەوپەڕی سەرکەوتوویی و جوانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لە پاڵ ئەمەشدا بە هاوارێکی پڕ لە هەستی خۆشەویستیو وڵاتخوازیو وریایییەوە دەیەوێ لایەنی ئازادیخوازانەی ئاشکرا بکات.

پیرەمەگروون موقەدەسی
دۆستی دائیمی کوردی
بەو مەنزەرەی شیرینەوا
دافعی سەد نەوع دەردی
قامەتی بەرزی تۆ
دامەنی سەوزی تۆ
نیشانەو رەمزی تۆ
باعیسە لەبۆ نەمێشتنی میحەن[14]

دوا وتەم ئەگەر بە چاوێکی ورد سەیری دیوانە شیعریەکەی ئەم شاعیرە پێشکەوتنخوازە بکەین زۆر باری سەرنجی زانستیو رووناکبیری شاعیرمان بۆ روون دەبێتەوە.

پەراوێز:

١-شاعیر پێش ناوی بەختیار نازناوی (سەرکەوتوو) بوو کە گۆڕینی فائیقە.

٢-لە دەستنووسێکدا بەختیار ساڵی ١٩٠٨ ی ز بە مێژووی لەدایک بوونی خۆی داناوە.

٣-لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ناڕەوای ئینگلیزەکاندا لە سلێمانی ماڵی مەلا عەبدوڵلای باوکی بەختیار زێوەر دەپشکنن‌و دەست بۆ کتێبخانەکەی درێژ دەکەن‌و هەرچی دەستنووس هەیە بە تالانی دەبەن. مەلا عەبدوڵلا بەم کارەساتە زۆر نیگەران دەبێ، بەختیاری کوڕی کە ئەمە دەبیستێ خۆشبەختانە بەهانای باوکی دێ‌و دەڵێ: بابە موژدەت دەمێ، ئارام بە، هەموو شیعرەکانتم لەبەرە قەول بێ هەر ئێستا بۆتی دەنووسمەوە.

٤-بۆ کورتەی ژیاننامەی شاعیر سوود لە کتێبی "کاروانی شیعری نوێی کوردی" کاکەی فەللاح وەرگیراوە، چاپخانەو بلاوکردنەوەی کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٨.

٥-حسەین عارف (چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠) بەغدا، چاپخانەی دار الحریە، ١٩٧٧، لاپەڕە ٨٤-٨٥.

٦-بڕوانە: دەستنووسی شاعیر، مەبەست لە دەستنووس ئەوە نیە کە بەدەستو خەتی شاعیر خۆی نووسرابێتەوە، بەڵکو دەستاو دەستی پێ کراوە.

٧-دەستنوس، دەستخەتەکە بەشێوە نووسی عەرەبی نووسرا بوو. ئێمە هێنامانە سەر رێنووسی باوی رۆژ.

٨-دەستنووس.

٩-دەستنووس.

١٠-بەختیار کە لە رۆژی ٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٣٨ دا دەستی بە شیعر نووسین کردوە یاسایەکی جوانو پەسەندی بۆ خۆی رەچاو کردووە بەوەی هەر شیعرێکی وتبێ رۆژو مانگو ساڵو شوێنەکەی

لەسەر دیاری کردووە، کە ئەمەش چۆنیەتی گۆڕانی ژیانی ئەدەبیی شاعیرەکەمان بۆ ئاسان دەکاتەوە.
١١-بۆ یەکەم جار ئەم شیعرەی بەختیارم لە گۆڤاری "هەڵوێست" ی ژمارە (٥)، خولی دووەم، ١٩٩٠ دا بڵاوکردۆتەوە، ئەوەش پێویستە بڵێم، شیعرەکە خۆی لە دەستنووسەکەدا بێ ناونیشانە، من خۆم ئەو ناونیشانەم بۆ نووسیوە.
١٢-سلاحشور: کۆڵنەدەر، خەباتگێڕ
١٣-دەستنووس، ئەم شیعرەو چەندان دانە شیعری دیکەی شاعیر، لەدیوانە چاپکراوەکەی ساڵی ١٩٨٩ بڵاونەکراونەتەوەو بەر دیوەلۆکەی سانسۆری رژێم کەوتووە.
١٤-دەستنووس، کاتی خۆی هەندێ شیعری شاعیر لەگۆڤاری کتێبی قوتابخانە رەسمیەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە پشتمان بە دەستنووسی شاعیر بەستووە بە پێویستمان نەزانی ئیشارە بۆ جێگەیەکی تر بکەین.

شیعری بارزان

دوای ٣٨ ساڵ، بەسەر کۆچی دوایی شاعیری جوانەمەرگی ئاشتیخوازو کوردپەروەرو نوێکارو لەش بەئازارو بێ ریا بەختیار زێوەر (١٩٠٨-١٩٥٢)، بنەماڵەکەی سەرجەمی شیعرەکانی شاعیریان لە دیوانێکی ٢٣٢ لاپەڕەیی قەوارە بەتاڵدا کۆکردۆتەوەو ساڵی ١٩٨٩ دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی چاپو بڵاوی کردۆتەوە.

ئەوەی شیاوی باسە ئەوەیە، یەکێ لە شیعرە شۆڕشگێڕانەی بەختیار کە بۆگەلی کۆڵنەدەری کوردو لەپەسنی ئازایی شەڕکەرانی خێڵی دوژمن تەزێنی "بارزان" نوسرابوو شیعری "بارزان"ە. دێوەزمەی سانسۆری رژێمی شۆڤێنی عەفلەق -تکریتی دوژمن بە کورد، رێگەی نەداوە لەگەڵ چەند دانە شیعری دی بەختیار لەدیوانەکەیدا رووناکی ببینن‌و جێیان ببێتەوە.

ئەم کارە بێ ئەدەبی رژێمی بۆرژوازی عێراقی داگیرکە وەنەبێ هەر بۆ دیوانی شاعیری ناوبراو ئەنجامی دابێ، بەڵکو بەرامبەر بە شیعری مێژوویی، سیاسی، کۆمەلایەتی کە هەنگاوی مێژوویی پڕ خۆنازیی‌و دواڕۆژی بووکی رازاوەی کوردستان دەنەخشێنێ چاوی بەرایی نایە..

هەروەتر لەکاتی چاپکردنی دیوانەکانی شاعیری کورد کامەران موکریشدا (١٩٢٧-١٩٨٦) چەپکێك لە شیعرە سیاسی‌و حەماسی‌و شۆڕشگێڕەکانی کە لە سالانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ببوونە ویردی سەر زمانی خەلکی نیشتمانپەروەری کوردو لاوی کون لە جگەر نەبووی خوێن گەرمو جگەرسۆزی رێگەی خەباتو خۆبەختکەرو ئازادی، دێوەلۆکەی سانسۆری دەسەلاتدارانی پەتو سێدارەی بەغدا نەیهێشت لە دیوانەکەی ساڵی ١٩٨٧دا چاپ بکرێنەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم شیعرە بەرزەی بەختیار زێوەر لە ئاکامی هەلو مەرجێکی مێژوویی‌و پڕ لەکارەساتی وولاتەکان لەدایك بووو ژانو ئازارو هیواو ئاواتو رێبازی مێژوویی واقیعی خەباتی گەلەکەمانی بە راستگۆیی نیشانداوەو لەبەر چاوگرتووە.

لەیادی ٣٨ ساڵەی کۆچی دوایی بەختیار زێوەری شاعیری ناسك خەیالو بەکوێرایی چاوی ناحەزانی شیعری خوێن‌و خەباتی کوردی، شیعری سروودی نیشتمانی "باروان" چاپو بلاو دەکەینەوە.

(١)
ئەو جێیە خۆشەی ناوی بارزانە
مەڵبەندی کوردو جێی سەربەرزانە
قەڵای کوردزمان
چاوی نیشتمان
بۆکورد پشتیوان
خوێنی بێگانەی تێدا مەرزانە

(٢)
ئەو (دڵ) پاکانە فەخری وڵاتن
بۆ بەرزی ئێمە زۆر بە ئاواتن
بەماڵو بەسەر
بەخوێنی جگەر
گشت بوونە سەنگەر
بۆ سەربەستی کورد زۆر بە سوباتن

(٣)
چەند جار هەستاون بەرامبەر دوژمن
شەڕیان کردووە تێکڕا پیاوو ژن
لەشەڕا پسپۆڕ
کوردی سیلاح شۆڕ[1]
دوژمنان چاوشۆڕ
کۆڵیان نەداوە لەڕێی سەرکەوتن

(٤)
ئەی خوێن پاکانی خاکی کوردستان
دریغی مەکەن بۆ خێڵی بارزان
لە هەر کوێیەبن
لەرقی دوژمن
قەدریان بگرن
چونکە بۆ ئێمە بوونە پشتیوان

[1] سیلاح شۆڕ: کۆڵنەدەر، خەباتکەر، نەبەز.

فانی

۱۹۱۰-۱۹۷۳

ئاوردانەوەیەك لە ژیانو شیعرەکانی فانی

کورد خاوەنی گەلێك تێکۆشەرو شاعیرو ئەدیبو هونەرمەندی لێهاتوو بووە کە خزمەتێکی گەورەیان بە نەتەوەکەیانو بەزمانو ئەدەبو کولتووری کوردی کردووە، یەکێك لەو شاعیرو مرۆڤە بەئەمەكو ماندوونەناسو ئاشتیخوازانەی رێگای ئازادیو مەیدانی ئەدەبیماز مامەند ئاغای فانییە، کە چ بە شیعرو چ بە کردار نازایانە دژی رژێمی داگیرکەرو بزاڤی خێڵەکی رووبەڕوو بۆتەوەو بەگژیاندا چووە سەرجەمی شیعرەکانی فانی شایەتی ئەم راستییەن.

حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧) یەکەم دانەری بەردی بناغەی شیعری نیشتمانیو کۆمەڵایەتی کوردییە، دوای ئەو شاعیرانی دیکەی وەك مەلای گەورەی کۆیە، ئەحمەد موختار جاف، ئەسیری، قانع، بێکەسو هێمن.. تاد لەسەر هەمان رێبازی مامۆستاکەیان رۆیشتوونو پەرەیان بەم رێبازەی شیعری کوردی داوە.

مەبەستی سەرەکی شاعیرانی سەر بەم رێبازەو قوتابخانەیە تەنیا دەربڕینی ناوەرۆكو هوشیارکردنەوەی خەڵکی رەشو رووتو ستەملێکراوی کورد بووە. فانیش لەسەر هەمان رێبازی حاجی قادرو لەتەك شاعیرانی سەردەمی خۆی، وەك شاعیرێکی بەتوانای شۆڕشگێڕ بەردەوام بووە.

فانی کێیە؟

ناوی راستی مامەند ئاغای کوڕی رەسووڵ ئاغایەو لەهۆزی میراودەلی پشدەرە. بە مامەند ئاغای قایمقام ناسراوە چونکە باوکی لەسەردەمی تورکدا قایمقامی قەزای چەمچەماڵ بووە، بێجگە لەم نازناوە، لەشیعرو ئەدەبیاتی کوردییدا بە (فانی) ناسراوە.

فانی له سالّی ۱۹۱۰ له ئاوایی (مەرگه) ی ناوچەی قەلادزێ، مەڵبەندی بەیتو حەیراتو بەستەی رەسەنی کوردەواری لەدایك بووه.
فانی وەك هەموو شاعیرانی کلاسیکی کورد لە مزگەوتو ناوەندە ئاینییەکان، کە ئەوکاتە تاکە سەرچاوەی زانینو خوێندن بوون، خوێندوویەتیو ئاشنای ئەدەبیاتو زمانی عەرەبی، فارسیو تورکی بووه، له سالّی ۱۹۵۷دا کراوەتە سەرۆکی شارەوانی مەرگەو لە سالّی ۱۹٦٤دا دەستی لەکارەکەی کێشاوەتەوە.
فانی لە ۳-۱-۱۹۷۳دا هەر لەدێی مەرگە کۆچی دوایی کردو دوای خۆی یانزە نەوەی بەجێهێشتوون، شەش کوڕ: سەلیم، محەمەد، ئەنوەر، کەمال، فەرەیدونو پشتیوانو پێنج کچ: نەسرین، لەعلیە، رەوشەن، پاکیزەو رووناك.
فانی لەسەرەتای لاوییەوە مەیلو ئارەزووی شیعرنووسینی بووەو ویستوویەتی بە چەکی قەڵەم بچێتە سەنگەری بەرەنگاربوونەوە دژی جەورو ستەمی ئاغای دەرەبەگو نەیارانی ئازادیو دژی چەوساندنەوەی نەتەوەییو بیری پێشکەوتنخوازیو زانستو خوێندەواری بەناو لادێکانی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە.
فانی گەلێك لە شیعرەکانی خۆی لە گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە. بەلام تەنیا بەشێکی کەمی شیعرەکانی، کە بریتیە لە دیوانێکی ۲٦۰ لاپەڕەیی، لەلایەن شاعیرو ئەدیبی بەتوانا کاك کەمال میراودەلی کوڕی شاعیرەوە بۆ یەکەمین جار لە سالّی ۱۹۷۵دا چاپو بلاوکراوەتەوە.
شیعرەکانی ناو ئەم دیوانە بەم جۆرە دابەشکراون:
۱-نیشتمانی.
۲-کۆمەلایەتی.
۳-دلّداریو خۆشەویستی مەجاز (غەزەل)
٤-چیرۆکە شیعرو.. بابەتی جۆراو جۆر.

بەپێی تامو چێژی ئەدیبی من شیعرەکان زۆر رێکو پێکو چەلەنگو رازاوەن. ئەم جوانیو رەدیفیو جەربەزەییەش پتر بە هۆی بیرو بۆچوونو هەڵوێستی مەردانەو دڵسۆزی شاعیرەوەیە کە لە دووتوێی شیعرەکانییدا رەنگیان داوەتەوە.

فانیو هاندانی لاوان بۆ خوێندن

ئەگەر لەدیوانی فانی وردبینەوە دەبینین گەلێك جار ستایشی خوێندنو خوێندەواریو زانست دەکات. بەلای شاعیرەوە خۆگۆشکردن بە زانستو خوێندنو خوێندنەوە مرۆڤ پێشدەخات. شاعیر لە چەندین هۆنراوەدا دووپاتی دەکاتەوە کە نەخوێندەواری دەردێکی کوشندەی کۆمەڵایەتیو کۆسپێکی هەرە گەورەو دژواری پێشکەوتنو بێهێزی مرۆڤی کوردە لە رێی نەگەیشتنی بە کۆمەڵگای جیهانی.

فانی بە شیعرەکایرا دەردەکەوێت کە کتێبی رۆشنبیریو تازەبابەتی سەردەمی خۆی زۆر خوێندۆتەوە کە لە زمانانی ئەورووپاییەوە تەرجومەی زمانی گەلانی ناوچەکە دەکران. فانی لەرێگەی زمانانی عەرەبی، فارسیو تورکییەوە ئاگاداری رووداوو هەواڵەکانی سەردەمەکەی خۆی بووە.

لەکاتێکدا کە نەخوێندەواری باڵی شوومی بەسەر کوردستاندا کێشاوەبوو. فانی وەك شاعیرێکی مولتەزیم بەرامبەر بە مەسەلەی گەلو نیشتمانەکەی، هەوڵی دامەزراندنی قوتابخانەی دەدا تا ببێتە هۆیەکی بزوێنەرو پاڵپشت بۆ هۆشیار بوونەوەو رابوونی لاوانی کورد، بە هیمەتی جوامێرانەی خۆی لە ساڵی ١٩٥١دا توانی قوتابخانەیەك لە مەرگە بکاتەوە. ئەگەرچی ئەو قوتابخانەیە دوو جار لەلایەن ئاغا ناتێگەیشتووەکانی مەرگەوە سوتێندرا، بەلام فانی خۆڕاگرانە کۆڵی نەدا تا قوتابخانەکە سەری گرت.

شاعیر لە پێشدا کوڕو کچی خۆی نایە بەر خوێندنو پاشان داوای دایکو باوکان کرد کە منداڵەکانی خۆیان بنێرنە قوتابخانە بۆ ئەوەی فێری خوێندەواتریو زانست ببنو لەو ڕێگایەوە بتوانن لە خەوی غەفڵەت ڕاچەنن و لە تاریکستانی نەزانین ڕزگاربن.

لاوی کوردستان هەتاکەی مەستی بادەی غەفڵەتی؟
نووری هیوای نیشتمانی پشتیوانی میللەتی
جۆشو هۆشی تۆ نەبێت خورشیدی ئیقباڵو زەفەر
تا ئەبەد دەرناکەوێ لەم خاکە نوورو تەلعەتی
چاوەنۆڕی هەوڵو تێکۆشینە دایکی نیشتمان
مێشکو بازووی تۆیە جێی داماتی غززو شەوکەتی
مەستە وەك لاولنی زانا رووکە شاری عیلمو فەن
تا نەجاتت بێ لەداوی دێوی جەهلو ئافاتی
میللەتی بێ عیلمو زانین تا ئەبەد یەك ناگرێ
گەر بە زانین ئاشنابێ سەهلە ڕێکیو وەحدەتی

فانیو شیعری کۆمەڵایەتی

فانی شاعیر ڕقو تووڕەیی خۆی بەرامبەر بە بەگو ئاغاو شێخو دوژمنانی ئازادیو کۆنەپەرستانی ناوخۆ دەربڕیوەو بە کەسانی هەلپەرستو نۆکەری بێگانەو بەهۆیەکی سەرەکی دواکەوتنو ژێردەستی داناون.

نەئاغامو نەکوێخامو نەشێخم
لیباسی موفتەخۆرانم لەبەربێ
بەسەر مەستیو پەستی رابوێرم
سەرم وەك بەردی ڕێگا بێ خەبەر بێ

لەگەڵ دوژمن بەدیناریّ بسازم
وڵاتم گەر هەموو زێڕو زەبەربێ
لەچاکەی هاوزمانان چاوو گوێچکەم
هەتا گیانم لەبەربێ، کوێرو کەڕبێ
لەسەر کیسەی گەلو داهاتی کۆمەڵ
مریدو نۆکەرم فێری لەوەڕ بێ
لەناو دێ تۆوی شۆڕو شەڕ بچێنم
هەتا خێری نەسیبی من لەشەڕ بێ
رەفیقو خۆشەویستی من کەسێ بێ
کە خاوەن چێشتی چەورو زیوو زەڕ بێ
تفو لەعنەت لەوانەی وایە دڵیان
کە خۆیان شادو گەلیان دەربەدەر بێ

فانیو بەدکارانی دڵ

فانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بە بەدکارانی دڵ ناو دەبات. کە بۆ کورد بوونەتە ملۆزەو بەشێوەیەکی دڕندانە مافی نەتەوەییو سەربەستیو ئازادی کوردیان پێشێل کردووەو، تەنانەت سەرەتایی ترین مافی سروشتی مرۆڤ بەکورد رەوا نابینن:

یوسفی دڵ کەوتە ناو زیندانی غەم
دەنگی ناڵەی دێ لەبەر زۆری ئەلەم
باسی غوصصەم گەر بکا نووکی قەڵەم
دێنە شێوەن عەرەبو رۆمو عەجەم
گەرچی هەر ئەوسێبەشن بەکاری دڵ
دایکی پاکی نیشتمانی جوانی من
هەرکە دیتی بۆ ئەوە گریانی من

خوێنی تۆیەو موبەعی دەرمانی من
پێی گوتم ئەی لاوی کوردستانی من
لابەرن مەردانە عەیبو عاری دڵ
داستانی میحنەتی کوردی هەژار
گەر بنووسم بۆ وچان لەیلو نەهار
هێندە بێ پایانە ناوترێ بەزار
لێی گەڕام با بمێنێ یادگار
ئەو حیکایەتە لەناو تۆماری دڵ

فانی چەند پارچە شیعرێکی بەسۆزی شیوەنو ماتەمی بۆ سەرۆکو کەسانی دڵسۆزی خەباتی رزگاریخوازی کورد نووسیوە لە هۆنراوەیەکدا لەسەر زمانی شەهیدی نەمر قازی محەمەدەوە قسە دەکاتو لەبری شینو ماتەمی رۆمانتیکییانە نەخشەیەکی شۆڕشگێڕانەی بە شیننامەکە بەخشیوە:

ئێمە رۆیشتین لەرێگەی رستگاری نیشتمان
بووینە سەرمەشقێکی گەورە بۆ کوڕانی قارەمان
چاترە مردن بە مەردی نەك بە نامەردی ژیان
قەت مەفەرموو پێشەوامان مردو کوردان بێنەوان
پێشەوای گەل ئەو کوڕانەن دێنە مەیدانی خەبات
پاڵەوانی تۆڵەسێنن قارەمانی کارەسات

فانیو شیعری دڵداری

شاعیرانی پێش فانی باسی جوانیو ئەوینو خۆشەویستی دولبەرەکانیان کردووەو تەنانەت هەندێکیان تارادەی پەرستن دولبەرەکانی خۆیان خۆش ویستووە، ئەم خۆشەویستییە بە وەسفێکی رووتی جوانیی دولبەر دەست پێدەکاتو هەندێ جاریش پڕە

لەزیادەڕۆیی بەلاغەت. تا دەگاتە وەسفی لەشو رادەی هەوەسو ئارەزووی لەش، هەندێك جاری دیکەش شیعری کوردی بەرەو جیهانی تەسەوفو شیعری دڵداریی سۆفییانە پەلی کوتاوە، کە ئەمە لە شیعری شاعیرانی سۆفیی وەك مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، مەولەویو مەحویدا روونو دیارە.

فانی سەرباری شیعری شۆڕشگێڕیو نیشتمانی، کە گەورەترین بەشی شیعرەکانی گرتۆتەوە شوێن پێی شاعیرانی پێش خۆی لەشیعری دڵداریدا هەڵگرتووەو بەشێوەی ئەوان شیعری نووسیوە.

فانی کە باس لەژن دەکات لەمەدحی خەتو خاڵو پەرچەمو کوڵمی سوورو لێوی ئاڵو جوانیو شۆخی مەعشوقە دەدویو دەکەوێتە وەسفێکی هێندە جوانو چەلەنگ کە لە شاعیرانی سەردەمی خۆی دوانەکەوتبێ:

ئەو شۆخە کە شای مەملەکەتی حوسنو جەماڵە
لێو قرمزە، چاو مامزە، شیرین خەتو خاڵە
ماچی دەمی وەك شەهدە چ شیرینە مژینی
بێ ماچی دەمی ئەو دەمی من تینووە تاڵە
نارنجی مەمی گەنجی خودادانە لەناو دەس
هەڵگرتنی دەستم لەسەر ئەو گەنجە مەحاڵە
خۆشی لەژیان نووستنی شەوکارە لەگەڵ تۆ
گەر مانگە، ئەگەر رۆژە، ئەگەر حەفتەو ساڵە
مەشکێنە لەمەولا دڵی ناشوفتەیی (فانی)
ماچی دەیە خوێنی بکە ناو کاسە حەڵاڵە

فانی جگە لەوەی کە بە زمانێکی ساکارو بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر وشەسازیو هەندێك وردەکارییەکانی دیکەی شیعر، زولف بە رەشمارو شەوی تار، مەمك بە لیمۆو نارنجو هەنار، ئەبرۆ بە شمشێرو چاو بە نێرگزو گوڵنەستێرە.. تاد چوناندووە.

ئەوەی جێگای شایانو گرینگییە ئەوەیە کە فانی، بەجیاواز راو سەرنجو لەچاو شاعیرانی پێش خۆی زیاتر بایەخ بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەداتو قووڵتر دەچێتە بنجو بناوانیان. بەچاوی رێزو بایەخ پێدانی دوور لە ئارەزووی سێکس سەیریان دەکاتو بە زمانە ناسکەکەی وێنەیان دەکێشێت.

ئەم رێز لە جوانی گرتنو پیاهەڵگوتنەی شاعیر لە هەندێك شیعریدا باسێکی دڵداریی رووت نییەو لەسنووری خۆشەویستی پەتیدا تێپەڕیکردووە. واتا فانی لایەنی وەسفو پیاهەڵدانی جوانی ئافرەتو رازاندنەوەی ئەو جیهانەی رەچاو نەکردووە. بەڵکو، وەك شاعیرێکی مولتەزیم بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەدیدێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو باوەڕبوون بە یەکسانی نێوان نێرو مێ، باسی ژن دەکات کە بەدرێژایی مێژوو حەزو ئارەزووەکانیان پێشێل کراونو ژیانیان وەکە ژیانی زیندانییەك بووە.

بەبازاڕی جوانیدا بە سەربەستی بڕۆ جاریٚ
موریدو مورشیدو موفتی وەك من شێتو شەیداکە
ئەگەر پێت خۆشە کوردستان وەکو جەننەت موعەتتەرکە
بکە زوڵفی تەڕت شانەو سەعاتیٚ رووبەرەو "با" کە
جلی کوردی لەبەرخۆکە لەبەزمی مۆلە پۆشانا
حەیاو حوسنو سەفا نەرخە هەموویان بیٚ سەروپاکە
کە بۆ عیلمو سەناییع بیٚ جوانە پەیڕەوی کردن
دەنا بۆ حیفزی ئاوی روو، لەجلی مۆلە حاشاکە
کە (فانی) عیشقی پاکی بیٚ دڵی پاکی مەڕەنجێنە
بەدەستی مەرحەمەت جێگەی لەباخی سینە بۆچاکە

شاعیر وەکو بەشیعرەکانییەوە دیارە، تاڵیو چەرمەسەریی ژیانی زۆر چەشتووەو، شاعیرێکی میللیو شۆڕشگێڕی چاوقایمو نەبەزو

کۆڵنەدەری سەردەمی خۆی بووە. ئەگەر بەرگەکانی دیکەی دیوانەکەی چاپ بکرێن ئەوا ئەوم مەسەلەیە فراوانتر دەردەکەوێت.
ئێمە بەشێکی زۆر کەمی شیعرەکانی فانیمان لەبەر دەستدایە، کە لە ساڵی ١٩٧٥دا چاپکراون. زۆربەی شیعرەکانی ناو ئەم دیوانە شیعری نیشتمانپەروەریی‌و شانازیکردنن بە خاکو وڵاتو مەسەلەی نەتەوەییەوەو پڕن لە هەستی نیشتمانپەروەری، فانی کاتێك باس لە مەسەلە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان دەکات، یان باس لە خوێندنو زانستو سروشتو تەنانەت لەهەندێ شیعری دڵداریشدا، بیرو هەستو سۆزی نیشتمانپەروەری لە شیعرەکانیدا دەردەکەون.

چ خۆشە رومەتی ئاڵت کە وەختێ ئارەق دەمێنێ
دەڵێی‌وا شەونمەو دەتکێ لەسەر دوو پەلکی لالەکەش
لەبەینی زولفو روو و چاوت، کرا بەش بەش حەواسی من
وەك خاکی گەلی کوردی کە زاڵم کردیان بەش بەش

زمانی شیعری‌و وشەو زاراوەی شیعرەکانی فانی کوردییەکی سادەو رەوانن. لە هەڵبژاردنو دەربڕینیاندا زۆر لە خۆکردنی تێدانییە، هەر ئەو زمانە کوردییەیە کە خوێندەوارو نەخوێندەوار قسەی پێ دەکەن. شاعیر خۆی لە وشەی قەبەو گرانو زاراوەی سواو پاراستووە. ویستوویەتی هەموو کەس لەزمانی شیعرەکانی تێبگەن.
سەرنج:
شاعیرێکی دیکەی کلاسیکی‌و نیشتمانپەروەر هەیە بەناوی (فانی) کەناوی مەلا حەسەنی فانییەو خەڵکی دێی ئابلاخە، کە ئەم دێیە ئێستا گەڕکێکە لەشاری سلێمانی. مەلا حەسەنی فانی هەر لەوێ بە مەلایەتی ژیاوە، تا لە ساڵی ١٩٤٠ـدا کۆچی دوایی کردووە.
لەم بارەیەوە بڕوانە:
دوکتۆر مارف خزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغد ١٩٨٤ ل ٤٣

شێخ لەتیفی حەفید

١٩١٧ -١٩٧٢

شێخ لەتیفی حەفید

شێخ لەتیف کوڕی سەرکردەی بەناوبانگی کورد شێخ ی مەحموودی نەمرو کوڕی شێخ سەعیدی کوڕدی کاك ئەحمەدی شێخ (١٢٠٨-١٣٠٥) کۆچی، کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە کە یەکێك بووە لە زانا ئاینییەکانی کوردستان.* خوالێخۆشبووی باوکی دوو ژنی هێناوە: یەکەم پاش شەهیدبوونی کاکی واتە: خێزانی شێخ ئەحمەدی مارە کردووە کە ناوی ئایشێ خانو کچی شێخ مارف (نقیب) ی شێخ محەمەدی کاك ئەحمەدی شێخ بووە.

خوا لەم ژنە کوڕو کچێکی پێ بەخشیون ناویان -لەتیف- و حەلاوەخان بووە، دووەم-بەهیەخانی کچی ئەمینی عەتاری هێنا، دوو کوڕی لێ بووە، شێخ بابەعەلیو شێخ رەئووف.

شێخ لەتیف لە ساڵی ١٩١٧ لە شاری قارەمانانو پڕشکۆی سلێمانی لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی کوردپەروەرو دین دارو ئەدەب پەروەر هاتۆتە دنیاوە، لەسەردەمێکی پڕ لە کارەساتو تەقینەوەی مێژوویی‌دا چاوی ژیانی هەڵهێناوە، خودا لێ خۆش بوو ئەحمەد تەقی (؟ -١٩٦٠/١/١٣) ئەڵێ: "ئەم خێزانە خانەدانەی شێخ مەحموود پتر لە (١٥٠) ساڵە لە کورسدتاندا ناوبانگیان بڵاوەو جێگایەکی تایبەتیان هەیە. هەموو کوردستانو بە تایبەتی لەلادێکاندا بەچاوی رێزو پیرۆزەوە تەماشای هەموو وەچەیەکی شێخ مارفیان کردووە". ناوبراو بەم جۆرە لەسەر باسەکەی دەڕواو دەنووسێ: "نەوەکانی شێخ مارف نەك هەر لەناو کوردستاندا رێزیان ئەگیرا، بەڵکو لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانیشەوە حسابیان بۆ ئەکرا، بەرادەیەکی‌وا کە سوڵتان عبدالحمیدی دووهەم شێخ سەعیدی حەفیدی بەمیوانی بانگ کرد بۆ ئەستەمبوڵ، شێخ مەحموودیش کە هێشتا منداڵ بوو لەم گەشتەدا بەشداری کرد.[1]

هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە سێ ساڵان، دوای بەدیل گرتنی (شێخ مەحموودی قارەمان) بەخاوو خێزانەوە روویان کردە نیشتمانی ژووروو

واتا: باکوری ڕۆژهەڵات لای سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاك). شێخ لەتیف لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا بوو لە ساڵی (١٩٣٠)دا بەشداری بزووتنەوەی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشی کوردی کردووە. لە ساڵی ١٩٤٣دا لەلایەن حکومەتی کۆنەپەرستی پاشایەتی گۆڕکراوەوە پەلامار درا، بەڵام دەستگیر نەکراو خۆی گەیاندە کوردستانی ئێران، دوای ساڵێك گەڕایەوە.

بەراستی هەستو نەستی ئاوێنەیەکی بێگەرد بووە بەرانبەر وڵاتەکەی، بیرو باوەڕی نیشتمانیو کۆمەڵایەتی بڵاودەکردەوە، ئەمە کارێکی گەورەی کردە سەر مشتو ماڵ کردنی ژیانی سیاسی کە بچێتە ناو بنجو بناوانی ژیانی کۆمەڵی ڕەشو ڕوتو هەژاران.

تەمەنی (٢٠) ساڵان بوو پارتێکی رامیاری دامەزراند بە ناوی (کۆمەڵی برایەتی) یەوە کە هەموو توانایەکیان بۆ رزگاری گەل تەرخان کردبوو دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەی نەتەوەیی. لەکاتی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد) لە ساڵی ١٩٤٦ دا بە جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا. بە هەمو توانایەکیەوە لەدروست کردنی کۆماری جوانەمەرگی مهابادا بەشداری کردووە.

گرتنو دەربەدەریو راونانو دوور وڵاتی زۆری چەشتووە، گیراوەو لە شاری بەصرە خراوەتە بەندیخانەوە تاکو تەقینەوەی راپەڕینەکەی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ ماوەتەوە.

ئەم شیعرەی لەگرتووخانەی ناوبراودا وتووە:

ڕۆژ لەبەر فرمێسکی چاوو شەو لەبەر ناڵانی دڵ
ئێشی چەند زۆرە برینو داخی خەمخوارانی دڵ
وا پلوسکی بەستووە فرمێسکو خوێناوی جگەر
سەیرە ئارایش ئەکەن بەو خوێنە خوێنخوارانی دڵ[٢]

ئێمە لێرەدا وەك شاعیرێك باس لە شێخ لەتیف دەکەین، لە ژیانیا وەك نەختێك لەمەوبەر وتمان ئاوارەو دڵ پڕ زووخاو بووە، هەمیشە خەم هاوڕێو ئەنیسی بوو، ئەو کارەساتو رووداوانەی کە لەژیانی رۆژانەیدا ئەی دی کاری کردۆتە دیوی ناوەوەی دڵو دەروونی. شیعری (سکاڵا) باشترین نموونەی ئەم لایەنەیەتیو دەڵێ:

هەمیشە لانە شێواوو دڵ شکاوم
ببینە، ئەشکی حەسرەت دێت لەچاوم
هەناسەی ئاگرینی توێی دەروونم
نیشانە بۆ دڵو جەرگی سووتاوم
بەڕوو خۆشیم نەکەی بڕوا عەزیزم
وەرە سەیری دەروونی پڕ زووخاوم

لەبارەی شیعر هۆنینەوەو گەڕان بە شوێن ناوەرۆکدا دەسەڵاتێکی بەرزی شاعیرانەی پێوە دیارە. شاعیر دڵدارو دولبەرو عاشق بووە، جوانی خۆش ویستووە، بەڵام عاشقێکی زەمینی، دوور بووە لە ئاسمانو خەیاڵی سۆفیزمی، لە مەیدانی شیعری دڵداریدا شوێنێکی گرنگی وەرگرتووە تەعبیرو وێنەکانی سەرکەوتووە وەك:

ئەو گڕوکاڵەی کەئێستە دڵ خەریکە فێر ئەبێ
وابزانم لێوی تۆ بەڕێ تەواوی تێر ئەبێ
هەر بە ساوایی بەسێوی ئاڵەوە فێرە دەمی
بۆیە هەرکەس حەز بە رەنگی ئاڵە، ئاخرخێر ئەبێ

ئەمەشیان وێنەی ئەو دڵدارییەیە کە شاعیر بۆ ئەوپەڕی دێوانە بووەو خۆشی گەرەکە.

گەردنت مەر مەر وەکو کێلێك بشی بۆ گۆڕەکەم
جەننەتی چی، وا ئەزانم مەیلی حۆری مەر نەکەم

بەبۆنەی کۆی دوایی (شێخ لەتیف) ەوە خەم ئەوەندەی تیرێك لەدڵی دۆستێکی کاریگەر بوو، دڵو دەروونی ئەم دۆستە هەژاندو بە چاوی فرمێسکاوی‌یەوەو بەدڵی غەمگینەوە بە غەزەلێك شینی بۆ دەکات ئەمە تەواوی تێکستی شیعرەکەیە:

بۆ یەقینی لێم ئەی فەلەك چیت لێم ئەوێ؟
دەستی جەورو نالەباریت لەحزەیەك بۆ نەسرەوێ؟
کەی تەمەننام بوونی تۆیە، نامەوێ قەت دیتنت
چیت لە قەومی ئێوە داوە یارەبی کۆستت کەوێ
غەدرە لای تۆ ئاوەدان بێ خانەیێ-ئەهلی وەفا؟
بابمێنێ-باوکی کاوە- دەك سەری بەرزت نەوێ
بۆچ فڕاندت وابەزوویی؟ کەی مروەت وا ئەبێ؟
شەوکەتو شانت نەمێنێ، نامرادی جێی کەوێ
ساخوایە، ئەم نزایەی-دڵەچەرتی- وەرگری
رەحمەو عەتفی خۆت نصیبی شامی ئێمەش بێ لەوێ

دیسان هەر لە (دۆستێکەوە) لەبەشێکی تری دیوانەکەیدا، ئەمجا دۆستەکەی هەر ئەو دۆستەی پێشوویەتی یا کەسێکی دی[٢] بەداخەوە نازانین، لایەنی ئیجابی ئەو کردەوانەی دەردەخا کە بیری تیژو رۆشنبیری قوڵو هەڵوێستو باری ژیانی شاعیرمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لەئاوارەیی‌و دەستبەسەریدا
لەوڕتەی راستی کوردپەروەریدا

لە بەندیخانەو پێوەندو کۆتا
لەژێر دەستەیی وڵاتی خۆتا
لەقسەی خۆشو سوحبەتو باسا
لەگەڵ هەناسەی کەسی کەساسا
لە ووشەی ئاشتیو خۆشەویستیدا
لە تەنگانەدا، لە پێویستیدا
لەناو ژیانی دێهاتی کورددا
لەگەڵ زەبوونیو نەبوونی کورددا
لەناو ژانیو زاناو دڵێردا
لە بەخشندەیی پیاوی چاوتێردا
لەخێر نەدیویو جوانەمەرگیدا
لەپادشاییو لەبێ بەرگیدا
وێنەی (شێخ لەتیف) زۆر جوان ئەبینی
تێئەگەی چۆن ژیان، چۆن رابوورد ژینی

ئەم شیعرە سوکو ساکارەی لەرووی مەبەستو ناوەرۆکەوە بریتییە لەهاندانی رۆڵەی وڵاتەکەی بۆ پێشخستنی نیشتمانو چوونە ناو مەیدانی خەباتو زۆرانبازی لەنێوان ئەو دواکەوتوویی و پەیوەندییە نارێکانەی کە لەناو خۆدا هەن، بەتایبەتی دوودڵیو مەیخواردنەوە کە بەپەتاو نەخۆشییەکی پیسو کوشندەی هەرە نارەسەنو ناهەموارو ناگونجاویو پاشەکشێی باری ژیانی کۆمەڵی کورد دادەنێ وەك لە سروودی (ئەی کوردی فەقیر) کە هەمووی ئامۆژگارییە، ئەوانەی بەلای شاعیرەوە دەبێ کەسانی شۆڕشگێڕو چاونەترس بنو مەرگی خۆیان پێش مەرگی کۆمەڵ بخەن، بۆ ئەمەیش بە یەکگرتنو دەست خستنە ناو دەستی یەکدییەوە میللەت پێش دەکەوێ کە هەموو هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخوازی خەڵکی دونیا لەسەر ئەو باوەڕەن کە هیچ شتێك بەبێ

هاوکاریو پێشکەوتنو شارستانیەت ناکرێ، شارستانییەت یەعنی هاوکاریو بەیەکەوە ژیان.
لەکۆپلەی یەکەمو دووەمی شیعرەکەدا دەنووسێو دەڵێ:

ئەی کوردی فەقیر بۆچی ئەسیری؟
بۆچی گیرۆدەی بەندی زنجیری؟
براگەل بێنەوە بەیەکجار
بشکێنن تەوقی غەدار
کورنە وەرە بڕوانە
خاکمان هەموو وێرانە!
تاکەی دوو دڵی؟ دڵ پیس لەگەڵ یەک
زرەی فنجانی مەشروبات بەپێک[1]
دەست بەنە دەست یەک، ئێوەو خواتان
بۆ پێشکەوتنی خاکی نیشتمان
کورنە بڕوانە
خاکمان وێرانە

شێخ لەتیف لە رۆژێکی گەلێ ئاڵۆزو تفتو تاڵی دواکەوتوویی کۆمەڵی کورددا رایبواردووە. ئەم نەهامەتیو بێ ئارامیو تەنگو چەڵەمەیە لەناوەڕۆکی نەژادی شیعرەکانیدا بەگشتی رەنگی داوەتەوە، وەك ژیانی خۆی لەشیعری (تەمەنی ژین)ە کەیدا بەیان کردووە تیایدا گوتوویەتی:

سەدوچوار جەژنە، تەمەنی ژینم
جەژنێکنم ندی،خۆشی ببینم
یان لە غەریبی، یا بەندیخانە

یان دەربەدەر بووم، لەم وولاتانە
ئێرانو عێراق، هەتا باش قەلا
وەك خێلی قەرەج، گەڕۆك تەوەلا
یان باوك ئەسیر، یان خۆم فیرار بووم
بەدەست بەسەری، خاوەن ئازار بووم
بەسزای دوژمن، بێ وەفایی دۆست
ریشەی گەنجێتیم دەمێنرا لە پۆست
جەژنێکم نەدی، بەدرێژی سال
لای باوكو دایكو عەشیرەتو مال
هەر رۆژ لە شاخێ، هەر رۆژ لەدێیە
هەر رۆژ وولاتێ، ساتێ لەجێیە
چەند سەگی دێهات بەمن وەڕیوە
چەند سەرماو گەرما، نەخۆشیم دیووە
دیداری خۆمو ئەولادو منال
بووەتە خەیالات شتێکی مەحال

راستیان فەرمووە: مزگەوت ئەڕوخێ، بەلام میحرابی ئەمینێ- شێخو ئەمریش بەهۆی بیروو باوەڕی کوردایەتیو مرۆڤایەتیو ژیانی سیاسی نیشتمانپەروەرانەیو شیعرەکانییەوە توانیویەتی ئەمری بۆ خۆی بستێنێو بۆ هەتا هەتایە دیمەنو روخساری تایبەتی خۆی پێوە دیارەو مۆرکی مرۆڤێکی ئەم گەلی کوردە ئەنوێنێ.
لەم دوو تاکە شیعرە دلگیرەی عوسمان شارباژێڕی کە ئەم روالەتی جوانەو هەم ناوەرۆك، لەژێر وێنەکەیدا نووسراوە.
ئەگەرچی مردن لاشەی ئەستێنێ
خاك-گۆشتو پێستو ئێسقان- ئەڕزێنێ
پیاوی مەزنو هونەرمەندی چاك
هەتا هەتایە ئەژیو ئەمێنێ

شیعری شێخ لەتیف بەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوەدا دابەش ئەکرێن.
١-نیشتمانپەروەریێتی.
٢-کۆمەلایەتی.
٣-ئەڤین، دلْداری
٤-کۆمیدی، گاڵتەو گەپ، بابەتی پێکەنیناوی.

هەتا لەژیانا بوو حەزی بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی نەکردووە. لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆمەڵـە شیعرێکی بەناوی (گوڵـی وەریـو) لەبەرگێکی شەنگو لەسەر کاغەزێکی نایابو بە (٨٢) لاپەڕەی قەوارە بەتاڵـەوە چاپکراوە لە چەند رۆژێکی کەم خایاندا لەبازاڕی چاپەمەنی کوردی‌دا نەماو خەڵکی بە تاسوقەوە لەشوێنی دەگەڕان.

ئەوەی شایانی باسە، لەو چەندانەدا بەشێکی تر لە بەرهەمی- داستانێکە بەهۆنراوە.. داینـاوە- بەنێوی -گیاکەڵـەی کۆمەڵایـەتی- بڵاوکرایەوە. کە لەلایەن ئەدیبی ناسراو مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم پێشەکی بۆ نووسراوە.

خولێخۆش بوو شێخ لەتیف لە ئێوارەی رۆژی هەینی ١٢ مایسی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی (الراهبات) لە بەغدا لە تەمەنی (٥٥) ساڵی‌دا شەربەتی شەهادەتی نۆشی‌و دوایی بە خەزانی ژیانی‌هات. تەرمەکەی براوەتەوە سلێمانی‌و لەلایەن خەڵکی ئەو شارەوە بەوپەڕی رێزو حورمەتو بەدڵی تەنگییەوە لە مزگەوتی گەورە بە خاکیان سپارد.

هەزاران درودی پیرۆز لەگیانی هەرگیز نەمری شێخو لە هەموو ئەو مرۆڤە دڵسۆزانەی تەنگ بە شەوەزەنگی دەبەنگی هەڵەچنو تیشکی رووناکی دەخەنە سەر راستە شەقامی ژیان.

سلێمانی
١٩٧٩

پەراوێزو سەرچاوەکان:

*شێخ مارف نۆدێیی (١١٦٦-١٢٥٤) کۆچی، ناوی راستی شێخ محەمەد. لەکاتی فەرمانڕوایی ئیبراهیم پاشادا ئیمام جومعەی مزگەوتی گەورە بووە.

١-یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی، رێکخستن‌و ئامادەکردنی بۆ چاپ، جەلال تەقی، بەغدا، چاپخانەی (سلمان الأعظمي)، ١٩٧٠، ل ١٦.

٢٠شێخ لەتیف شێخ مەحموودی نەمر، گوڵی وەریو، سلێمانی، چاپخانەی راپەڕین، ١٩٧٥ ل-٧٤.

٣-لەو چەندانەدا بەخت یاربوو، لەبەر رۆشنایی تیشکی وتارێکی ژێکەڵەی بێ کەندو کۆسپەوە دەرکەوت ئەم دۆستەی شێخ لەتیف خوا لێ خۆش بوو شێخ مەلا ئەسعەدی مەحوی‌یە کە بەنامەو بەشیعر یەکتریان لاواندۆتەوە. (بڕوانە: سۆران مەحوی، ناوەندە ئەدەبی‌یەکی ئاڵۆزو ژیانی ئەدەبی‌مان!، پاشبەندی کوردی عێراق، پێنج شەمە، ژمارە (٢)، نیسانی ١٩٧٧، ل١٢.

هەر بە یارمەتی مامۆستا سۆران مەحوی بۆ وەدەست هێنانی وەرامێکی یەك لایی لە ئاست ئەم دۆستەوە دڵنیای کردین ئەو شیعرانەی لەدیوانی "گوڵی وەریو" هەن، چ ئەوانەی شێخ لەتیف بۆ دۆستی گوتوون وە چ ئەوانەی لەدۆستی‌یەوە پێی‌دا هەڵگوتراوە هەمووی لەمیانی مۆمۆستا مەلا ئەسعەدی مەحوی‌دا بوە کە لە جوانترینو بەرزترین سەرچاوەی خۆشەویستی‌یانەوە رێزو وەفاو وەعدو دڵتەنگی‌و بێزاری لە دڵەوە بۆ یەکدی هەڵدەڕێژن.. ئێرە جێی ئەوە نی‌یە بۆیە بە پێویستمان نەزانی نموونەو بەڵگەی لەمە زیاتر بنووسینەوە (دۆڵە چەوتی‌و عوسمانی شارباژێڕی)، دوو دۆستی دیکەی -شێخ لەتیف-ن، کە لێرەدا هەر یەکەیان بە پارچە شیعرێکی رۆمانتیکیانە شینی بۆ دەکات.

ناوبراوان مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایین لە سلێمانی. کاك عوسمان جگە لە پێشەکی، دەستی لەکاری هونەری ئاوازو مۆسیقاو چڕینی گۆرانی کوردی شیعر نووسیندا هەیە.

٤-ووشەی (پێك) لەگەڵ (یەك) لەتای تەرازوودا ناوەستێ.

هەژار

١٩٢٠-١٩٩١

ماڵو گیان هەرچی هەمان بێ
بەقوربانی کوردستان بێ
هەرکەس نەیبێ بیری تۆڵە
لەبابی خۆی نەبووەو زۆڵە

مامۆستا هەژارو شاعیری
(شۆڕشگێڕو ئەدیبی دەستو قەڵەم رەنگینی کورد)

کەبێ (ژێ) هاریو، بێ (هێ) کەژاری
وەها وریاو ژیری، چۆن هەژاری؟
"مەلا ئەحمەدی چروستانی"

کارێکی پێویستو مەردانەیە لە ئەندازەی دەسەڵاتماندا تێبکۆشین هەواڵو بەسەرهاتی مێژووی ژیانی ئەو پیاوە نەمرانەی کە بەدرێژایی تەمەنو ژیانیان بەپێی توانستیان دەورێکیان لە پێشخستنو گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردەواریدا گێڕاوەو خزمەتی گەلو نیشتمانی خۆیانیان شۆڕشگێڕانە بەرەو پێش بردوە لەبیر نەکەینو بیرو هۆشو رەنجمان لە تەك زیندوو راگرتنو ناساندنی کارەکانیاندا تەرخان بکەین، دڵسۆزیو مرۆڤایەتیان باشتر بناسێنینو بخرێنە بەرچاوو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی زۆرلێکراوی کورد.
ئەوی راستی بێ گرنگیو گوێپێدانی ئەم بوارە دەبێتە مایەی ناسینی خودو هیواو کەسایەتی نەتەوایەتیو بەرەوپێشەوە چوونی باری رۆشنبیریمان. بەڵام بەسەرکردنەوەی ئەو جۆرە مرۆڤانە تا لەژیاندا ماون شوێنو پایەی شیاوی تایبەتی خۆیان لەکۆڕو کۆمەڵدا بۆ دەست نیشان بکرێو بدرێتێ ئەوە زۆر باشتر.

خۆم به بەختیار دەزانم، سەرە دەزوویەك لەسەر ئەم شاعیرو ئەدیبە شۆڕشگێڕو جەربەزەیەی مەیدانی ژیانی رۆشنبیریو ئەدەبیو سیاسی نەتەوەکەمان با بەشێوەیەکی سەرپێ پێش بێ بووسەو کەمۆکەیەك بینایی چاوانی خوێنەرەوەی بەنرخو هێژای کوردی پێ روون بکەمەوە.
خوێنەری ئەدەبی کورد نییە شیعری هەژاری نەخوێندبێتەوەو جۆشو کوڵی نەخرۆشابێو هەستو ئاوەزی نەهەژابێ، یان کەسێ نییە ددان بەوەدا نەنێت کەماموستا هەژار سەرتۆپو سەرئامەدی شاعیرو ئەدیبە هەرە نـاودارو بـەهێزەکانی دنیـای ئـەدەبیاتی ئـەم رۆژگـارە ئـاڵۆزو چەتوونو پـڕ کێشـەیەیە کـە دەنگـی زوڵاڵـی ئازادیخوازانـەی شـیعرو نووسـینەکانی لەهـەموو قوژبنـەو کـەلو کولێنێکـی ئـەم کوردسـتانەدا بڵاوبوونەتـەوەو جێگەیـەکی زێـدە بـاڵای لـەنێو دڵـی گشـت رۆشـنبیرو هەرزەکارێکی دڵسۆزو گەل پەروەردا کردۆتەوە.
هەژار، هەر لەسەرتای دەستپێکردنی کاری ئەدەبیدا ناوی بە شاعیری شۆڕشگێڕ پەیدا کـردووە، رۆڵـەی وولاتەکـەی لەخـەوی غەفڵـەتو بـێ ئاگایی راپـەڕاندووەو بـەرەو خـەباتی هەقخوازانـە لـەپێناو رزگـاریو سەرفرازیو خێرو خۆشی کوردو کوردستانا هانداوەو لـەخۆبردوویی نیشانداوە. بەهۆی دڵسۆزی خۆیـیو خۆشویستنی گەلو خاکەکەیەوە هەر زوو چووە ناخو دڵی خەڵکی کوردستانو بووە بە شاعیرێکی زۆر نزیکـی جـەماوەری رەشو روتو هـەژارەکانی کۆمەڵگـەی کـوردەواری، ئەمەش وای لە خەڵکەکە کرد کە لە شیعرەکانی دانەبڕێنو بەپەرۆشەوە بخوێندرێنەوە.
یەکەم بەرهەمی نوسراوەی ساڵی ١٩٤٥ بەناوی "ئاڵەکۆك" لە تـەورێز چاپکراوە. کاری ماموستا هەژار تەنیا بە شیعرەوە بەند نـەبووە، بەڵکو بـە لێکۆڵینـەوەی قـوڵو بـەرفراوانی ئـەدەبی کـوردیو لـەوەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی بیانیشدا ئەسپی خۆی تیا تاوداوەو دەوری باڵای لەو مەیدانـەدا هەیـەو جێدەسـتی دیـارە.[1] گـەلێك بەرهـەمی لەشـیعرو

نووسینی بایەخداری خۆی لەسەر سنگی گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستان، خەبات، دەنگی کورد، رووناهی،و دەنگی پێشمەرگەی پارتیدا رەنگی داوەتەوەو چەندین کتێبو دیوانو نامیلکەی بۆ چاپو بڵاوکردوونەتەوە. بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئازەریو روسیو ئەرمەنی،. لە رۆژنامە هەرە بەناوبانگەکانی سۆڤیەت وەکو: (پراڤدا) و (ئەزدیسیا) دا چاپو بڵاوکراونەتەوە.[٢] ئێجگار بەتەنگ ووشەو زمانی شیرینی کوردییەوەیەو بەوئەوپەڕی میرخاسیو گەڕناسییەوە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە زاراوەی رەسەنی کوردی لە نەنووسران رزگاری بێتو پێشکەوێت.

ئەوەی جێی رێزو نرخ پێزانینە: مامۆستا هەژار جگە لە زمانی زگماکی کە بەهەق بۆ خۆی سوارچاکی کوردییەو یەکێکە لەدیارترین رووناکبیرو کارنەخشینە هەرە زرینگەکانی کورد لە زمانو ئەدەبیاتی فارسیو عەرەبیو تورکیشدا ئەوپەڕی گرتووە.

ناوی راستی هەژاری شاعیری میللیو بەهرەمەند، عەبدولرەحمانی کوڕی حاجی مەلا محەمەدی شەرەفکەندییە ناوی خوازراوی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا (هەژار)ە[٣]. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٠ زدا لە بنەماڵەیەکی مەلازادەی کۆنەبەگ؟!و خوێندەوارو لەم کۆنە دنیایەدا لە گەڕەکی (سەرخڕ)ی سابلاخ لە مەڵبەندی موکریان چاوی بەژانو ئازاری هەڵهێناوە. بۆ ئەم مەبەستە شاعیر لە شیعرێکدا جێگە هەولرگەی لەدایک بوونی خۆی پێ گوتووەو نووسیوە:

(سەرخڕێ)[٤] زۆرتری هەمووان بەشی تۆم
کۆرپەیەکی خڕەکەی باوەشی تۆم
یەکەمین جێیەکی.. لێم دانا پێم
کوڕی خۆتم.. بتەوێم یا نەتەوێم.[٥]

هەژار، لەشلكی‌و پێنجەم بەهاری تەمەنیدا لەژێر چاوەدێری باوكی پەروەردە بووەو مەلاشوی بە قورئان‌و حەدیس هەڵدرایەوەو فێری خوێندنەوەو نووسین بووە. دوای سیپارەو باغەبان‌و یاقیدەو سوڵتان جومجومەو سەنگتراش‌و ئەمیر ئەرسەلان‌و چەند وردە كتێبی دیكە چۆتە سوختەخانەو لەوێوە بۆ مزگەوت، لە فەقێ‌یەتیدا[٦] گولستان‌و بوستان‌و لە زانستەكانی سەرف‌و نەحوی عەرەبیشدا سەرگەرم بووە. بۆ نەقنە واتە: نان چنینەوە دەرگای ماڵانی كوتاوەو بۆ راتووە زۆر شوێن‌و گوندان گەڕاوە.

وەكو ئەرسایە فەقێ دەخوێنن؟
وەكو من نەقنە لەماڵان دێنن؟[٧]

پیشەی باپیرانی مەلایی بووەو خۆیشی وا بەنیاز بوە كە جێیان بگرێتەوە بەڵام بەختی رۆژ رەشی هێناو تووشی ژیانی سەرگەردانی‌و دەردەسەری هات. بابی هەژار لە ساڵی ١٩٣٧ز، لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا دەمرێ[٨]. هەژار، خوشكێك‌و سێ برای نەكامڵی بچكۆلەی بۆ بەجێما. ئیتر دەستی لە خوێندن بەردا، بۆ پێوەچوونی بژێوی رۆژانە ملی لەكاسپی ناو وەك هەموو مێردمنداڵانی لادێكان‌و لەروالیدا دەستی دایە كاری وەرزێری‌و چەرچیەتی‌و گەنم تووتن فرۆشتن[٩] یەكەم نووسراوێك كە هەژاری هێنایە سەر بیری كوردایەتی‌و نیشتمانپەرستی‌و دنەی داوە بۆ ژیانی سەربەرزی كۆمەڵە شیعرەكەی حاجی قادری كۆیە (١٨١٦- ١٨٩٧) بووە.[١٠]
لە جەحێڵییەوە كە ئەوندەم هەراشتر بوو لەم لاولاوە لەگوێچكەی دەروونی ئاخنرابوو كە زێدو نیشتمانەكەی كەوتۆتە بەر كەڵبەی ژەهراوی‌و چڕنووكی درێژی دڕندانەی نەیاران‌و ناڵەی دێ، لەمێژساڵە كۆیلەو دیلی بێگانەیە، گەلخۆرانی داگیركەر زۆر بە نامەردانە وەك رەوە

گورگ تێی ڕۆهاتوونو قەپۆزو لموزیان تێناوە، خۆی لە گەڵ هاوکارو نیشتماپەرستان هەڵناو لە سیاسەتی کۆمەڵەی (ژ.ك) واتە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، بەشداری کردووە، بوو بە شاعیری شۆڕشو ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە.

ئەوکاتو زەمانە کە رووسەکان دەستیان بەسەر تەواوی وولاتدا گرت یەکەم شتێك کە مەبەستیان بوو تایبەت لەلایەن (جەعفەر باقرۆف) و کلکیان (جەعفەر پیشەوەری) یەوە- قوتدانی کۆمەڵەی ژێ. کاف بوو.[11] کۆمەڵە گۆڕرا. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەشوێنی دانرا، هەژارو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامە دڵسۆزەکانی کۆمەڵە، بە دڵی پڕ لە ئیمانی کوردایەتیو مرۆڤایەتییەوە چالاکانە لە سیاسەتو بەرنامەی (حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران)دا بەشداریان کرد. لەلایەن کۆماری جوانەمەرگی کوردستانەوە لەقەبی (شاعیری میللی) پێ بەخشرا.

لە ئەنجامی بەشداربوونی لە سیاسەتو راپەڕینو شۆڕشدا تووشی بەڵاو گێچەڵی عەجەم هات، پەلکێشی حەپسخانەی سەقزیان کرد، هەل هەڵکەوتی وای رەخسان لە گرتووخانە هەڵات. ژینی ناخۆشیو ئاوارەییو غەریبینەوازی لە ساڵی ١٩٤٧دا دەستی پێکردو بەرەو بەغدایە دایقەڵاشت. لە پێناو پاروە ناندا دەست بەحەماڵیو قورکارییو شاگرد مەیخانەیی کردنو سەرکاری عەمەلەو دوکانداریو وێنەگری.. دەکا. جگە لەمانەش بۆ تێشوی ژیان ناچار دەبێ لەلای ماڵە دەوڵەمەندو خواپێداوەکان غولامیو نۆکەریو بکات. خۆی واتەنی: (بەنانەزگ!!)

پاشان زەحمەتو کوێرەوەرییو کەندو کۆسپی زەمانە لە بەغدایەش لەشانو کۆڵی نەبۆوە. لەوێش توشی گێچەڵو کێشەی پەلاماردانو گرتنو هەڵاتن هاتووە، پۆلیسو ئەمنیە بێ لغاوەکانی نوری سەعیدی (١٨٨٨- ١٩٥٨) تاوانبارو کەوش دانەری ئینگلیز هەڵیان داشت.

پەنای بە جەزیرەی کوردستانی داگیرکراوی سوریا بردو لەگوندی (تربەسپی) دەگیرسێتەوە. ماوەی سێ ساڵان لەو هەرێمەدا مایەوەو. دوو ساڵانیش لە لوبنان مایەوە. چۆوە سوریا، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بۆ بەغدا بایدایەوە. جارێکیتر لەدەستی پۆلیسی عێراق رایرکردەوە سوریا.

هەژار، هەر لە سەرەتای ژیانی لاوێتییەوە بەشی هەرە زۆری تەمەنی لەناو شاخ‌و کون‌و گەلاو قوژبنی ئەشکەوت‌و بن بەردی کوردستان، یان لە وولآت بەدەری‌و کۆلآن گەڕیدا خەرج کردووەو ژیانێکی گەلێ سادەو سەخت‌و ناخۆش‌و پڕئیش‌و ئەشکەنجەی بەسەر بردووە -دەورێکی گرنگ‌و کاریگەری لەژیانی پێشمەرگەیی‌و بواری سیاسیدا بینیوەو هاوبەشییەکی دیاری کردووە، هەردەم چرایەکی روون‌و پرشنگداری ناو هەموو چین‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی شارو گوندەکانی کوردستان بووە. زۆر رووخۆش‌و گفت‌و لفت شیرین‌و دەم بەخەندەو خاوەن دڵ‌و دەروونێکی خاوێن‌و بەخشندەو بێ ریایە. ئەم وولآتانە گەڕاوە: تاران، بەغداد، سوریا، لوبنان، قاهیرە، رۆمانیا، روسیا، ئەڵمانیا، فرەنسا، نەمسا. لەچوونی بۆ یەکێتی کۆمارە شۆسیالیستەکانی شۆڤیەت!!؟ بە ئەندامی شانازی دەستەی نووسەرانی ئازەربایجان پەسەندو هەڵبژێردراوە.[١٢]

شاعیرەکەمان بەهۆی رژێمی نەگریس‌و ستەمکاری حەمەرەزا شا (١٩١٩ - ١٩٧٩)ی گۆڕبەگۆڕکراوی ئێرانەوە وەك لەسەرەوە نووسیم دەربەدەری‌و ئاوارەیی‌و جودایی زۆری چەشتووە، ئەم پەرتەوازەو دوورکەوتنەوەیەی لەخاك‌و گەل‌و نیشتمانەکەی داخ‌و خەم‌و خەفەت‌و ئازارێکی فرەی خستۆتە ناخی دڵ‌و گیانی شاعیرو بەزەقی بەهەندێ شیعرییەوە دیارە، ئەمەتا لەدەست توندو تیژی غەنیم‌و ناحەزان پەرێشان‌و گلەو گازندەی دووری خۆی بەم شیعرانە هەڵڕشتووەو نووسیویەو دەڵێ:

سەربەخۆ کەوتمە شوێن ئاواتم
دوور لەتۆ تووشی نەهاتی هاتم
دەستی پانم لەبنی باغەڵ گرت
ئابڕوم ویستوسەری خۆم هەڵگرت.
ئەوە چەند ساڵە کەوا دەربەدەرم
لە گوتن نایە چها هاتە سەرم:
جوانی وەك ژینی کورێنیم دەرچوو
سپیەتی روم خزی بۆ مووی سەرچوو.
خەم رەوێنم خەمە کەس هەر کەسەرە
دەردی دڵ چاری دڵی دەربەدەرە.. (١٢)

کێشەی خەباتی نەتەوایەتیو ژیانی ناسۆری میللەتەکەی وایان لێکرد بۆ تیمارکردنی زامەکانیو دەرپڕینی هەستو تاسەی بیروباوەڕی دەروونی هانا بەرێتە بەر دەرمانخانەی شیعر.
شیعرە سیاسیو حەماسیو کۆمەلایەتیو کوردایەتییەکانی هەژار، سەرمەشقی ئازایەتی جوامێریو لەخۆبوردنیان پێوە دیارە، کە بە خۆشویستنی نیشتمانو نەتەوە داڕێژراون، نموونەیەکی بەرزنو تێکەڵ بە گیانی لاوە خوێن گەرمەکان بووە. هەرکەسێك گوێی بۆ شل بکات لە ناخو دڵسۆزییەوە کار دەکاتە سەر جەماوەرو دڵو دەروونی بەگیانی نیشتمانپەروەری زاخاو دەداتەوە. تەنیا عەشقو خۆشەویستییە گەورەکە واتە: ئەڤینی مرۆڤی کوردو سروشتی خاکی کوردستان ئیلهامی شیعری بەهەژار بەخشیوە. وەك لەم شیعرە نیشتمانیەی کە بە دەنگێکی زولاڵەوە دەڵێ:

بەدەربەدەری، یان لەماڵی خۆم
لە خاکی عەرەب، لە ئێرانو رۆم
کۆڵکو پۆشتە بم، رووتو رەجاڵ بم
کۆشکم لە قات بێ، وێرانە ماڵ بم
ئازاو رزگار بن شادانو خەندان
یان زنجیر لەمل لە سوچی زیندان
ساغ بم جەحێڵ بم، بکرم کوێ سولتان
یان زارو نزار لە نەخۆشخانە
دانیشم لەسەر تەختی خونکاری
یان لەکۆڵانان بکەم هەژاری
کوردەو لەرێی کوردو کوردستان
سەر لە پێناوم گیان لەسەر دەستان
بەکوردی دەژیم، بەکوردی دەمرم
بەکوردی دەدەم وەڵامی قەبرم
بەکوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
لەو دنیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە[14]

زۆربەی شیعرەکانی هەژار، لەسەر رێبازو کێشی فۆلکلۆری کوردییەو وەك چاوگێکی رەسەنو بەپێز سەودای لە تەکدا کردووە.

ماڵو گیان هەرچی هەمان بێ
بە قوربانی کوردستان بێ
هەرکەس نەیبێ بیری تۆڵە
لەبابی خۆی نەبووەو زۆڵە[15]

هەژاری شاعیرمان، لەسەر ئەساسێکی واقیعیەت بیر دەکاتەوەو لەسەر شانۆی گۆڕاندا نهێنییەکانی خۆیو دەنگە پەنگخواردوو کەفو کوڵە

کەڵەکەبووەکانی زیندانی دەروونی زۆربەی زۆری مرۆڤە کلۆڵەکانی دەوروپشتی رادەگەیەنێو دەئاهاوێژێ لە هەستو هیواو ئارامو جۆشو خرۆشو گریانی خەمو پێکەنیناویاندا. شت ئاشکرا کردنە نەک تەنیا لە شیعردا، تەنانەت لە هەموو ئەو رێگاو بوارانەی دەربڕینیشدا کە نووسەرانو هونەرمەندان دەینووسن.

ئێمەی کورد وەک گەلێکی چەوساوەو کەم خوێندە زۆربەو زۆرینەی شاعیرانمان بە کوردییەکی ساکارو رەسەن، لەهەموو باخێك چەپکە گوڵی شیعران تەنیا بەنیازو مەبەستی کارتێکردنو هاندانو وریاییو هەژانو راپەڕاندنی جەماوەری گەلی ستەمدیدەی کوردستان، چنیوە -تا لە پلەی تێگەیشتنی رەشە خەڵکە دواکەوتووەکە دانەبڕێن.

هەژار بۆ تیرەی لاتو لەوارانو بەشخوراوان ژیاوەو لێبڕاوە -لەسەر مافی لەدەست چووی نەدارو هەژاران دژی بێ مروەتو چەوسێنەرە تۆپزاز هەمیشە رووبەروو راوەستاوە. سەروماڵی بەرانبەر ئازادیو رزگاری بەرەی خاکەسەران بەخشیوە. زمانو دەربڕینی ووشەی شیعری هەژار زمانێکی رەوانو بێ گرفتو کەرەستەیەکی خاوی رووخساری جوانی بێ گرێو گۆڵە، بە هەستێکی ووردو ناسك مەبەستو ئامۆژگارییەکانی خستۆتە ناو میحرابی شیعرەوە.

ئەو کوردستانەیە یارم
بۆ وییە وێڵو هەژارم
دڵبەرم ئەو دەشتو کێوەن
ئەو پڕ نەوتو زێڕو زیوەن
کە عەنباری رۆژهەڵاتە
سەرچاوەی دەجلەو فوراتە..
یەخسیری دەستی تورکانە
داگیرکراوی ئێرانە

لەجێی خانزادی شەقڵاوە
وشتری گەر ئیغ دراوە!!.
لای تورکە نیوەی کەلاکم
عەجەم بەربوونە لولاکم
عارەبیش بەشی خۆی دەوێ
قەپێك لێرە، قەپێك لەوێ..
بەڵام بە هەزار مێنە دەرد
نامرم، سەریان داوە لەبەرد
من بە پانیپاڵ نەمردم
جەنگیزخان قڕی نەکردم
شاعەباس لەبنەی نەمێنام
تۆزی بەبا بوو من هەر مام
گەلی خواردن گەلێ گرانە
تیابا ریخۆڵەی ئەمانە
سەد ساڵ جورابم، خورابم
قورسم هەرگیز هەزم نابم
پارویکم: جیړو دڕکاوی
کێ بمخوا دەبرم هەناوی
لەچاویانڕا سەردەردێنم
هەتا سەر هەروا نامێنم
زەوی دەگۆڕێو دەگەڕێ
هەردەم دێتە رووبەڕێ[16]

نووسەرو بەهرەمەندان کە دێن باسی رووداوی راستیو ناراستی شتەکان دەکەن دەبێ مەردانە ددان بەواقیعدا بنێن، پێویستە لەسەر ئاستی لێپرسینەوەی مێژوویی خۆیاندابن وەك ئەو گوتەیەی کە

گوتراوە: "شاعیر شایەدێکی راستگۆی سەردەمەکەی خۆیەتی". شیعر ئەگەر هەڵسو کەوتی لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا نەبێ شیعر نییە، نووسەر بەرهەمەکەی لەسەردەم جودا بۆوە ئەوە ئەدەبێکی نامولتەزیمە ئاکامی بەرهەمەکانی بێبایەخو ناچیزە دەردەچێت. شاعیر دەبێ پڕوپووچی زۆردارو کارە بەدو گەندو ناپەسەندەکان بە جەماوەری گەل بناسێنێتو بیخاتە روو -شیعرەکانی هەژار لەو بابەتەن.

شیعر لای هەژاری شاعیری بەهەق ریالیستینو وێنەکێشانی ژیانی میللەتەکەمانە، واتە: شاعیرێکە بۆ وەرزێرو پاڵەو فەلایانو مرۆڤی هەژارو بەلەنگازانی کورد دەنووسێتو تەنگو چەڵەمەکانیان دەخاتەروو، بە زمانو بیرو هۆشی خەڵکی وولاتەکەمان قسە دەکاتو ئەوەی هەستی پێ دەکات دەیخاتە نێو بۆتەی شیعرەوە. پەیوەندی بە بەرنامەی پاکی ئایدۆلۆژیو دیموکراتیو واقیعو مەنتیقەوە هەیە کە بۆتە هەڵرشتنی خەمو ژانو حەزو ئاواتی هەموو ئینسانی کورد.

رەمبەی پێلاقەو مەرمەشەی زۆردار
شەقەی قامچیو دار تێکەڵ بەهاوار
خوێن بمژە، پێستم لەدار هاڵێنە
لەسەر من ئێستا مێزت بنوێنە
مێزی هەژاران دنیا داگرە
بۆ پۆشی گیانی خوێنمژ ئاگرە
یاری ئازادی دەگرینە باوەش
رۆژی روون هەڵدێ لەپاش شەوی رەش(١٢)

گەڕان بەنێو دیوانەکەی هەژاردا گەلێ هێرشو هەجوی رەواو بەجێ بەدی دەکرێن کە دەشێ سوکە ئاوڕێکی لێ بدەینەوە.

هەژار، ئاگاداری ژیانە پڕ لەدەردەسەریەکەی میللەتە، هەرچی لەدڵدا بووە بەشیعر دەریبڕیوە. زۆر ئازاو جەربەزەو بێ پەروا دژی ناپاکو هەموو جۆرە زۆردارو چەوسێنەران شوڵی لێ هەڵکێشاوە، ئەمە لەلایەک، رقو تورەیی تایبەتی خۆی بەرامبەر ئەوانەی گەلونیشتمانی خۆیان خۆش ناویٚو لەبەر تیشکی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی ناجوڵێنەوەو بەرژەوەندی خەباتی رەوای گەلی کوردیان فەرامۆش کردووە لەلایەکی دیکەوە دەربڕیوە.

هۆی گێرەشێوێنی‌و شێوازی‌و ئاشتی (صلح)و ئاڵۆزی باردۆدۆخی وولات تەنیا ناداتە پاڵ کردەوەی رژێمی سەرکێش‌و گۆپاڵ بەدەستی ناڕەواو خۆبەدەعیەو فیزگرتوو بەس، بەشکو دەیداتە پاڵ تێنەگەیشتن‌و نەفامی بەکرێگیراوان‌و کاسەلێسە دەبەنگەکان‌و هەتیوو مەتیوی نارەسەن‌و نەمەک بەحەرام کە هۆی ئالەباری‌و دواکەوتوویی کۆمەڵن، بە دیتنی چەندین خۆفرۆشی کوردی ئەم رۆژگارە ئاگر بەربۆتە گیانی بە ئەندازەیەک ئاهونالەی بزواندووەو تەمغەی ریسوایی‌و چاوشۆڕی داوە بە تەوێڵی چاوچنۆکی‌و قەناعەتی جاشایەتی ئەو زۆڵە کوردانەدا کە لە هەستی کوردایەتی‌و چارەنووسی نەتەوایەتی رەها بوون‌و بوون بە سوارچاکی مەیدانی غەیری کورد!!. تەمغەکەش وەک خۆرکەو ژەنگی سەر ئاسن وایەو بەلێکخشاندنی بڕبەندو کارتیغو چەرخی کارەباش ناچێتەوە، یا مێژووی کۆن‌و نوێ بڕیاری داوە سڕینەوەی بۆ نییە هەر لە ئێستاوە هەتا کۆتایی گەردوون.

هەژار، لەچەند سەرەوە زۆڵە کوردی بێ ئاوەزو دەغەڵو ناپاکو خیانەتکارو دەلاڵو کرێگرتەی بەر پەلامارو پلارو گورزی شێرانەی خۆی داوە، پەردە لەسەر رووی ئەم قرخنە بێنرخ‌و جل خوارو ترسنۆکو خەم لێشێواوو لابەلایانە هەڵماڵیوە کە نرخ‌و پایەی خۆیان‌و کۆمەڵایەتیان دۆڕاندووەو لەخزمەتی بەرەی ناحەزانی کورددان‌و بونە قونی شەقی دوژمنان‌و کەوش دانەری دیوەخان‌و ئێسک کروسێنەوەو تەسبیحاتی دەستی کوردخۆران "کە دژی هەموو بەرژەوەندو رەوا بوون هەرا لەگەڵ دۆستدا دەنێنەوە.. وەک فێڵبازو قوڵبڕو شەعبەدەبازی دنیا دۆست بە چاو فرمێسک دەبارێنن‌و بەدەستیش باخەڵ دەبڕن چونکە دەقی نەزمریەکەیان‌و کردەوەیان هێندەی فرمێسک باراندن‌و قوڵبڕین لەیەکدی دوورن"(١٨). ئەم

سەرزەنشتو پلار تێگرتنەی شاعیرەکەمان بەرامبەر ئەو خۆفرۆشانە بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵ لە لالغاوی کەفی دەمیان رزگاریان بێ. چونکە ئەوجۆرە بنیادەمانە دڵسۆز نین نەبۆ مرۆڤ نەبۆ وولات، پتر پەرۆشی ئەوەیە کە جەردەو چەوتەڵی نەمێنێو کورد لەستەمی نەتەوایەتیو بندەستی پیاوخۆرانی چاوچنۆك رزگار ببێ. بێگومان هەبوونی ئەم بارە ناهەموارە لەمافی زەوت کراومان دوورترمان دەخاتەوە کە ئێستاش دێتەوە بەرچاوی بینەر!!

شاعیرمان لە شیعرەکانیدا نەبەس داوای شادمانیو ژیانی سەربەستیو سەرفرازیو سلامەتی گەلەکەی کردووە، بەڵکو بە قووڵیو پانایی بۆ بەختەوەریو رزگاری مرۆڤی گەلانی چەوساوەو زۆرلێکراوی جیهانیش دەنگی بەرزکردۆتەوەو نوسیویە:

لە ئەفریقا، لە ئاسیا
هەر گۆڕن لەگۆڕو چیا
لە عێراق، لەتونسی شین
لەهیند، لەچین لەهیندو چین
لە مەلاریا، لەکۆریا
لە جەزایر، لە کینیا
لە ئەندۆنیزی، لەیەمەن
لە میسرو عومانو عەدەن
بە هەزاران، صەد هەزاران
لە چۆلکان، لەلادێو شاران
کوشتەی دەستی ئیستعمارن
گشت کەس وەك ئێمە داغ دارن
خەزایە داگیرکەر کوشتن
قڕیان دەکەین بەخوێن رشتن
تۆڵەی شەهیدان دەستێنین
کوردستانمان دەرهێنین(٢٠)

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١-قانون در طب، لە عەرەبیەوە کراوە بەفارسی، بەرگ یەکەم، زانستگای تارانو بەرگی دووەم "سروش" لەتاران چاپیان کردووە.

هۆزی گاوان لە عەرەبی‌یەوە بۆ کوردی

-مێژووی سلێمانی- لە زمانی عەرەبی‌یەوە بۆ کوردی.

-ئەو شاکارانەی خوالێخۆشبو دوکتۆر عەلی شەریعەتی لە فارسییەوە کردوونی بەکوردی.

-یەك لەپەنای سیفری پێ برانەوە.

ئاری برا، ولرایرا

-عیرفان، بەرانبەری ئازادی.

-دایە، باوە، کێ خراوە؟ ئەمانەو گەلێ بەرهەمی تر..

٢-پێشەکی حەسەنی قزڵجی لەکتێبی "مەمو زینی خانی" هەژار، ١٩٦٠.

٣-بە عەلدولڕەحمان شەرەفکەندیش بەناوبانگە.

٤-(سەرخڕێ) ناوی گەڕەکێکە لە شارستانی مەهاباد.

٥-هەژار، بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، بێرۆت، چاپخانەی عیتان، ١٩٦٦.

٦-هەژار سەروەختی لاوی فەقێیەتی لە گوندی (ئیساکەند) و (تەکیەی شەرەفکەند) دا بەسەر بردووە.

٧-بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، دەربارەی بڕوانە: ل/١٠٢.

٨-گڵکۆی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەد ١٨٧٢- ١٩٣٧ لە خانەقای شەرەفکەندی سەر بە بۆکانو لە تەنیشت قەبری دایکی جوانەمەرگی هەژارەوە بەخاك سپاردراوە.

٩-بەسەر چڵی: ژینامەی هەژار، تکایە دەربارەی بۆی بڕوانە: شەرەفنامە، وەرگێڕاوی هەژار بۆ کوردی، چاپی دووەم، کە بە ئۆفسێت لەبەر چاپەکەی نەجەفو لە چاپخانەی جەواهیری لەتاران ساڵی ١٩٦٠ هەتاوی -١٩٨١ زایین لەچاپدراوەتەوە، ل/٨٣٥.

١٠-کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، ئامادەکردنو چاپکردنی ئەورەحمان سەعید، چاپخانەی "دار السلام" بەغدا، ١٣٤٤-١٩٢٥. (کۆپی کراوە).

١١-قسەو یاداشتی مەلا قادری مودەڕیسی، کە یەکێك بووە لە بەدیهێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ك. بۆی بڕوانە: نامیلکەی ژێ. کاف چبوو؟ چی دەویست؟ چی لێ بەسەرهات؟ ئامادەکردنی: سەید محەمەدی سەمەدی مهابادسالی ١٣٦٠ هـ، ١٩٨١ زاینی ل/١٧.

١٢-بڕوانە پێشەکی حەسەن قزڵجی لەکتێبی مەمو زینی خانی- هەژار، ١٩٦٠.

١٣-هەژار، بۆ کوردستان، ١٩٦٦، ل/١١٥.

١٤-هەژار، بۆ کوردستان، ١٩٦٦.

١٥-هەژار، بۆ کوردستان، ١٩٦٦، ل/ ١٢٧- ١٢٨.

١٦-هەژار، بۆ کوردستان، ١٩٦٦، ل/ ٣٠،٣١،٣٢.

١٧- هەژار، بۆ کوردستان، ١٩٦٦، ل/ ٣٩،٤٠،٤١.

١٨-مەسعود محەمەد، مرۆڤو دەورووبەر، بەشی دووەم، بەغدا، چاپو بڵاوکردنەوەی کۆڕ... ١٩٨٤، ل/٧٦.

١٩-هەژار، بۆ کوردستان، ١٩٦٦، ل/ ٩١.

٢٠-هەژار، بۆ کوردستان

٢١-هەژار، بۆ کوردستان، چاپی سێیەم، تاران، چاپخانەی جەواهیری، ١٣٥٨ هـ. ل/٣٢٠-٣٢١.

٢٢-دەربارەی بڕوانە: زیادەی چاپی دووەمی کتێبی شەرەفنامە/ وەرگێڕاوی بۆ کوردی هەژار، تاران، چاپخانەی جەواهیری ١٩٨١.

کۆچی دوایی مام هەژار

لە ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٠دا، ئەدیبو شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی مەزنو پێشکەوتنخواز، تێکۆشەرێکی نەبەزو بەرچاوڕوونو چقڵی چاوی نەیاری ئازادیو کۆلۆنیالیست، ئەستێرەیەکی بەشەوقی ئاسمانی کوردەواریو چرای ڕووناکی بیری کوردایەتیو لایەنگرو پشتیوانی چینی دەستو پێ قڵیشاوو زەحمەتکێش، پەپوولەی شەیداو عیشقی تیشکی خۆری ئازادیو سەرفرازیو سەربەستی کوردستانو هەموو مرۆڤ.. دوژمنی سەرسەختی فس فس پاڵەوانو چەقەو هەرای پیاوی خوارو بەدگارو گەندەخۆر.. بۆ یەکجارەکی دڵە گەورەکەی لەکارکەوتو لە وولاتی غەوارە دەستی لەژیان بەرداو بەرگی مەرگی پۆشیو گیانی پاکو بێتاوانی بەخوای تاک سپارد، سەد حەیفو مەخابین، سەد داغو نیگەرانی دەروونی..

هەژار، ناوی ڕاستی عەبدولڕەحمانە، کوڕی حاجی مەلا محەمەدی شەرەفکەندی‌یە. لەنێو لانکەی بنەماڵەیەکی زانستی ئایینیو ئەدەب دۆستو کوردپەروەر. بەدوو ساڵ پاش بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، ١٩٢٠ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شارستانی شیرینی مەهاباد، مەڵبەندی شێرە کوڕانی موکریان چاوی ژیانو کوڵو کەسەرو ئازاری هەڵهێناوە.

هەر لە مێردمنداڵییەوە هەستی بەدیلیو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کردووەو ویستوویەتی هەموو جواناوی تەمەنی شیرینی ژیانی خۆی ئازایانەو بێباکانە بە خزمەتکردن بە ڕێی کوردو کوردستان تەرخان بکات، هەر واشی کرد. هەر بۆیە زوو چووە ڕیزی ئازادی پەرستانو لەبەرامبەر ستەمو زوڵمو زۆرداری دوژمنە هەمە شێوەکاندا بە شێوەیەکی زۆر مەردانەو بەگیانێکی لەخۆبووردنی کوردانەوە وەك قارەمانێکی چاوقایمی ڕەسەنی کەم وێنە خۆی بەدیار دەخات. زیاتر لە هەموو شاعیرانی تری کورد هەژار بووە بە جێگرو پەرەپێدەری شیعرە

حەماسی‌و ئاگرینەکانی شاعیری رابەرو داهێنەری ئەدەبی شۆڕشگێڕی نوێی کورد حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧) لە سەرەتای چارەکی دووەمی ئەم سەدەی تەکنیك‌و پرکێشەو هەرایەدا. بۆیە هەزار ناوبانگی بە شاعیری شۆڕشگێڕو مرۆڤێکی کوردپەروەرو هۆشیارو ئازاو تێکۆشەر دەرکردووە. لەلایەن کۆماری جوانەمەرگی کوردستانەوە نازناوی شاعیری میللی پێ بەخشرا.

لە هەرەتی هەرزەکاریداو پاش تێکشکان‌و هەرەس هێنانی کۆماری دیموکراتی کوردستان، ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٦، بەهۆی زوڵم‌و رژێمی بۆگەنی فاشستی‌و سایەی سیاسەتی شومی حەمەی کوڕی رەزای پیاوی هیتلەر، وەك زۆر لە نووسەرو شاعیرانی کورد ئەنوای شێوێنراو لە یارو دیارو کەس‌و کار هەڵبڕاو لەزێدو نیشتمانە خۆشەویستەکەی تۆرێنراو ئاوارەو پەڕیوەی عێراق کرا. لەوێش لەسەر کوردایەتی هەزار هەورازو نشێو دەپێوی‌و پەندو مەخسەرەو گۆڵمەزی بەسەردێ، تووشی تەشقەڵەو هەراو راکە راکەو دەردەسەری زۆر دەبێ بۆ قووتێکی بێ منەت ناچار بووە کاری سەختی قوڕەکاری‌و حەماڵی‌و شاگرد مەیخانەیی‌و وێنەگری بکاو سەر بۆ ناکەس‌و نامەردان نەوی نەکا. وێڕای ئەوانەش نەخۆشی وەرەم (سیل) تینی بۆ دێنێ‌و لەمەرگ نزیك دەبێتەوەو بەجۆرێك بەرچاوی لێڵ‌و دنیای روونی لەلا رەش‌و تاریك دەبێ. ئیدی وای لێ دێ دەست لەژیان دەشواو هیوابڕاو دەبێ‌و خۆش خزمەتی لەمردن بەئاوات دەخوازێ.

ئەوەتا بۆ نامرادی‌و ناگزووری خۆی پارچە شیعرێك بەر لە ئاویلکەدا بۆ سەر کێلی قەبرەکەی خۆی دەنووسێ.

نامرادێك

لاوەکان، گەورە کچان، ئازدلاران
دلبەران، دڵتەڕان، دڵدلاران
دەمەڕێن تاوێ بمێنن لێرە

فاتحایێکی بخوێنن خێره
لەنێو ئەم گۆڕە هەژار نێژراوە
زۆر لە ڕێی ئێوە جەفای کێشاوە
ژینی خۆی کردە فیدای خۆشی کورد
لەرێی ئازادی بە ناکامی مرد
توخودا کاتێ کە ئازادیو سەند
رەگەزی خوێن مژەکانو هەڵقەند
کیژو کوڕ هەرچی بەلاما لادا
پێم بڵێو پاێ بە قەبرمدا دا
ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە
موژدەبێ مەوتەنەکەت سەربەستە

لەو هەموو ژیانی چارەرەشیو تاڵیو سوێریو پەرەندەییو رەنجو دەبەردەرییەدا، ئەم بەپێچەوانەی زۆر کەس ئاسۆی بیری برسترو بەرفرەوانتر دەچوو، کۆمەڵی کوردەوارییو گرێ کوێرەی مەسەلەی کوردی باشتر ناسیوە، ئاگای لە گەندەڵ بەفێڵی دوژمنان بووە، هەمیشە رۆڵەی وولاتەکەی بۆ خەبات هانداوەو هەستی بەئازارو زامیان کردووەو دەرمانی بۆ تیمارو چارەسەرکردنی دیوەتەوە، رێپیشاندەری ئاواتو خواستی گەلەکەی بوو، قاڵ بووی کۆڕی خەبات بوو.

ئەو یەکەم کەسو ئەدیبێك بووە کە مێژووی کوردو کوردستانی "شەرەفخان"ی بە ووشەی زێرینی پەتیو راستو رەوانی کوردی وەرگێراوە.

ئەو لە شاعیرو نووسەرانە بوو کە بەزمانی خەڵکی رەشو رووتو نەخوێندەوار، بەزمانی ساکارو کوردی پەتی رۆڵەی جەماوەری زەحمەتکاری کوردستانی دەخرۆشان، پەیامی ئێشو ئاواتو خواستی گەلەکەمانی پێ دەناسێن. شیعری هەژار لەم بوارەدا دەنگێکی زوڵاڵی ئاشتیخوازو نەبەزو کەم هاوتایە.

بەشێکی لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسیو رووسیو ئازەری.. هەروەتر گەلێ شیعرو نووسینی بایەخداری لەرێی رادیۆی دەنگی شۆڕشی کوردستان خوێندراونەتەوە لە چاپەمەنییەکانی کوردستان، خەبات، دەنگی کورد، رووناهیو نووسەری کوردو دەنگو پێشمەرگەدا.. بڵاوکراونەتەوە.

پاش پەیماننانەی ئازاری ١٩٧٠ یەکەمین سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کوردو ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بوو،گەورەترین خەڵات کا پێشکەشیان کرد نیشانی فەخری بارزانی بوو کە ساڵێک.. پێش مردنی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێشکەشی کرابوو.

هەژار، یەکێکە لەریزی هەرەپێشەوەی ئەو شاعیرو کەڵە نووسەرانەی کە بەرچاوترینو بەنرخترینو زۆرترین بەرهەمی ئازایانەی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە، خۆیو پێنووسەکەی لەپێناو پێشکەوتنو سەرفرازی وشەی پیرۆزی رەسەنی کوردیو ئەدەبی کوردو مێژووی گەلەکەمان تەرخان کردووەو تاسەری نایەوە ئازانەو بازانە کێردی لە ئێسکو گیانو سەروسەکوتی پیاوی چروکو دزو درۆزنو جەردەو چەتەوڵی داگیرکەری کوردستان رادەچوو.

بەهۆی کارە ئەدەبییە باڵاو شیرینکارییەکانیەوە بە بارستایی چیا بەرزەکانمان سەربڵندیو شانازییەکی ئێجگار فرەی بۆ خۆی ستاندووەو تاکو کورد بمێنێو کوردەواری بەپێوە مابێ سەربەرزی دەنوێنێو هەرگیز کەمایەتی ناهێنێو لەبیر ناچێتەوە. تاماو و لەبەرچاوان بوو، نووکی تیژی قەڵەمی لەکاربوو، داخێک بوو لەدڵی داگیرکەرانی کوردستانو ناموس فرۆشان.

هەژار، بەراستی شاعیرو نووسەری دەستو قەڵەم نەخشینو شیرینکار بوو، مێژوونووس بوو، وەرگێڕ بوو، پێشمەرگە بوو، بەهەق بۆ خۆی بەتەنێ کوردی زان بوو، مەردو رەندو ئازاو زاناو رۆڵەی بەجەرگی گەلی قارەمانیو کورد بوو، دەستو داوێن پاکو بێباکو بێگەردو گزی بوو،

مشورخۆرو چاوقایم بوو،.. بەڵام تا ئەو رۆژەی بەرو بوخچەی ژیانی پڕ ژانی بۆ دواجار شەتەکداو خاترخوازی وەفاو دڵسۆزی لە کوردو کوردستان کردو لاشەی نازداری گلەبان کرا، تێرو تەسەلو چاولەبەری هیچ کەس نەبوو.

بەڵێ وەیشومەی خەزان شاعیری کوردایەتی، ئەدیبو مێژوونووسی بەنرخو هێژای لەدەست داین، سێبەری لەسەر زەوی رەوی، ئۆغری کرد، ئاوێنەی ژێر تونی خاکو گڵی قەبرستان (بودلق سوڵتان) ی مەهابادی زێدو نیشتمانی کراو لە تەنیشت هاورێی گیانی بەگیانی سەردەمی لاوێتیو دەربەدەری، مام هێمن (١٩٢٣- ١٨/٤/١٩٨٦)ی رەحمەتی شاردرایەوە، دڵی پڕپیاوەتیو مرۆڤایەتی لە تەمەنی (٧١) ساڵیدا لە لێدان وەستا.

بەڵام ئێمە دڵنیاین تا دنیا دنیابێ ناوی پیرۆزی لەنێو دڵی هەمو رۆڵەیەکی بەشەرەفی نیشتمانپەروەرو رۆشنبیرو شۆڕشگێڕێکی بە ئەمەکو راستگۆی رێگای کوردپەروەرایەتیدا بە زیندویی دەمێنێتەوەو مێژوومان بەشانازیو فەخرەوە، لەتەک کاروانی نەمرانی راستەقینەی میللەتەکەماندا گیانی گەورەو چاکی مەردایەتی ئەو رۆڵە جوامێرەو ماندوویی نەناسو بلیمەتە دەپارێزێ.

سروود لەگیانی پاکو هەرگیز نەمری مامۆستا هەژار.

گیانی شادبێ.*

لەندەن
١٩٩١/٢/٢٥

*گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە (١١-١٢) هاوینی ١٩٩١ ئەمەی ئێرە دەقی نووسنی ئەو کۆڕەیە کە یەکێتی نووسەرانی کورد، (لقی بریتانیا)، لەئێوارەی رۆژی شەممە، رێکەوتی ١٩٩١/٣/٢٣دا بۆ یادو رێزگرتن لەسێ شاعیرو ئەدیبی کورد (کاکەی فەلاح، حەمە ساڵح دیلان، هەژار)ی رێکخستبوو، لەلایەن خاوەن باس خوێندراوەتەوە.

شیعرو شاعیر

شاعیر ئەو مرۆڤەیە لە شیعرەکەیدا هەڵوێستو بیرو بۆچوونی یاخود گرێی نهێنییەکانی خۆی بە جەماوەرانی گەل ئەگەیەنێو لە پاشماوە سەلبیاتو عەشیرەتگەرییە کۆنو کەونەنەکان ئەپەڕێتەوە لەپێناوی ساڕێژکردنی زامەکاندا تێئەکۆشێو خۆشێو تا چەند بۆی بلوێ بەکردەوە بیانسەلمێنێ ئەوا لای جەماوەر گەورەتر ئەبێ، نموونەی ئەو جۆرانە وەك حاجی کۆیی‌و بێکەسی ئەمر.

شاعیر ئینسانە، هونەرمەندە، لەزۆربەی زۆری خەڵك زووترو زیاتر هەست بە رووداوەکان ئەکاتو لەشیعرەکانیدا بەراستی ئەیانخاتە بەر چاوو نیشانی خەڵکی ئەداتەوە، ئەو رووداو و دیمەنانە شاعیر وا لێدەکەن بیرکردنەوەی چڕوپڕتر بێو ژیانی کۆمەڵی بەرەو پلەیێکی بەرزتر بەرێ.

شاعیری مولتەزیم ئەوەیە وەکو ئاسنو پۆڵا لەگەڵ گەلەکەی یەکیان گرتووەو لەپێناوی بەختیاریو ئاسودەیی کۆمەڵگای رەنج ئەکێشێ، وەکو لای هەموانمان ئاشکراو روونە هەر هونەرمەندێ لەساتو رووداوەکانی ئەوروبەریو خواستو ئیرادەی مەسەلەی نیشتمانەوە هەنگاو بنێ مانای ئەوەیە چارەنووسی خۆی لەچارەنووسی نەتەوەکەی جودا ناکاتەوە، "نالی" لەکاتی گەڕانەوەی لەحەج، لەشام نیشتەجێ ئەبێ سۆزو خۆشەویستی نیشتمانی ئازیزی ئەی هەژێنێو ئەوپەڕی جۆشی هەڵدەستێو نامە شیعرییەکەی کە بۆ سالمی صاحێب قرانی برادەری گیانی بەگیانی کە دوای هەرەس هێنانی ئەحمەد پاشاو بانگ کردنی بۆ ئەستەمبووڵ دەنێرێ کە رێکەوتی ساڵی ١٨٤٧ی زایینی، یادوای ئەوڵا پاشای برایو دامرکاندنەوەی هێزی بەبەکان کە ئەکاتە ساڵی ١٨٥١ زایینی(١) کە هەمووی هەواڵ پرسینە لەرووداوی سولەیمانی، لەم چامە شیرینە پڕ لە سۆزو هونەرمەندییە کە تا

نێستاش بە خوێندنەوەو لێ وردبوونەوەی مرۆڤ دڵ گران دەبێ‌و خەم دایدەگرێ.
سەرەتاکەی دەڵێ:

قربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مرور
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

هەروەها دەڵێ:
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بی بەئاوو بەچاوا بکا عوبور!(٢)

بۆیە دەبێ شیعر لە کەسایەتی خۆی دانەبڕێ‌و رێگە نیشان دەری خەڵکی بێ‌و گرێ کوێرەی شتەکان بکاتەوە. بێگومان "بیری مرۆڤی توانای گەیشتنی بە زانیاری مەوزوعی هەیە، کە شێخ رەزا بە "حەقایق" ناوی دەبات، ئەم مەسەلەیەش تەنیا تیوری نییە بەڵکو پراکتیکیشە"(٣).
شێخ رەزا بەم تاکەی وەڵامی مەسەلەیێکی بنەڕەتی لە مەسەلەکانی فەلسەفە دەداتەوە..

مومکین نییە ئیدراکی حقایق بە تەواوی
مومکن نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

ئەدەبی ئەمر ئەوەیە بە گیانی برایەتی‌و خۆشەویستی نیشتمان دائەڕێژێ و یەکێتی گەل بەهێزئەکاو مرۆڤی نوێ دروست ئەکات. بۆ ئەمەش "ئەی رەقیب" کە ئێستا بووە بە سروودو وێردی زمانی هەموو لاوێکی خوێن گەرمە لە کوردستانا(٤) نموونەیەکی ئاشکرایە.

با بچینەوە لای مامەی شارەزووری، کە زۆر دڵپاکو نەرمو بێگەرد بووە. هەستی بەرزی بەرانبەر زمانی نەتەوەکەی رەنگی داوەتەوەو پایەیێکی مەزنی وەرگرتووە، نالی بۆیە شیعری بەکوردی گوتووە مایەی سەربەرزیو شانازی پێوە کردنە لەو سەردەمەدا بە جۆرێکیوا خۆی تاقی کردۆتەوە، شیعرو ئەدەبی کوردی بردوەتە شوێنێکی زۆر بڵند. نالی بەرپەرچی ئەوانەشی داوەتەوە کە وایان خستۆتە پاڵ گوایە زمانانی تر نازانێ بۆیە شیعری بە کوردی داناوە. لەوەرامی ئەوانەدا نالی خۆی دەفەرموێ:

بەکوردی شیعر وتنم هی ئەو نیە ناتوانم بەفارسیو عەرەبی شیعر بڵێم بەڵکو ئەمەوێ خۆم تاقی بکەمەوە شتێکی نوێ بێنمە ئاراوە کە تا ئێستا کەس نەیکردبێ: بەکوردی شیعر بڵێم(٥) لەوبارەوە بەڵگەی راستی ئەم رایەمان بەرچاو دەنێو دەڵی:

طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،
ئیمتیحانی خۆیە مەقسودی، لە (عمدا) وا دەکا
یا لەمەیدانی فەصاحەتدا بە میثلی شەھسوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی رادەکا(٦)

بۆیە ئێمەش شیعرێکمان دەوێ بەرگری لە میللەتو زۆربەی زۆری خەڵکی وولاتەکەمان بکاو بەگژ هەموو جۆرە چەوساندنەوەو ئازارێکدا بچێ، وشەی رەسەنو پیرۆزی وا شاعیری ئازادیخوازو دەروون بێگەردێك بۆمانی بنوسێو تۆماری بکەن، ئەوەشمان لەیاد نەچێ شاعیرمان هەن بەرهەمەکانیان هەر بۆ سەر ئێشە نووسراونەتەوەو لەچەند وشەیێکی بی مەعناو لەناوەرۆکێکی گەندەڵ پێك هاتوون. ئەو جۆرە بنیادەمانە نایانەوێ خەڵکەکە لەژیانی واقیعو هونەریو رۆشنبیری بگەن یان وا بیر دەکەنەوە کە هونەر بۆ هونەرە.

شیعری راستەقینە هەمیشە لەپێناوی خزمەت کردنو کەڵکو سوودی چینە چەوساوە ساویلکەکان نووسراوەتەوەو وەك نان پێی هەڵدەکەنو پێی دەژین، بەپێچەوانەی ئەو بنیادەمانە درووستکەری ژیانێکی واقیعو پرشنگدارو گەشاوەیە "لە سەدەی نۆزدەمی میلادیدا، شیعری مەدرەسە تەقلیدی ئەدەبی کوردی گەیشتە ئەوپەڕی بەرزبوونەوە، لەلایەن فەنی شیعرییەوە، ئەم چەشنە شیعرە بەهێزەی کوردی دوو لقی لێ بووەو، لقێکیان لە ئاسۆیەکی تەسکو تروسکا ئەژیا، شاعیر هەوڵی ئەدا کە سۆزی دەروونی خۆی بکاتە ئامانجی شیعری، دوور بێ لە کۆمەڵ، لە کۆمەڵی کورد، لەبیروباوەڕی گشتی"(٧).

بۆیە شیعر دەبێ خۆشەویستی بێ، شیعر چەکی بەرگری بێ لە جەماوەرانی زۆربەی گەل، شیعر هانمان بدا بۆ سەربەرزیو سەرفرازیو فێری ئەوەمان بکا کە بەهیواوە بۆ ژیانی دوارۆژ بڕوانین.

شیعر دەبێ فێرمان بکا لە هەوڵدان سارد نەبینەوەو لە تێشکاندا زەبوونو لەسەرکەوتنندا مەغرور نەبین. شیعر ئەمانەو زۆر شتی تری جوانمان فێرئەکا.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١-دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی مەلا کەریم مودەریس فاتیح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦، ل/٤٠.

٢-دیوانی نالی، هەر ئەو سەرچاوە، ل/١٧٤و ١٩٧.

٣-گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە (١٥) ساڵی سێیەم، کانوونی دووەمی ١٩٧٤.

٤-کەریم شارەزا، کۆیەو شاعیرانی، چاپخانەی النجوم، بەغدا، ١٩٦١، ل ١٠.

٥-دیوانی نالی، هەمان سەرچاوە، ل/٦٥.

٦-دیوانی نالی، هەمان سەرچاوە، ل/١٠٦.

٧-ئەحمەد هەردی، پێشەکی رازی تەنیایی، بەغدا، ١٩٥٧.

هەڵگێڕانەوەی تۆژاڵێك لە واتاكانی شیعرو شاعیر

شیعر لكێكە لە مەیدانەكانی ئەدەب، شاعیر بەهۆیەوە دەتوانێ هەڵوێستی خۆی بە ئاشكرا لەو رۆژگارەی تیایدا دەژیێت دیاری بكات. شیعر ئیلهامێكی كاتییەو لەقوڵایی هۆشو هەڵچوونی هەستی كاتێكی دیاری نەكراوەوە دەردەبڕێ.

شیعر پتر بەندە بەدەسەڵاتو بەهرەی سرشوتیو لایەنە زگماكیە تایبەتییەكەوە، دەبێ لەچەرخ بدرێتو مشت ماڵ بكرێت. ئەویش بە تەجرەبەو خوێندنەوەو پەروەردەو تاقیكردنەوەو زادەی مەشقو راهێنان خەلق دەبێ، هەروەها پێویستی بە چەندین هەوڵو زەحمەتو شتی تریش هەیە كە وەك سەرە رم تیژترو بەبڕشتر دەبێ كەئەگەر ئەمانە لەكار نەخران بەرەو كوژانەوەو وەستانو دواكەوتنو نەمان دەچێت یان وەكو بڵقی سەرئاوی لێدێت، شیعر تەنیا بریتی نییە لە دروست كردنی رستەو وشە ریزكردنو ستوون دانانی كێشو سەروا، ئەم تەرزە دەمەتەقەو تەسك دیتنو بۆچوونانە بەهیچ كلۆجێك مانای راستیو تەواوەتی شیعر بەدەستەوە نادەنو روو لەشیعر ناكات (مەگەر بە زۆرەملێ).

بەم پێیە هەرگیز بەبێ پاسپۆرت بە جیهانە فراوانەكەی شیعر گوزەر ناكەنو نابن بە شاعیر، چونكە بینای شیعر تەنیا هەر بەم شێوە دەربڕینانە دروست نابێ، "شیعر ئەو زمانەیە كە لەدەست گشتمان نایە قسەی پێ بكەین، زۆرجار دەبێ، مرۆڤی بیر قووڵو ورد، لێكدانەوەی بەرز، ئەندێشەو سۆزێكی ناسكی هەیە، كەچی ناتوانێ بیخاتە قاڵبی شیعرەوە،، چونكە ناتوانێ شاعیرانە وشە بەكاربهێنێ، كە دیارە بەكارهێنانی هونەرمەندانەی وشە بۆ خۆی مەرجی هەرە پێویستی شیعرە"(١).

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا شاعیرمان لەكڕیارو خوێنەری شیعر زیادە، بەرهەمیشیان لەناویان زێدەترو بڵاوترە، بەڵام زۆرێكی ئەم بەرهەمە

وەکو روونو ئاشکرایە (بەلای خوێنەری زیرەك) گیرۆدەن بەئاگری عیشقو سووتان لە میحوەرێکی کۆنەپەرستی دووقۆلی دلبەرەکانیان دەسووڕێنەوە، لەمەیش بترازێین مەنتیقو داخوازی -داوا دەکات کە بڵێین ئەم بەرهەم زۆرێو هەرەمەکییە مەرج نییە خاوەنەکانیان بکەن بەشاعیرو هەروەك مێزەرو جبە مەلا دروست ناکات، شیعر هەیە ئەمڕۆ لەدایك دەبێ کەچی پاش چەند رۆژێك، نەك تووشی پەتاو نەخۆشی گێڕێو ئیفلیجی دەبێ بەڵکو تووشی شێرپەنجە دەبێو زوو دەچێتە رۆخی گۆڕو بیرچوونەوە.

شیعری چەندین کەڵە شاعیری ئەوتۆشمان هەن وەکو: نالیو سالمو کوردیو مەحویو حاجیو شێخ رەزاو ئەحمەد موختارو بێکەسو قانیعو هەژارو هێمنو.. هتد هەمیشە لەزەینو دڵو چاوی کۆمەڵدا دەمێننەوەو دەوترێنەوە، ئێمەو بۆ تا هەتایە قەرزاری ئەو رۆڵە وەفاکارانەین.

دوکتۆر مارف خەزنەدار، لەژمارە نۆزدەی گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتدا نووسیویەتیو دەڵێ: "تاقە شیعرێکی وەکو -ئیش کە رووی ئێستا- نەوەکو تەنیا دەچێتە ناو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەڵکو جێگایەکی دیاریش لەسەر لاپەڕەکانی ئەم مێژووە داگیر دەکا، چونکە ئەمە گوڵە گەنمەو ئەوانی تر زیوانن، هەزارزیوان بەگوڵە گەنمێك ناشێ"[٢]

هەر هونەرمەندێ بەرهەمەکەی لەسەردەمەکەی دابڕا ئەوە ئەدیبێکی نامولتەزیمە (غەیرە مەسئوول) و ناشیو ترسنۆکە، شاعیری نەتەوەپەرستی رەسەن ئەو کەسەیە کە بە سەردەمەکەیەوە مولتەزیم بێ، هەست یەئێشو ئازاری ئامانجە مێژووییەکانی میللەتەکەی بکاو خۆی بۆ سوودو قازانجی نەتەوەکەی تەرخان بکات. "ئاشکرایە جەماوەری گەل شیعرێکی دەوێ باسی خۆی بکاو لێی تێبگا.. ئێمە دەبێ بۆ جەماوەر بنووسین.. هەر شاعیرێ لە جەماوەری رەشو رووتو هەژاری گەلەکەی خۆی دوور کەوێتەوە ئەوا لەمردن نزیك دەبێتەوە..![٣]

هەر نووسەرێك دەستی دایە پێنووسەکەی لەپێش ئەوەی بنووسێت دەبێ ئەوە لەپێش چاو بگرێ کە لەسەر نەتەوەکەی لەپێناو داخوازیەکانی نەتەوەکەیدا دەنووسێت، لە بابەتە ئەدەبییەکانیدا مەسەلەو رووداوە گرنگەکانی سەردەم باس بکاو رەنگدانەوەی شێلەی بیرو هۆشو باری چینایەتیو دەردو ژانی هەژاران خۆی بە بەرپرس بزانێ.

شیعر هەر ئەوە نییە بەدەنگێکی پڕ لە حەماسەت بەشداری خۆپیشاندانو بەیانی ناڕەزاییو سۆزی ئەڤینو فیکری سیاسی تیا لە قاڵب بدرێ..شاعیر ویژدانو نوێنەری راستەقینەی میللەتو شایەتی سەردەمەکەیەتی، دەبێ ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانو بەرچاو روونو دڵی بەدنیا زۆر خۆش بێ، ئاگای لەوەزعی جەماوەر بێت. لەکێشەکانی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بۆ دواڕۆژ بڕوانێ، هەوڵی پێشخستنی بدات، دەبێ بڕوا بە پاشەڕۆژو هەڵاتنی خۆری ئازادیو سەرفرازیو خەباتی بێ پسانەوە بێنێ، تەنانەت نابێ بەتەنگ سەری خۆشیەوە بێ. پیرەمێردی گەلپەروەر جوانی فەرمووە کە دەڵێ:

ئومێدی سەر لەسەر دەرکەن ئەوانەی راستو روناکن
قەڵەم هەر سەر قەڵەم، مۆم بۆ مقەست هەر بۆ ئەویش چاکن![4]

سەرچاوەکان:

١-سەباحی غالب "زمانی شیعر" مکتبە زانکۆ، سلێمانی، چاپخانەی زانکۆ، سلێمانی، ژمارە ٢، تەمموزی ١٩٧٧.

٢-دکتۆر مارف خەزنەدار، شیعری بەرزی هەندێ لە شاعیرە کەم ناسراوەکانی کورد، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، چاپخانەی دار الحافظ، ژمارە ١٩، ١٩٧٩، ل/١٢.

٣-گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری کورد لەتیف هەڵمەت، بۆی بروانە رۆژنامەی عێراق پاشبەندی کوردی، ژمارە ٣٤، لە ٢١ شوباتی ١٩٧٩، ل/٩.

٤-محەمەد رەسوڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی (العانی) ساڵی ١٩٧٠.

سەرچاوەکان

١-عەلی کەمال باپیر، (١٨٨٥- ١٠٧٤/١١/٣٠)، شاعیرە ناو ون بووەکانی کورد، سلێمانی چاپخانەی راپەرین، ١٩٧٣.

٢-ئەمین فەیزی بەگ، (١٨٦٢- ١٩٢٩)، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، ئەستەمبوڵ، چاپخانەی تەرجومان حقیقت، رەبیعولئەوەلی ١٣٣٩-١٩٢٠.

٣-عەلائەدین سوجادی (١٩٠٧ سنە/ پێنج شەممە: ١٢/١٣/ ١٩٨٤)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢.

٤-دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو فاتیح عەبدولکەریم، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، لەچاپو بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٥-دکتۆر مارف خەزنەدار، نالی لە دەفتەری نەمریدا، بەغدا، چاپخانەی (بابل) ١٩٨١.

٦- محەمەدی مەلا کەریم "نالی لەکلاورۆژنەی شیعرەکانیەوە، بەغدا چاپخانەی ئەکادیمیای عێراق، ١٩٧٩.

٧-نامەیەکی دەستو خەتی مامۆستا هەژار موکریانی.

٨-کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، کۆکەرەوە ئامادەکردنی بۆ چاپ، عەبدولڕەحمان سەعید، بەغدا، چاپخانەی دار السلام، ١٣٤٤-١٩٢٥ز.

٩-مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، چاپخانەو بڵاوکردنەوەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣.

١٠-دیوانی حاجی قادری کۆیی، ساخکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (دار الحریە) بەغدا ج، ١٩٨٩.

١١-د. فەرهاد فازیل عومەر، ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەرلین، ١٩٨٦.

١٢-گوڵبژێرێک لەدیوانی ... حاجی قادری کۆیی، چاپو بڵاوکردنەوەی، هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی (ژ.ک) خاکەلێوەی ١٣٢٢-١٩٤٣، لەشێوەی سیپارەیەك چاپ کراوە، کتێبخانەی سەیدیان سەرلەنوێ چاپی کردۆتەوە، بەڵام مێژووی ساڵی لەسەر تۆمار نەکراوە؟!

١٣-د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی (١٨٩٨-١٩٠٢) بەغداد، چاپخانەی (الاخلاص) ١٩٧٢.

١٤-گۆڤاری "روناکی" پاشبەندی کوردی رۆژنامەی "النور" ژمارە، ١٨٠، هەینی، ٢٣لا مایسی ١٩٦٩.

١٥-دیوانی حاجی قادری کۆیی، گردوکۆو بڵاوکراوەی گیو موکریانی، هەولێر، چاپخانەی کوردستان،١٩٥٣.

١٦-عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ [٢]، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٧١.

١٧-وتاری مامۆستا عەلائەدین سوجادی، لەکتێبی (یادی پیرەمێرد)دا، ئەو نووسراوو شیعرانەن کە لە ئاهەنگی چلەی دوایی پیرەمێردد خوێندراونەتەوە لە سلێمانی، لەسەر ئەرکی (یانەی سەرکەوتن) و لەژێر

چاودێری مامۆستا عەلائەدین سوجادیدا لەچاپ دراوە، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥١.
١٨-عومەر مەعروف بەرزەنجەیی، (لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی)ی ١٩٧٨.
١٩-شێخ محەمەدی خاڵ، گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٨، تشرینی یەکەمی ١٩٧٤. گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢١، کانوونی دووەمی ١٩٧٥، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کاك ئەسعەد بەگی کوڕی عەبدولڕەحمان بەگی بابان.
٢٠-محەمەد رەسوڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، بەغدا چاپخانەی (العانی)، ١٩٧٠.
٢١-دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، چاپخانەی کوردستان، چاپی چوارەم، هەولێر، ١٩٦٩.
٢٢-گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارەی (٧) ساڵی چوارەم، بەغدا چاپخانەی ماعاریف، تەمموزی ١٩٤٣. گەلاوێژ ژمارە (٥) ساڵی (٤) اغستۆس ١٩٤٣، بەغدا چاپخانەی مەعاریف.
٢٣-شاکر فەتاح، زێوەر، سلێمانی چاپخانەی کامەران، ١٩٧٤.
٢٤-دیوانی زێوەر، سۆزی نیشتمان، بەشی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٨.
٢٥-سۆزی نیشتمان، بەشی یەکەم، لە شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی، بەغدا، چاپخانەی (اللواء)،١٩٧٢.
٢٦-سەباحی غالب، "موفتی پێنجوێنیو شیعری کۆمەڵایەتی"، نووسەری کورد ژمارە ٦، بەغدا، چاپخانەی (الزمان) مارت- نیسان، ١٩٧٢.
٢٧-دیوانی قانیع، سەرجەمی بەرهەمی قانیع، چاپی یەکەم، بورهان قانیع، کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکیو پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

٢٨-ديوانی ئەسعەد مەحوی، بەشی یەکەم، چاپخانەی راپەڕین، ١٩٧٠.
٢٩-سۆران مەحوی، "مەلا ئەسعەدی مەحوی لە فەرهەنگی بەسەرکردنەوەدا"، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٦، ساڵی دووەم، کانوونی دووەم، ١٩٨٤.
٣٠-شێخ لەتیف شێخ مەحموودی نەمر، گوڵی وەریو، سلێمانی چاپخانەی راپەڕین ١٩٧٥.
٣١-نامەی قانیع، بەغدا، چاپخانەی (دار التضامن) ئەهای، ١٩٧٤.
٣٢-دیوانی حەقیقی،(١٩٠٢- ١٩٩٧/١/١٨)، چاپی دووەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ورمێ،١٩٨٨.
٣٣-گۆڤاری سروە، هەمان دەزگای چاپو بڵاوکردنەوە، ژمارە٣.
٣٤-دیوانی بێکەس، کۆکەرەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، چاپخانەی شەفیق، ١٩٧٠.
٣٥-ئۆرخانی غالب، شیعرو شاعیر، پاشبەندی رۆژنامەی (العراق) بەکوردی، ژمارە٢٨، تەمموزی ١٩٧٩.
٣٦-دکتۆر مارف خەزنەدار، شیعری سیاسیی کوردی لە کوردستانی عێراقدا...، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە، ١٥، ١٩٧٥.
٣٧-دیوانی دەستنووسی بەختیار زێوەر، مەبەست لە دەستنووس ئەوە نیە کە بەدەستو خەتی شاعیر خۆی نووسرابێتەوە، بەڵکو دەستاو دەستی پێ کراوە کە لەلایەن دۆستی بەڕێز کاك غەریب زێوەرەوە بەدەستم گەیشت، شایانی باسە، بنەماڵەی شاعیر سەرجەمی شیعرەکانی بەختیاریان لە دیوانێکدا کۆکردۆتەوەو ساڵی ١٩٨٩ دەزای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی چاپو بڵاوی کردۆتەوە.

٣٨-كاكەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەو بڵاوکردنەوەی کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٨.

٣٩-حسەین عارف، (چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠)، بەغدا، چاپخانەی دار الحریە، ١٩٧٧.

٤٠-یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی، رێکخستن‌و ئامادەکردنی بۆ چاپ، جەلال تەقی (١٩٣٩- ١٩٩٣/٤/٥)، بەغدا، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، ١٩٧٠.

٤١-دیوانی فانی، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٥، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ، کەمال میراودەلی.

٤٢-سۆران مەحوی، ناوەندە ئەدەبییەکی ئاڵۆزو ژیانی ئەدیبان، پاشبەندی کوردی عێراق، ژمارە(٣)، ٢١ی نیسانی ١٩٧٧.

٤٣-پێشەکی حەسەنی مەلا عەلی قزڵجی (١٩١٥- ١٩٨٤/٩/٢٩)، لەکتێبی "مەمو زینی خانی"ی هەژار، بەغدا، چاپخانەی نەجاح١٩٦٠.

٤٤-هەژار، بۆ کوردستان، چاپی یەکەم بیروت، چاپخانەی عیتان ١٩٦٠.

٤٥-شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار بە کوردی، چاپی دووەم، بە ئۆفسێت لەبەر چاپەکەی نەجەف‌و لە چاپخانەی جەواهیری لەتاران ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی/١٩٨١ زایین لە چاپدراوە.

٤٦-کۆمەڵەی (ژێ. کاف) چ بوو؟ چی دەویست؟و چی لێ بەسەرهات؟ ئامادەکردنی: سەید محەمەدی سەمەدی، مەهاباد، ١٣٦٠ هـ، ١٩٨١ز.

٤٧-مەسعود محەمەد، مرۆڤ‌و دەوروبەر، بەشی دووەم، بەغدا، چاپ‌و بڵاوکردنەوەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٨٤.

٤٨- کەریم شارەزا، کۆیەو شاعیرانی، چاپخانەی النجوم، بەغدا ١٩٦١.

٤٩-ئەحمەد هەردی، پێشەکی رازی تەنیایی، بەغدا ١٩٥٧.

٥٠-سەباحی غالب، زمانی شیعر، مکتبە زانکۆ سلێمانی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٢)، تەمووزی ١٩٧٧.

٥١–دكتۆر مارف خەزنەدار، شیعری بەرزی هەندێ لە شاعیرە کەم ناسراوەکانی کورد، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، چاپخانەی (دار الحافظ)، ژمارە١٩، ١٩٧٩.

٥٢–گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری کورد، لەتیف هەڵمەت، پاشکۆی کوردی عێراق، ژمارە ٢٤، شوباتی ١٩٧٩.

٥٣–کەریم شارەزاو جەبار جەباری، ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناغی دوای حاجی قادری کۆییە، چاپخانەی شارەوانی هەولێر ١٩٧٤.

ژیاننامەی
ئەو شاعیرو ئەدیبو نووسەرانەی
لێرەدا یادیان کراوەتەوە

سەرپاکیان لە گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانی نێوخۆی ولاتو دەرەوەی ولاتدا چاپو بلاوکراونەتەوە کەوا لێرەدا بەرەو خوار بۆ زانین ناوی سەرچاوەکانیان تۆمار دەکەین.

*نالی، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە(١٥)، لەندەن، فێبریوەری ١٩٢٢.

*حاجی قادری کۆیی، مەڵبەند، بلاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیری کوردە لە لەندەن، ژمارە (٦٣) سبتمبر ١٩٩٥.

*حاجی قادری مرۆڤو دیموکراتیخوازو رابەری بیری مرۆڤایەتی، مەڵبەند، بلاوکراوەی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد، لە لەندەن، ژمارە ٨٤، نۆڤمبری ١٩٩٧ خەزەلوەر، سەرماوەز، ٢٦٠٩ی کوردی.

*پیرەمێرد، شۆرەسوارێکی نەمر، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢١) ١٩٨٤.

*مەلای گەورەی کۆیە، زاناو بلیمەتی کورد، رۆژنامەی کوردی پاشکۆی (العراق)، ژمارە (٢٥)، مارتو نیسانی ١٩٧٩، ئەم باسە جارێکی دی بە ئۆفسێت لەبەر چاپەکەی پاشبەندی عێراق، لەئێران چاپ کراوەتەوە، بڕوانە: گۆڤاری گرشەی کوردستان، ژمارە (٨)، تاران ١٩٨١.

*زێـوەر، یـادەخۆری راسـتیو دێوانـەی ژیـانی مەردایـەتی، گۆڤـاری کاروان، ژمارە (٢٧) ١٩٨٤.

*موفتی پێنجوێنـی شـاعیرو ئاشـتیخواز، رۆژنامـەی هاوکـاری، ژمـارە ٦٩٧، ٦٩٨، ١٩٨٣.

*ئەسیری شاعیری شەیدای گەلو نیشتمان، هەواڵنامەی مەڵبەند، ژمارە (٧٠)، مایسی ١٩٩٦، بەشی دووەم، مەڵبـەند، ژمـارە ٧١، حوزەیرانـی ١٩٩٦، لەندەن.

*مەلا ئەسعەدی مەحوی، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە (١٤)، ١٩٢٢ لەندەن،

*قانیع شاعیری میللیو چەوساوەکان، پاشبەندی کوردی عێراق، ژمارە (٢١)، تشرینی دووەمی ١٩٧٨.

*حەقیقی، گۆڤاری خەرمانە، ژمارە (٧) ١٩٩٣ سوێد.

*فایـەق بێکـەس، گۆڤاری کـاروان، ژمـارە (١٦) سـاڵی دووەم، کـانوونی دووەم، ١٩٨٤.

*بـەختیار زێـوەر، بەشـی یەکـەم، مەڵبـەند، ژمـارە (٢٣)، دیسـەمبەری ١٩٩١. بەشی دووەم، مەڵبەند، ژمارە (٢٤)، جانوەری ١٩٩٢ لەندەن.

*شیعرێکی بڵاونەکراوەی بەختیار زێوەر، گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە (٥) خولی دووەم ناوەڕاستی ١٩٩٠ لەندەن.

*مامەند ئاغای فانی، گۆڤاری رابوون، ژمارە ٢٤ی ١٩٩٨ سوید.

*شێخ لەتیفی حەفید، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٨) ١٩٨٣.

*مامۆستا هەژار شاعیری شۆڕشگێڕو ئـەدیبی دەستو قەڵەم ڕەنگینـی کورد، بەشی یەکـەم، ژمارە (٩)ی رۆژنامـەی بـارزان، فێبریوەری ١٩٩٢، بەشی دووەم، ژمارە (٢٢)ی بارزان، ئاگوستی ١٩٩٦ ئەمەریکا.

*کۆچی دوایی مام هـەژار، گۆڤاری مامۆسـتای کـورد، ژمـارە (١١-١٢)، هاوینی ١٩٩١ سوید.

ئەمـە لـێرە دەقـی ئـەو نووسـینەیە کـە لـە ئێـوارە کۆڕێکـی یـەکێتی نووسـەرانی کـورد (لقـی بـەریتانیا)، رۆژی شـەممە، ڕێکـەوتی

١٩٩١/٣/٢٣دا بۆ یادو ڕێزگرتن لە سێ شاعیرو ئەدیبی کورد (کاکەی فەللاح، حەمە سالح دیلانو هەژار)ی ڕێکخستبوو، لە لایەن خاوەن باس خوێندراوەتەوە.

*شیعرو شاعیر، پاشبەندی عێراقی کوردی، ژمارە (٢٨)، تەمووزی ١٩٧٩.

*هەڵگێڕانەوەی تۆژاڵێك لە واتاکانی شیعرو شاعیر، مەڵبەند، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن، ژمارە (٢١)، نۆڤەمبەری ١٩٩١.

ماڵی کوردێ نیە کوڕ کوژراو نەبێ
ڕوویان لە ئاسۆو دڵ پەشاو نەبێ
وامن بەخوێنی گیانی شیرینم
کۆتی دیلێتی هەر ئەپچڕێنم

بەرەی شەڕی گەرووی ئۆمەرئاغا ١٩٧٤/١٠

کاتێ گفتوگۆ ئەکەم، لەگەڵ ژیان
زەردەخەنەی سەرلێوم ئەبێتە ژان
تاکو "ئازادی" دەنگ نەداتەوە
بەستەو گۆرانی "دڵ" ناکاتەوە
١٩٧٤/١٠/١٠ زۆزگ

ئاسمان تاریکەو لێڵە، یا بینایم کوێرە؟
دوکەڵی ناپاڵمەو دەست ڕێژی شەستیرە!
هەڵسن بسێنن تۆڵەی ئەو خوێنە ڕژاوە
لەشاری قەڵادزەی شەهید مێشك پژاوە
ڕاکەن بەسەر مێشکی سەری لاشەی دوژمنتانا
کارێکیان پێ بکەن، بێ حورمەت بن لە ژیانیانا.
نیسانی ١٩٧٤ ماوەت

ڕۆڵەی دایکی کوردستانی پیرۆزم
وەك پکشۆی گەشی ئاگری نەورۆزم
پەروانەی عاشق سووتاوی چرایە
من سووتاوی عەشقی گەڵو هۆزم
هەرگینەی پێنجوێن/ ١٩٧٥

خاکو ئازادی
لەپێناو خاکو سەربەستی، لەدیلی دەستی زۆرداری
ئەنێین هەنگاو بەیەکسانی بەرەو مەڵبەندی رزگاری
بەخوێنی گەش ئەنووسین، هەر ئەگەین ڕۆژێ بە دڵشادی
ئەژین، ژینێکی سەربەستی، ئەچێژین تامی ئازادی
١٩٧٤

وێنەیەك لەبەهاری کوردستان[1]
١٩٧٥ سلێمانی

لەباوەشی خاکا سەرت هەڵداوە
سەرەتای ساڵی، گوڵت هێناوە
نێرگز پێکەنی دڵی لەتاوا
سووتاوی بەتیشکی گەرمی هە تاوا
وەك قەوسو قەزەح گوڵی سەوزو سوور
لەسەر سنگی خاك دیارە لەدوور
زەوی بەگشتی گوڵو گوڵزارە
چریکەی بازو کەو و کەوبارە
بەرگی پۆشیوە شۆخی ڕەنگاو ڕەنگ
مژدەی هێناوە بیکەین بەئاهەنگ

لەسەر کوێ مەیە بەهاری لێو ئاڵ
جوانی ئەبەخشێ بە کوڵمی منداڵ
ئەی شا گوڵی جوانی نازەنین
گوڵ بەدەم ڕوو بە پێکەنین
پێویستە ئێمە هەموو بەهارێ
بگێڕین بەزمێ لەگوێ کەنارێ
شنەی شەماڵ ئەدا لەڕوومان
بەجۆش ئەبزوێنێ دڵو دەروونمان
بەڵام من مەست بەخۆشی بەهار ناکەم
چونکە دڵ ناشادە ڕوو لەگەشت ناکەم

---

(١)لەژمارە (٤٢٣)ی هاوکاری ١٩٧٨دا بڵاوکراوەتەوە.

دڵدارەکانی سیناو جۆلان[1]

١٩٧٨/٦

مرۆڤەکان
دەزانن کەی "دڵ" شاد ئەبێ!!
دەزانن ئەسرین
کەی لە چاوان وشك دەبێ!
دەزانن هیوا
کەی پێ دەگرێ!
دەزانن سروشت
کەی خەندەی سەرکەوتن دەگرێ!
بۆ دڵداریو خۆشەویستی
بۆ سەرفرازیو بۆ سەربەستی
کاتێ

بیری نوێو خوێنی دڵسۆزان
ڕێکخستنو سەرکردەتان
بخەنە کار
لەگشت لایە
لە سیناو لەجۆلان، لە کوردستان
کە سەهۆڵبەندانی ژێردەستی.. توایەوە
گیانی شەهید لەژێر عەردا بووژایەوە
پەلەوەران بۆ لانەیان گەڕانەوە
"نالی" بۆ شارەزووروو لای "حەبیبە" گەڕایەوە
ئەڵوەند بەخاکی خانەقینی دەزگیرانی گەشایەوە
ئەوسا (دڵ) شاد دەبێ
مەمك لە منداڵان حەڵاڵ دەبێ
دولبەر بۆ عاشقی بەراستی خۆی زوڵاڵ دەبێ
لێوی جوانیش زەردەی میوان دەبێ
تا بەگشتی
ژیانو ئازادی بۆ
ئینسانی چەوساوەی هەموو جیهان دەبێ

(١)لە عێراقی کوردی ژمارە (٣١) تشرینی یەکەمی ١٩٧٩دا بە ناتەواوی بڵاوکراوەتەوە.

لەگەڵ هەرەسی شۆڕشی ئەیللول، کۆمەڵێ شیعرم فەوتا، ئەمانەی ئێرە تەنیا بەنیازی یادکردنەوە، لەبیرکردنەوەی خۆمەوە نوسیوومن، وەختێ ئەم باسەم بۆ مام هەژاری رەحمەتی گێڕایەوە وتی (بەخودای پێم خۆش بو...) مەبەستی مام هەژار ئەوە بوو بڵێ شیعرو شاعیرمان زۆرن، پێویستمان بە پەخشان نووسی هەیە، پێم وایە هەر ئەویش بە پلەی یەکەم وازی پێ لە شیعر هێنام. سوپاسی ئەکەم.

سوپاسو پێزانین

ئەگەر هیمەتی جوامێرانەو هەستی برایانەی کامەرانی برام بۆ چاپکردنی ئەم چەند پەلکە نووسینەم نەبوایە، رەنگ بوو وا بەئاسانی چاوی بە رووناکی چاپ هەڵنەدەهێنا. شایانی ئەوەیە لەکانی دڵمەوە سوپاسی دەکەم، لەپاڵ ئەوەشدا دەخوازم وێنەی برای دڵسۆزو مرۆڤی بە ئەمەکو هوشیارو زرنگ لەنێوان کورداندا هەر لە برەوو زیادبووندا بێ.

لەسەرمە سوپاسی ئەم برا ئازیزانەشم بکەم، کە وێنەی سێ لە شاعیرانی ناو ئەم نامیلکەیەمان لەکاتی خۆیدا بەدیاری بۆ ناردم، مامۆستا سۆران مەحوی وێنەی مامۆستا مەلا ئەسعەدی مەحوی بۆ ناردم، کاک عەتا پێنجوێنی وێنەی موفتی پێنجوێنی بۆ ناردم، دکتۆر یوسف زەنگەنە وێنەی مامۆستا هەژاری بۆ ناردم.

ئۆرخان